# هەڵسەنگاندنێکی بەراوردییانەی سیاسەت و تواناکانی هەرێمی کوردستان لە دۆخی ئاڵۆزاوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا

**محەمەد کەریمخان**، دکتۆرای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران

**پوختە**

ئەم نووسینە بە چاوێکی ڕیالیستی، لە چوارچێوەی "تیۆریی ئاڵۆزی" (Theory Chaos)دا کە لە سیستەمە ئاڵۆزەکان دەڕوانێت، سێرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو گۆڕانەی کە لە ئەلگۆریتمی سیستەمی جیهانیدا ڕوویان داوە، دەگرێت. لەو کۆلانکەوە، لە کەشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە، سەیری دوورەدیمەنی داهاتوو دەکات و بە مێتۆدی شیکاری-وەسفی، سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ تواناکانی خۆی و هێزە وێکچووەکان لە ناوچەکەدا بەراورد دەکات. هەروەها هەوڵ دەدات وێنەیەکی دروست، بە ئامانجی دانانی سیاسەتێکی نوێ، وێنا بکات. لە ئاکامدا دەگاتە ئەوەی کە کورد بە گۆڕینی ڕەفتار و چەند کارێکی بچووک، دەتوانێ کاری کاریگەرانە بکات.

**پرس**

سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و قووڵاییی قەیرانەکانی ئەمڕۆکەی جیهان شتی ئاڵۆزاو و پێچەڵپێچن، کە پێشبینییان کارێکی ئاسان نییە. بەتایبەتی لە دوای جەنگی سارد، کە سیستەمی نێودەوڵەتی بەهۆی فرەگۆڕاوییەوە (Variables) ئاڵۆزییەکی بەرچاوی تێ کەوتووە، ئیشی شیکاری (ئانالیز)یشی ئەستەمتر بووە. لەم کەشە تۆزاوی و ئاڵۆزەی سیاسەتی جیهانیدا، دەستوەردانی زیاتر لەناوخۆی وڵاتان و دروستبوونی ئەکتەری نادەوڵەتی لەناو یەک دەوڵەتدا و داهێنانی نوێ و گلۆبالیزەیشن (بەجیهانیبوون)، بوونەتە هۆی تەماویبوونی پتری سیاسەتی نێودەوڵەتی. لەو ناوەدا ئاڵۆزی و پێچەڵپێچی بۆتە مارکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تێیدا کێشە و قەیرانە ئەمنییەکان، کە هۆیەکی ستراکچەرییان هەیە، بوونەتە دیاردەیەکی چەرخەیی و پێریۆدیک (خولی)ی ناوچەکە. لەو ئاڵۆزییەدا گرینگە وڵاتێک بتوانێ "بەری خۆی لە ئاو بێنێتە دەرێ" و تەکووز بە ژیانی سیاسی و ئابووریی خۆی بدات. جێی سەرنج ئەوەیە کە هەندێک وڵات و نەتەوەی پەرەنەسەندووی ناوچەکە هەن کە وێڕای داماوی و کێشە زۆروبۆرەکانیان لە بۆرانی سیاسەتدا، هەر ڕاوەستاو ماون و تەنانەت لە هەندێک بواردا "دەراوی ڕوونیان دیتۆتەوە" و بە کارێکی بچووک کاریگەرییەکی گەورەیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێناوەتە دی.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوویەکی نزیک دەر دەکەوێ، کە خاکی کوردستان لە ئاکامی گۆڕانی ژیۆپۆلیتیکییەکەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم خاکی لێ پارچە پارچە کرا. بەڵام، لە گۆڕانە جیۆپۆلیتیکەکەی دوای جەنگی سارد، لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداو، لەوپەڕی بێتەکووزی و ئاڵۆزیی

ناوچەکەدا، وەک یەکەیەکی سیاسی و ئەکتەرێکی کاریگەر هاتە کایەوە و بە چەند توانایەکی نزمەوە تەکووزێکی نوێی ناوچەیی داهێنا. وێڕای هەموو مەترسییەکان، ئەم تەکووزەی کە لەناو تەمومژی بێنەزمیدا پەیدا بووە، دەکرێ ببێتە وانەیەک بۆ ئەوەی لەم بشێوییەی ئێستای سیاسەتی جیهانی و شێواویی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، کورد تواناکانی خۆی بەپێی سیناریۆکانی ئایندە وەگەڕ بخات بۆ ئەوەی نەک هەر بمێنێتەوە، بەڵکوو وەک ئەکتەرێکی کارا و کاریگەر بەرەوپێش بچێت.

ئەگەر بەراوردێکی واقعیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تواناکانی خۆی و نەتەوە گرفتارەکانی هاوشێوە بکەین، دەبینین کە کورد بە گوێرەی تواناکانی، دەیتوانی و دەتوانێ لە هەندێک بواردا باشتر بێت. لەم نووسینەدا بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسیارەی کە "هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێ لە بێتەکووزیدا بەرەو نەزمێکی کارا بڕوات؟" ئەم گریمانەیە، لە چوارچێوەی تیۆریی ئاڵۆزیدا بە میتۆدی شیکاری و وەسفی، تاوتوێ دەکرێ کە کورد دەتوانێ بە سیاسەتی بەراوردکردنەوە ئەزموونی بەجێ لە ڕابردووی خۆی و نەتەوە تێکەوتووەکانی هاوشێوەی خۆی وەربگرێت. بەو ڕێڕەوەدا نووسینەکە دەیەوێ بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو شێواوییەی ئێستا لە سیاسەتی جیهانی، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، هەیە، ئەگەر بە پشتبەستن بە زانست، لۆژیک، ئەزموون و وانەوەرگرتن هەنگاوی بچووکیش بنرێت، لە گۆڕانکارییەکانی ئایندەدا کاریگەریی گرینگی دەبێت.

**بونیادی تیۆریک**

بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئایندەدا، پێویستە مۆدێلە ڕەفتارییەکانی سیستەم لە ئاستی گشتی و باڵادا بناسرێن، بۆیە گرینگە ناوکی تیۆریی ئاڵۆزی (Chaos Theory) ببینرێت. گرینگیی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە تیۆرییەکی ئاڵۆزاوی بیرکارییە و لە هۆکارە بچووکەکان بۆ ڕاڤەی ڕووداوە پڕپێچ و لەناکاوییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوت و ئامانج و ئاکام هەیە، دەڕوانێت. تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە جۆرە کاملبوونێکی بەرەبەرەیی، گۆڕانی قۆناغ بە قۆناغی پێوەیە.

ئاڵۆزی وەک وشە بە مانای بێتەکووزی و ناڕێکییە، بەڵام لەناو زانستدا، بە دیدێکی فراکتالی (Fractal) بە مانای نەزمێکی نادیار لەناو بێنەزمیدا دێت. (Moshiri, 2001: 30) ئەم بێنەزمییە لەناو سیستەمەکانی دینامیکی و سیستەمی خەتی و بزۆکیشدا دەدیترێت، کەچی جۆرە نەزمێکی دەروونییشیان پێوە دیارە. (Maan,1992:58) بەپێی یاسای دووەمی تێرمۆدینامیک دۆخی ئانترۆپیش (Entropy) کە ئەوپەڕی بێنەزمییە، بە گوێرەی پاڕادایمی خۆسازدانەوە، خاڵی هاوسەنگیی تێدایە؛ بۆیە نەزم و بێنەزمی بەسەختی لێک جیا دەکرێتەوە.

ئێستا لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی پۆزیتیڤیستیدا (Positivism) گۆڕینی ڕێڕەوی بیرکردنەوە لەناو پاڕادایمی کلاسیکیی نیوتۆنیدا، کە پێی وایە سیستەمەکان یاساوەرگر، ڕێک و ڕەها و شیاوی پێشبینین، بۆ بیرکردنەوەیەکی کوانتۆمی، کە نەزم و بێنەزمی بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت، گۆڕاوە. لە پاڕادایمی نیوتۆنیزمدا هەموو ڕووداوێک هۆکارێکی خەتی و دیاری هەیە؛ لە پاڕادایمی کوانتۆمیشدا جگە لە هۆکار و بەرهۆی زیاتر (Causality) بە شێوەیەکی ناخەتی ڕەنگە بزاوتێکی بچووکیش لێکەوتی گەورەی هەبێت. (Sahfie and Motaqi, 2021: 208) واتە، وەک یاساکانی تێرمۆدینامیکی، ناکرێ شتی بەڕێکەوتیان تێدا بێت، چونکە پاڕامەترە سەرەتایی و سەرەکییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوە ئاڵۆزەکان هەیە و

لەوانەیە گۆڕینی خێرا و شۆڕشئاسای بەدوادا بێت.

تیۆریی ئاڵۆزی لەناو بیرکاری و فیزیا و زانستی سروشتیدا، بە کەمێک جیاوازییەوە، خزاوەتە ناو زانستە پراکتیکی و مرۆییەکان کە شتێکی پڕدینامیک و "زۆر ئاڵۆزترن لەچاو سیستەمی فیزیکی." (White ad) ed, 1997) لە زانستی مرۆییدا، ئاڵۆزی، مۆدێلی ڕەفتارێکی ناهاوسەنگ و ناڕێکخراوی پچڕپچڕی ناخەتییە کە لەناو سرشت و کۆمەڵی مرۆڤدا هەیە و بەهۆی جۆراوجۆربوونی سیستەمەکان و خێرا گۆڕینیان پێشبینییان ئەستەمە. (Stacey, 1993: 13) بۆیە ناکرێ بە دیدێکی دێتێرمینیستی، پێشوەختە دیاری بکرێن و مەرج نییە هەمیشە ڕووداوەکان گرێدراوی دۆخی ڕابردوو بن. ئاڵۆزی وەک تیۆرێکی سیاسەتی گشتی، تاوتوێی سیناریۆکانی داهاتوو و شرۆڤەی کاریگەریی هۆکارە بچووکەکان و ڕاڤەی ڕووداوە پڕپێچ و لەناکاوییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر دەرەنجام هەیە، دەکات. (Faber and Koppelaar, 1994: 421) بەتایبەتی لە کاتی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا تێگەیشتنێکی وردتر و ڕوونترمان پێ دەدات.

بەپێی ئەو ئاڵۆزییەی کە لە دوای جەنگی سارد لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی لە ناوچەی جیۆستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، پەیدا بووە، هەروەها بەو ڕوانگەیەی کە دۆخی سیاسیی کورد، هەروەک سیستەمی نێودەوڵەتی، بە شێوازی خەتی ناخوێنرێتەوە، ئەم تیۆرییە وەک میتۆدێکیش بۆ شیکاریی درێژمەودا بەکار دێت و دیدگەیەکی دیکە بۆ ئانالیزی سیاسەت و ستراکچەری هێز دەکاتەوە.

**شێوازی بەراوردکاری**

بەپێی مۆدێلی ئاڵۆزی، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی کات و شوێن و بەستێن دەگۆڕدرێن و، ناکرێ لەناو دونیای مۆدێرنیتەدا یەک فۆرمۆڵی گشتی و جیهانی بۆ شیکردنەوەی هەموو شوێن و شتێک دابنرێت. چونکە دۆخ و هەلومەرجی جوگرافی، مێژوویی، بایۆلۆژی، ئەتمۆسفێر (کەشوهەوا) و فەرهەنگی کۆمەڵگەکان لەیەکتر جیاوازن. بەو نیگایە، پێویستە هەر وڵاتەی بەپێی ستراکچەر، پۆتانسیەل (توانای پەنگخواردوو) و دوورەدیمەنی عەقڵانیی خۆی سیاسەت داڕێژێت؛ هەرچەندە لە هەندێک شتی جیهانپێوی گونجاودا نیگای بەراوردکارانە دەرگەی نوێ بۆ ئانالیز دەکاتەوە. بۆیە هەندێک جار پێویستە زانستی سیاسەتی بەراوردی، نموونەسازی بکرێت.

لەو ڕێگوزەرەدا، زۆر جار ئاڕمانگەرایان بەراوردی وڵاتانی ناهاوشێوە بە شێوەیەکی ئایدیالیستانە دەکەن. بۆ نموونە بەشێک لە ڕووناکبیرانیش بەهەڵە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی پەرەسەندووی ڕۆژاوادا بەراورد دەکەن کە مێژووی هزرییان چەندسەد ساڵە. ئەوان لە کەشی بەجیهانیبووندا ئاگاییەکی ڕواڵەتییان لە پێشکەوتنی ئێستای ئەوان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستیی سیستەماتیک و خوێندنەوەی ڕەخنەیی و گوماندار لە ترانسفۆرماسیۆن و ستراکچەری مێژوویی کۆمەڵگەکە و دیاگرامی دێموگرافیک و چۆنێتی و ڕێڕەوی سەرکەوتنیان قووڵ نەبوونەتەوە.

هەندێک جاریش، لە بەراوردێکی ناڕیالیستیدا، دۆخی ئێستای وڵاتێک لەگەڵ دۆخی پێشتری خۆی بەراورد دەکەن. لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی خۆیاندا قۆناغێک بەرەوپێش چوون. دروستەکەی ئەوەیە ئاستی پێشکەوتنەکە بەپێی توانا و سەرمایەی دەورەیەکی دیاریکراوی وڵاتەکە لەگەڵ توانا و سەرمایەی ئێستایدا بەراورد بکرێت. هەروەها دەبێ توانا و داهاتی وڵاتێک، لە سەردەمێکی

دیاریکراودا، لەگەڵ توانا و سەرمایەی وڵاتێکی ویکچوو، لە هەمان کات و دۆخدا، بەراورد بکرێت؛ یان لانی کەم بوارێکی وڵاتێکی هاوشێوە لەگەڵ بوارێکی خۆتدا لە یەک بارودۆخدا بەراورد بکەی. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین بۆچی لە وڵاتی کوێت لەو سەردەمەدا، کە هەمان فەرهەنگی عەرەبیی تێدا زاڵە، پۆزیسیۆن (Position/ دۆخ/ حاڵەت) و ئۆپۆزیسیۆن (opposition) بەیەکەوە ژیانی سیاسییان بەبێ کێشە دەبەنە سەر.

لە مەیدانی ئابوورییەوە، بەراوردێکی واقعییش لەلایەن "مایکڵ پۆرتر" خراوەتە ڕوو. لەو بەراوردەدا، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تواناکانی خۆت، بەهێزترین خاڵی ڕکەبەرایەتیی خۆت لەگەڵ تواناکانی دیکەتدا بەراورد دەکەیت (Competitive Advantage) بۆ ئەوەی بزانی لە کام بواردا خاڵێکی ستراتیژیک هەیە کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن. (Porter, 1985) جگە لەم بەراوردانە، لە بەراوردێکی وانەیی و وێنەسازدا وڵات و کۆمەڵگە و حکوومەتێک لەگەڵ وڵاتێکی هاوشێوەدا بەراورد دەکرێت بۆ ئەوەی جگە لە ئەزموونوەرگرتن، تواناکانی گۆڕینیش دەرکەون.

**نموونەی بەراوردێک**

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ئیسرائیل لە ڕووی هێز و گەشەسەندنەوە شیاوی تێبینی و توێژینەوەیە. بەڵام، زۆر کەس لە بەراوردێکی نادروستدا دۆخی کورد لەگەڵ چۆنێتیی داکەوتن و سەرکەوتنی ئیسرائیل، کە لە دۆخێکی ئاڵۆزدا هەستانەوە سەر پێ، بەراورد دەکەن؛ لە کاتێکدا ستراکچەر و بەستێن و توانای پێگەیشتنی ئەوان لەگەڵ زەمینەی مێژوویی کوردستان جیاوازە. جوولەکەکان (یەهوودییەکان) لەمێژە لە ڕۆژاوا و زۆر وڵاتی بەهێزی جیهاندا دەژین و ئەزموونی شارنشینی و فرەکەلتوورییان تێدایە. بەشێکی زۆری فەیلەسووف و زانایانی دونیا جوولەکە بوون و ئێستا خاوەنی 12 خەڵاتی نۆبڵن. بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم، ئەوان کێشەیەک بوون بۆ بەشێک لە وڵاتانی جیهان، بەڵام بە دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ ئیسرائیل، هەم کێشەی جوولەکە لە ڕۆژاوادا چارە کرا، هەم لە گۆڕانێکی جیۆپۆلیتیکیدا بەرەی ڕۆژاوا لە ناوچەکەدا بەهێز کرا. تەنانەت یەکێک لە مەبەستە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پاراستنی ئیسرائیلە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕووی پێگەی جیۆپۆلیتیکییەوە لە ئاستی جیهاندا هێزێکی بڕیارسازە. لە ڕووی پەرەسەندنەوە، ئەزموونی دیموکراسیی ئیسرائیلی و پێشکەوتنیان، لە وارگەلی پیشەسازی، کشتوکاڵ، ژینگە، پزیشکی، توێژینەوەی زانستی و داهێنان، نوخبەپەروەری و ڕاکێشانی زانایان، ئامادەکردنی هێزی کاری لێزان، گەشەی ئابووری، هێزی سەربازی و سیاسەتی دەرەوە، جێی سەرنجە.

بەو هەڵسەنگاندنە، ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەئاسانی شیاوی بەراورد نییە. ڕەنگە بە گوێرەی کەلتوور، بەستێنی مێژوویی، هەرەمی دێموگرافی، پەرەنەسەندوویی و تەوژمی قەیرانەکان ئێستا کورد زیاتر لەگەڵ فەڵەستینییەکان بچێتە تەرازووی بەراوردەوە. گەلی فەڵەستینی وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و کێشەیەکی زەقی نێودەوڵەتی، لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێزدا شەڕیان هەیە کە زلهێزێکی هەژموونگەرای وەک ئەمریکایان لەپشتە. بەشێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش چاویان بڕیووە خاکەکەیان و هەندێک لەو دەوڵەتانەی کە بەڕواڵەت خۆیان بە پشتیوانی فەڵەستین دادەنێن، ڕێگە نادەن ئاوارەیەکی فەڵەستینی بچێتە وڵاتەکەیان و تەنانەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سوود لە پرسی فەڵەستین وەردەگرن.

فەڵەستینی لەناو خۆیاندا نەک هەر بوونەتە دوو پارچە، بەڵکوو جگە لەوەی بەشێک لە فەڵەستینییەکان لەناو

دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەژین، خاکی ناوچەکانی غەزە و لای ڕۆژاوا بەسەریەکەوە نییە. لە ڕووی ئابوورییەوە، وێڕای گەندەڵییەکی سیستەماتیک و ناشیاوگەری و بەشینەوەی پۆست لە نێوان خزم و دۆستان، بەشێکی ئابوورییە ڕانتییەکەیان گرێدراوی ئیسرائیله و بەشێکی دیکەی لەلایەن یەکێتیی عەرەب و یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا دابین دەکرێت کە نەبۆتە هۆی پێشکەوتنیان، بەڵکوو پێ دەچێت زیاتر چووبێتە بواری سەربازی. بەشێکیش لە هێزە پرۆکسییەکەیان، کە بەرەو توندرەوی چوون و سیاسەتی مەعنەوییان بردە پێش و لە ئاکامدا خاک و دەسەڵاتیان لەدەست دا. بەو تێڕوانینەوە، "کەشتییەک ئەگەر نەزانێ بەرەو کام کەنار دەڕوا، هەر بایێ بۆی دەبێتە بەلایێ."

سەرەڕای ئەو هەموو لاوازی و هەڵەڕۆیی و شکستە، ئەگەر بە چاوێکی بەراوردکارانە لێی بڕوانین، دەبینین ئەوان لەناو تۆف و کرێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆر جار هەنگاوی ئەرێنی و کاریگەر و کارا داوێن و لانی کەم لە هەندێک بواردا توانیویانە بەرەوپێشەوە بڕۆن. ڕاستە فەڵەستین پشتیوانییەکی ناوچەیی، هەر لە جووڵانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لە هیند تا پاکستان و ئێران و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی هەیە، بەتایبەتی لە دوو ناوچەی جیۆستراتیژیکی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، واتە میسر بە پشتیوانی لە گرووپی فەتح و حکوومەتی خۆبەڕێوەبەر و، هەروەها ئێران بە پشتیوانی لە گرووپی حەماس و جیهادی ئیسلامی، کاریگەرییان لەسەر پرس و ڕەوتەکانی فەڵەستین هەیە، بەڵام لە کار و کردەوە و سیاسەتە خۆکردەکانی خۆیان، لە ناوەوە و دەرەوەدا، هەنگاوی جێی سەرنجیان هەڵێناوە.

وێڕای بینینی ڕەهەندە جیاوازەکان، بەتایبەتی پێگەی جیۆپۆلیتیکیی فەڵەستین، دەبینین ئەوان لە ئاوارەییدا ئەدەبیاتی بەرخۆدان و بەرگریی نۆرمئاسا باو کردووە. لە حکوومەتی ناوچەییدا دەستووریان داناوە و کورسییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنسکۆدا هەیە و بوونەتە خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی. لە هەمووی کاریگەرتر، پەیوەندییەکی بەرچاویان لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتییە نێونەتەوەییەکان (NGO) هەیە و دەیان دامەزراوەیان لە ئەورووپادا هەیە. لە واری زانستیدا ڕکەبەری دەوڵەتانی عەرەبین. بەشێکی بەرچاوی قوتابیانی فەڵەستینی لە دەرەوەدا کەسی پێگەیشتوون. ئەوان بە پارە، یان بە هەر شێوەیەک بێت، هێزێکی زانکۆییان لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە کە نموونەکەی لە زانکۆکانی ئەمریکادا دەبینین. ڕیزبەندیی هەندێک لە زانکۆکانی فەڵەستین (2024) لە زۆر زانکۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەسەرترە. نوخبەکان (بژاردەکان)ی دەرەوە و فەڵەستینییەکانی (1948)، کە لەناو سیستەمی ئیسرائیلدا خوێندوویانە، بوونەتە ڕاوێژدەری حزب و دەسەڵاتی فەڵەستین. لە ڕووی سەربازییەوە، هێزی چەکداری خۆیان باوەڕمەند کردووە و بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامادەن هەر تێچوویەک بدەن. سەرەڕای شەڕی ناوخۆیی، لە تەنگاویدا تواناکانیان یەک دەخەن.

**لێکدانەوە**

لە مەیدانی کۆمەڵناسیدا، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ڕەفتارناسییەوە، خاڵە لاوازەکانی کورد جێی باسن. کورد لەمێژە هزری سیاسیی هاوردە کردووە، بەڵام چونکە هەموو شتێک بە سفر یان سەد دەبینێت، کورد پتر لەوەی کێشەی زانستی سیاسی هەبێت، کێشەی ڕەفتاری هەیە. کورد لەمێژە لەگەڵ هزری سیاسیدا ئاشنایە، کەواتە ئەوەندەی کێشەی ڕەفتاری هەیە ئەوەندەی کێشەی دەستگەیشتن بە زانستی سیاسی نییە. بۆیە لە دوای نیزامی پارتیزانی و شۆڕشی کوردی، کاتێک دۆخێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان هاتە دی، لە ناوخۆدا وەک نیزامی حوکمڕانی ڕێک نەخراوە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەو لاوازییانە، سپاردنی مەیدانی

ئاڵۆزی سیاسەتە بە ڕووناکبیران و بڕوانامەداران و شۆڕشگێڕان.

کورد لەگەڵ دەوڵەتانێکی لەرزۆک و لاوازدا، کە هێشتا نەیانتوانیوە لە پڕۆسەی دەوڵەت – نەتەوەسازیدا سەر کەون، کێشەی هەیە. ئەو دەوڵەتانە خۆیان ناسەقامگیر، پەرەنەسەندوو، گۆشەگیر، ناپەسەند، ئایدیۆلۆگ و ڕووخەکن (زووڕووخان). بەڵام چونکە هاوبیری و هاوهەنگاوی لەناو کوردستاندا کزە، کورد نەیتوانیوە دەرفەتی لاوازبوونی ئەوان بقۆزێتەوە. تەنانەت لە کاتی بەرینبوونەوەی کێشەکان لەگەڵ هاوسێیاندا، هەرێمی کوردستان لە مەیدانی دیپلۆماسیدا، لە پاراستنی شوناسی سەربەخۆییانەی خۆیدا پێداگر و وردەکار و بەمشوور نییە. لە کاتێکدا کە کورد هاوڕێی ڕۆژاوایە، دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ستراتیژیک کار بکات و لە ئاستی هەرێمیدا لەگەڵ هێزە ناوچەیییەکان، بە ڕاگرتنی بالانس و شکۆی نەتەوەیی خۆی، هاوکارییەکی تاکتیکی بکات.

لەو پەیوەندییەدا، ئەگەر پەنێلی شارەزایانی پسپۆڕ-تەوەر ڕەوتی پەرەسەندنی وڵاتان و ستراکچەری هێز و دەسەڵاتی جیهانی بناسن، کورد بەرێی خۆی باشتر دەبینێت. هەرچەندە شایستەبژێری و پسپۆڕسالارییش بەتەنیا ناتوانێ کێشەکان چارە بکات، چونکە لەناو ستراکچەری دامەزراوە پێنەگەیشتووەکان و بیرۆکراسییەکی گەشەنەسەندوودا "نەشتەری کەسی شیاویش کوڵە". لەگەڵ ئەوەدا، پێویستە وزەی ڕاکێشەری حکوومەت پتر بێت بۆ ئەوەی ئێلیت (Elite)ە هزرییە ڕاستەقینەکانی کورد ڕێی هەندەران هەڵنەبژێرن.

هەرێمی کوردستان بە گۆڕینی نیگای ئەمنییەتییەکی سادە و ڕەق بۆ نیگای ئاسایشی نەتەوەیی و پەرەسەندن، دەتوانێ وەک دەرفەت و خەزێنەیەکی مەزن بەبێ تێچوو سوود لە ئێلیتەکانی کوردی دەرەوەی هەرێم، کە لەناو سیستەمی پێشکەوتووتر و فەرهەنگی جیاواز و دۆخی دێموگرافیکی چاکتردا پێ گەیشتوون، وەربگرێت. تەنانەت دەتوانێ وەک جەمسەرە باوەڕپێکراوەکانی شاران بیانکاتە دیواری ئەمنی بۆ خۆی، بۆ ئەوەی نەیاران نەتوانن جگە لە دانانی سنووری دەستکردی سیاسی، لە دانانی سنووری زەینی و فەرهەنگیدا سەر کەون و لە کاتە هەستیارە مێژووییەکانیشدا کاری چارەنووسساز و ئاییندەساز بکەن.

گرینگە کورد پسپۆڕانە لە ستراکچەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بڕوانێت و خۆی بەهێز بکات. بەتایبەتی، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کە جەنگی بەوەکالەت و ڤێتنامیزاسیۆن بۆتە دیاردەی ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندی و خاڵی هاوبەشیان تێدایە، کورد بە جۆرە هێزێکی پڕۆکسیی بەرەی ڕۆژاوا دێتە هەژمار و دەتوانێ لە ئاستی وردتردا هێزی پڕۆکسیی خۆی هەبێت. بەتایبەتی، لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە خاکی کوردستان بەسەریەکەوەیە؛ کە ئەمە تواناکەی، وەک ناوەندی سیستەمی کوردی، دەباتە سەرێ. هەرچەندە جیۆپۆلیتیک خاڵی بەهێزی کوردە، بەڵام لە ڕووداوەکانی داهاتوودا ئابووری کاریگەریی لەسەر سیاسەت و جیۆپۆلیتیک دەبێت. بۆیە گرینگە هەرێمی کوردستان بتوانێ لانی کەم لە ڕووی ئابوورییەوە بەرهەمی ناوخۆیی زیاد بکات بۆ ئەوەی لە کاتە تەنگانەکاندا خۆڕاگر بێت و وەها گرێدراو نەبێت کە لەو کەلێنەڕا درز بخرێتە نێوان حکوومەت و خەڵک و، بە بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەوایەتی لە حکوومەت بسەندرێتەوە.

هەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوەی هەیە خۆی بە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان (NGO) وەک کارێکی سەرەکی کە کاریگەری و کاراییەکی باشی دەبێت، ببەستێتەوە. ڕاستییەکەی لە ڕێگەی ئێلیتە زانا، ژیر و

خاوەن پڕەنسیپەکانەوە دەشێ چالاکیی نێونەتەوەیی بکرێت، بەو مەرجەی کەسانی پسپۆڕ و دڵسۆز کار بکەن، چونکە ئەو کارە کارێکی پسپۆڕانەیە و پڕە لە شایستەیی. لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ دەیان ڕێکخراو لە وڵاتانی ڕۆژاوادا دامەزرێنێت و بە نیگایەکی نەتەوەیی، زۆر شت لە یۆنسکۆدا لەسەر ناوی کورد تۆمار بکات و کاری گرینگ لەسەر زانکۆ باڵاکانی دەرەوە بکات.

"کورد وەک هێزێکی کاریگەر لەسەر دۆخی نوێی جیۆپۆلیتیکی لە دوای جەنگی سارد لە کەشێکی شێواو و ئاڵۆزدا بە دوای شوناس و ئاسایش و دەسەڵاتی خۆیەتی" (Brzinski, 2016) بۆیە دەبێ لە ئاستی ورد و ناوخۆییدا ئاسایشی خۆی لەسەر میکانیزمەکانی کۆمەڵایەتی دابین بکات کە ئەمە گرینگترین نیشاندەری حکوومەتی بەهێزە. بەو ڕوانگەیەی کە "کامڵبوون بەرهەمی کامڵبوونی ناوخۆییە" (Modelski, 1996: 323) هەر کاتێک وڵات لە ناوخۆدا بتوانێ بەرەو تەکامول بچێت، لەو ئاڵۆزییەی جیهانیشدا دەتوانێ بگاتە واقعێکی نوێ و دەتوانێ لەگەڵ تۆڕەکانی جیهانیدا جۆرە نەزمێک ساز بکات. بۆ وێنە، بەو چاوەی کە بابەتی بەرگری لەناو کورددا شتێکی کاتی و هەستەکییە و زوو دادەمرکێتەوە، ئەگەر ڕێبەرایەتیی کورد و کاربەدەستان بابەتی بەرگری وەک دامەزراوە و نۆرم بنەجێ بکەن و بتوانن شوناسی لۆکاڵی بکەنە شوناسێکی نەتەوەیی و، هەروەها دیسکۆرسی ژیانی شەڕافەتمەندانە بکەنە دیسکۆرسی سەردەست، دەرکەی نفووزیش لەسەر ناحەزان دادەخرێت و کوردستان دەبێتە ماڵی ئەهوەنی هەمووان و بەهێزیش دەبێت.

**دەرەنجام**

تیۆریی ئاڵۆزی بە لێکدانەوەیەکی کوانتۆمی، وانەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەکرێ بە لێکدانی باڵی پەپوولەیەک لە "پەکین"، تۆفانێک لە "تۆرنتۆ" هەستێ. کەواتە، لەو دۆخە ئاڵۆزەی سیاسەتی جیهانی و مشتومڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، کورد دەتوانێ بە دووبارەکردنەوەی ئیرادەی ڕابردوو و دۆزینەوەی توانا دەروونی و هەنووکەییەکانی و بە بەراوردی وڵات و نەتەوە هاوشێوەکانی ناوچەکە، هانگاوی بچووک و کارا بەرەوپێش بهاوێژێت. ئەمەیش بە پشتبەستن بە زانست و لۆژیک و ئەزموون و وانەوەرگرتن دێتە دی. بەتایبەتی ئەگەر کورد کێشە ڕەفتارییەکانی خۆی چارەسەر بکات، پێ دەچێت بتوانێ تواناکانی خۆی باشتر بناسێت و لەو مژەدا ڕێوار بدۆزێتەوە.

**سەرچاوەکان**

Bozorgmehri, Majid & alireza Mohamad khani (2011), "Palestinian Issue and the Security Council of UN: Use of Veto Prevents the Establishment of International Peace", Geopolitics Quarterly, Volume: 7, No 4, winter 2011, Pp 78-99.

Brzinski, Zbigniew (2016), "Syria in Crisis", National Security Council, No. 4203 Memorandum for declassified document.

Faber, J. and Koppelaar, H. (1994). Chaos theory and social science: a methodological analysis, Quality & Quantity, 28, pp.421-433.

Maan, R.S (1992)."Chaos theory and strategic thought", Availbler: https://

blackboard.angelo.edu/bbcswebdav/institution/LFA/CSS/Course%20Material/ISSA%206301/Readings/Chaos%20Theory.pdf.

Michael E. Porter (1985), “Competitive Advantage: Creating and Sustaining Superior Performance. New York: Free Press.

Modelski, G (1996), “Evolutionary paradigm for global politics”, International Studies Quarterly, 321-342.

Moshiri, Said (2001), An overview of chaos theory and its applications in economics, Economic researches of Iran, Allameh Tabatabai University, No 12. (Parsiyan)

Rosenau N James (1990), Turbulence in World Politics: A Theory of Change and Continuity, Princeton University Press.

Shafie N and Motaqi I (2021), Theoretical analysis of chaos management model in global geopolitics, Geopolitics Quarterly, year 17, N 2. (Parsiyan)

Stacey, R. (1993). Strategy as Order Emerging from Chaos, Long Range Planning, 26(l), pp.10–17.

White M.C., Marin D.B., Friedman W.; The evolution of organizations: suggestions from complexity theory about the interplay between natural selection and adaptation; Human Relations, No. 10, 11, 1997.

---

# بنیاتنانی دەوڵەت یان نەتەوە؟

**د. نەجات عەلی ساڵح**، دکتۆرا لە ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**پێشەکی**

زۆر لە زانایان و شارەزایانی سیاسی و ناوەندە ئەکادیمییەکان باسیان لە بنیاتنانی دەوڵەت و نەتەوە کردووە. ڕاستییەکەی، بەهۆی پیشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی، گۆڕانکاری بەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت و نەتەوەدا هاتووە. بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سەدەی بیست و

یەک، وای کرد خوێندنەوەیەکی فراوانتر و قووڵتر بۆ ئەم دوو چەمکە بکرێت. تا ئیستایشی لەگەڵدا بێت سنوورەکانی نێوان هەردوو چەمک ڕوون نییە، بەڵکوو زۆر جار وەک هاوواتا (synonym) بۆ یەکتر بەکار دێن.

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ ئەم بابەتە بکەین، دەبینین دوو پرۆسەی لەیەکتر جیاوازن، بەڵام پەیوەندییەکی ئاڵۆز و نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە؛ زۆر جاریش سنوورەکانیان تیکەڵ و ئاوێتە دەبن. لە ڕاستیدا لە ڕووی تیۆرییشەوە ناڕوونییەک هەیە، هەروەها لە ڕووی پراکتیکییشەوە نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتگیر و جیاواز بۆ ئەم دوو چەمکە بکرێت. بەشێک لە سیاسەتمەدارەکان پێیان وا بووە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و بنیاتنانی دەوڵەت تەنیا ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە، بۆیە لە یەک گۆشەنیگاوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە. هەندێ لە سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارەکان لە زۆر شوێن و قۆناغی مێژوویيدا سەبارەت بەو پرۆسەیە، سەرکەوتوو نەبوون.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین لەژێر ڕۆشنایيی پارادایمی گۆڕانکارییە خێراکان و ئەم قۆناغە نوێیەدا، خوێندنەوەیەکی زانستییانە و بابەتییانە بۆ چەمکی بنیاتنانی نەتەوە یان دەوڵەت بکەین. هەوڵ دەدەین پرۆسەکە لە دیدگەیەکی فروانتر شی بکەینەوە، هەروەها کۆسپ و گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە دەستنیشان بکەین و بیخەینە چوارچێوەیەکی زانستییانەتر بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی واقعبینانەی لەگەڵدا بکەین.

- **بنیاتنانی نەتەوە**

زۆربەی کۆمەڵناسەکان پێیان وایە مرۆڤ بە درێژایيی مێژوو هەوڵی داوە لە چوارچێوەی گرووپ، خیزان، بنەماڵە و خێڵ خۆی ڕێک بخات، ئەویش بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی و بۆ مانەوە و خۆپاراستن بووە لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی، گۆڕانکاری بەسەر شێواز و فۆرمی ئەو ستراکچەرەدا هاتووە کە کۆمەڵگەکان لەو ڕێگەیەوە خۆیان ڕێک خستووە. ئەوەی ڕاستی بێت، پرسی ناسنامە کرۆکی پێناسەی هەر گرووپێک یان ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بووە. بە لای زۆر لە شارەزایان، نەتەوە بریتییە لە کەسانێک کە چەندان تایبەتمەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە وەک: زمان، کەلتوور، جوگرافیا و، هەندێک جاریش ئایین وا دەکات ناسنامە و هەستێکی هاوبەشیان هەبێت.

یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی بەهێزە بۆ بنیاتنانی هەر نەتەوەیەک، چونکە مێژوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کاتێک لێکترازانی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدات، ڕاستەوخۆ دەرهاوێشتە و لێکەوتەی خراپی سیاسی، ئابووری، کەلتووری و ئاسایشیی لێ دەکەوێتەوە؛ هەندێک جاریش پرۆسەکە بەتەواوی لەبار دەبات. پرسی پەروەردە بۆ بنیاتنانی نەتەوە، داینەمۆی هەر پرۆسەیەکە کە کۆمەڵگە بیەوێت خۆی لە چوارچێوەی نەتەوەدا مانیفێست بکات. ئابووریناسان پێیان وایە ئابوورییەکی لاواز دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، دواجاریش پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیش دوا دەخات.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، بنەمای بنیاتنانی نەتەوە، فرەڕەهەندە و بە شێوازێکی ئۆرگانی و دینامیکی لە بازنەیەکدا یەکتر تەواو دەکەن، هەروەها ئەو نەتەوانەی ڕووبەڕووی پەرتەوازەیی و لیکترازان بوونەتەوە، لە ڕاستیدا نەیانتوانیوە سەرچاوەکانی هێز لە خۆیاندا کۆ بکەنەوە و ناسنامەیەکی هاوبەش دروست بکەن. لە مێژووی هاوچەرخ، سەرکردە ناسیۆنالیستەکان ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە ئاراستەکردن و مۆبیلیزەکردن

(کۆکردنەوە و ئامادەسازی)ی تواناکانی نەتەوە، بەتایبەت لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزم؛ بەڵام هەندێک لەم سەرکردانەیش سەرکەوتوو نەبوون و شکستیان خوارد.

هەڵوەشانەوەی یۆگسلاڤیا نموونەیەکی دیارە کە سەرکردەکان نەیانتوانی بەردەوامی بە یەکگرتوویی ئەو وڵاتە بدەن، ئەویش بەهۆی مامەمەڵەیەکی نالۆژیکیی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا. سویسرا نموونەیەکە لە سەرکەوتوویی، کە چەند پێکهاتەی جیاواز و بە زمانی جیاوازی کۆ کردۆتەوە و ناسنامەیەکی هاوبەشیان پێک هێناوە. بۆیە هەرچەندە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە مانایەکی جیاوازی هەیە لە بنیاتنانی دەوڵەت، بەڵام بێ باسکردن لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت ناتوانین خوێندنەویەکی زانستی و بابەتییانە بۆ چەمکی بنیاتنانی نەتەوە بکەین، چونکە دوو چەمکن کە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا یەکتر تەواو دەکەن.

- **بنیاتنانی دەوڵەت**

سەردەمی ڕێنسانس، ڕۆشنگەری، دواتریش شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا و، هەروەها شۆڕشی فەڕەنسا وای کرد، قۆناغی فیودالی، خێڵەکی، ئۆرۆستۆکراسی بە پشتیوانیی کەنیسە لە ئەوروپا کۆتایی پێ بێت و دەوڵەتی مۆدێرن لەدایک بێت.

دەوڵەتی مۆدێرن چەند ڕەگەز و تایبەتمەندییەکی هەیە، وەک: جوگرافیا، خاک، دانیشتووان و، سەروەری؛ لە هەمان کاتیشدا **هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە بنیاتنانی دەوڵەت واتە بنیاتنانی دامەزراوەکان، وەک: دامەزراوەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری.** ڕاستییەکەی، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و زانست، هەروەها ئامرازەکانی پەیوەندی و میدیا، گۆڕانکاریی بەسەر ئەرکی دەوڵەتدا هێنا.

لە ڕوانگەی لیبراڵەکان ئەرکی دەوڵەت، پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکە و لەسەر بنەمای بەهاکانی؛ تاکگەرایی، پشتبەستن بە بازاڕە ئابوورییەکان، بەرگریکردن لە مافی خاوەندارێتی و دژایەتیکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری تاکەکان و کۆمەڵگە دامەزراوە. بەڵام لە ڕوانگەی ڕیالیستەکان ئەرکی دەوڵەت پاراستنی بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابوورییەکانی دەوڵەتە. لە لایەکی تر، هەندێک جار هەوڵیان داوە لە ڕێگەی دەستوەردانی هێزی سەربازییەوە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لەلایەن ئەمریکاوە دەستوەردانی سەربازی لە ژاپۆن و ئەڵمانیا ئەنجام درا؛ هەروەها لە دوای ڕووداوکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لە عێراق و لە ئەفغانستان. هەرچەندە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە ژاپۆن و ئەڵمانیا سەرکەوتوو بوو، چونکە لە ئەڵمانیا و ژاپۆن پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بە پرۆسەیەکی سروشتی، کە لە دەرەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابوورییەکانەوە ئەنجام درابوو و پێشتر خاوەنی دامەزراوە نیشتمانییەکان بوونە، تێ پەڕی، بەڵام عێراق و ئەفغانستان هێشتا لە قۆناغی دواکەوتوویی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی، دەمارگیریی ئیتنیکی، ئایینی، مەزهەبی و خێڵەکیدا مابوونەوە.

لە لایەکی تر لە وڵاتێکی وەکوو "چین" ئەگەرچی خاوەنی دامەزراوەی دیموکراسییش نین، کەچی پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەسەرکەوتوویی ئەنجام دراوە. هەرچەندە لەلایەن ڕۆژاوایییەکان ڕەخنەی لێ دەگیرێت و پێیان وایە دەبێت چین ببێتە وڵاتیکی دیموکراسی، بەڵام چینییەکانیش هەوڵیان داوە بە میتۆدی خۆیان پرۆسەی بەمۆدێرنکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنجام بدەن، نەک بە مۆدیلی ڕۆژاوایی.

ئەزموونی دەوڵەتان دەری خستووە کە بەدامەزراوەییکردن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر لاوازی و بەهێزیی دەوڵەت. ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن سەرکەوتوو نەبوونە، بەردەوام بەلاوازی ماونەتەوە و زۆر جاریش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەیش ڕووبەڕووی کێشە و قەیران بوونەتەوە. لە وڵاتانی دواکەوتوو، پرسی: گەندەڵی، شەفافییەت و نەبوونی سەروەریی یاسا، گەورەترین کۆسپی بەردەم پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرنە.

**کۆبەند**

بەگشتی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، مێژوویەکی دوورتری هەیە لە مێژووی بنیاتنانی دەوڵەت؛ جگە لەمانەیش، بنەما و ڕەگەز و ڕەهەندەکانی نەتەوە، زۆر فراوانترە لە دەوڵەت. لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتدا پەیوەندیی هاووڵاتیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی، گرنگیی هەیە، بەڵام لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا پەیوەندیی هاووڵاتیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و ناسنامەی هاوبەش، گرنگییان هەیە، چونکە زۆر دەوڵەت هەن بە پرۆسەیەکی سروشتی دروست نەبوونە، بەڵکوو لەلایەن فاکتەری دەرەکییەوە دروست کراون و تەنانەت بەسەر هاووڵاتیانیان سەپێنراون؛ بۆ نموونە وەک دابەشکردنی کورد بەسەر چوار دەوڵەتی هەرێمیدا کە سنوورە دەستکردەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو بەها و نۆرم و هەستە هاوبەشانە یەکتر ناگرێتەوە، کە ناسنامەی نەتەوەییی کوردی پێک هێناوە. ڕاستییەکەیی، پرسی ناسنامە کرۆکی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیە، بەڵام لە بنیاتنانی دەوڵەتدا، مەرج نییە ڕەچاوی بەها و هەست و ڕەگەزە ناسنامەییەکان و تەنانەت ئیرادە و خواستی پێکهاتە جیاوازەکان بکرێت. لە دەوڵەتی مۆدێرن گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی سەروەریی دەوڵەت دەدرێت و پیرۆزیش دەکرێت و کراوە؛ تەنانەت لەلایەن وڵاتانی دیموکراسی و لیبراڵیش چاو لەو پێشێلکاری و سەرکوتکارییانە دەکرێت کە بە ناوی سەروەرییەوە دەکرێت. بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز، بەتایبەتی هەر پێنج دەوڵەتی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش، وای خواستووە کە سیستەمی نێودەوڵەتی ئەو ستراکچەرە بپارێزێت کە لە دوای جەنگە گەورەکان پێک هاتووە، کە بە سەرکەوتنی بەرەیەک و بە دۆڕانی بەرەیەکی تر کۆتایی هاتووە.

بۆیە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت بەبێ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە نەک پرۆسەیەکی ناتەواوە، بەڵکوو پرۆسەیەکی بێمانایە. بەم پێیەیش بۆ بنیاتنانی دەوڵەت، دەبێ لە بنیاتنانی نەتەوە دەست پێ بکرێت، ئەویش بە مۆبیلیزەکردنی ئەو سەرچاوانەی کە هەستێکی هاوبەش و ناسنامەیەکی یەکگرتوو دروست دەکەن. لە ڕابردوودا زۆر لەو دەوڵەتانەی کە نەیانتوانی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەن، چوونەتە ڕیزی دەوڵەتانی شکستخواردوو و بوونەتە هەڕەشە لەسەر هاووڵاتیانی خۆیان و، بگرە وڵاتانی تر.

# دەنگی پێی حەماس لە عێراق

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا هەواڵی میوانداریکردنی بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی لە عێراق، بوو بە نێوەرۆکی چەند ڕاپۆرتێکی بیانی و عەرەبی؛ بەپێی هەندێك هەواڵی پشتڕاستکراوەیش بزووتنەوەکە ئۆفیسێکی پەیوەندیی لە عێراقدا بەکردەیی کردۆتەوە. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی زەمینە و لێکەوتەی ئەم پێشهاتە گریمانکراوەیە لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوێستە دەکات.

**دەنگۆکانی گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق**

ڕەنگە ڕۆژنامەی "ذا ناشیونال" کە میدیایەکی ئیماراتییە و بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە، یەکەمین هۆکاری بڵاوکردنەوە بێت کە باسی لەوە کرد سەرکردەکانی حەماس پلانی جێهێشتنی دۆحەی پایتەختی قەتەریان بەرەو عێراق هەیە. ڕۆژنامەکە، کە بارەگاکەی لە شاری لەندەنە، لە زاری سەرچاوەکانییەوە بانگەشەی ئەوەیشی کردووە حکوومەتی عێراقی لەسەر میوانداریکردنی حەماس لەسەر خاکەکەی ڕازی بووە؛ بە شێوەیەك کە ئێران "لە ڕێگەی باڵەکانییەوە" ئەرکی پاراستنی نووسینگە و کادرانی بزووتنەوە فەڵەستینییەکە بگرێتە ئەستۆ لە بەغدا. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە تیمە ئەمنی و لۆجستییەکانی حەماس هاتوونەتە بەغدا بۆ ئامادەکاری؛ لەسەر ئاستە سیاسییەکەیشی "ئیسماعیل هەنییە"ی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حەماس و نوێنەرانی ئێران و عێراق گفتوگۆی بابەتەکەیان کردووە. پەرلەمانتارێکی ناسراوی عێراق کە سەرۆکایەتیی حزبێك دەکات و نزیکە لە گرووپە چەکدارەکان، ئەم زانیارییانەی پشتڕاست کردۆتەوە؛ باسی لەوەیش کردووە ئیسماعیل هەنییە و محەمەد شیاع سوودانی لەو بارەیەوە بە تەلەفۆن قسەیان کردووە. لە سەرەتایشدا بزووتنەوە فەڵەستینییەکە ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی وەك دەسپێك ئۆفیسێکی میدیایی لە عێراقدا بکاتەوە[1].

ئەم ڕاپۆرتە و سەرجەم ئەو هەواڵانەی تر کە باس لە گواستنەوەی حەماس دەکەن بۆ عێراق، لە دۆخێکدایە تەشەنەیان کرد کە سێ پێشهاتی هەنووکەیی هەبوون:

**یەکەم:** کردنەوەی ئۆفیسێك لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە لە بەغدا و نزیك لە فڕۆکەخانەی پایتەخت؛ هەروەها سەردانکردنی ئەو ئۆفیسەیش لەلایەن هەندێك هێزی سیاسیی عێراقییەوە بەئاشکرا[2]. بەپێی ئەو زانیارییانەیشی بەردەستن، ئۆفیسەکەی حەماس بۆ پەیوەندی و کاری ڕاگەیاندنە، نووسینگەکەیش ڕەزامەندییە فەرمییەکانی حکوومەتی عێراقی هەیە[3]؛ بەڵام باوەڕێك هەیە ئەمە سەرەتا و تاقیکردنەوە بێت بۆ ئەگەری گواستنەوە لە داهاتوودا، یان لە کاتێکدا پێویست بکا و، سەرەتایش بەم هەنگاوە دەستی پێ کردووە.

**دووەم:** چەقبەستنی دانوستانی ئاگربەست و گۆڕینەوەی گیراوەکان لە نێوان حەماس و ئیسرائیلدا؛ لە نێوەندیشیدا باس لەوە کرا گوایە قەتەر کە وڵاتی نێوانگر (وسیط) و لە هەمان کاتدا میوانداریی باڵی سیاسیی حەماسیش دەکات، ناچار بووە لەژێر گوشاری ئەمریکا و ئیسرائیلدا حەماس ناچار بە

گواستنەوە بکات ئەگەر هات و مل بۆ ئاگربەست کەچ نەکات[4].

**سێیەم:** قسەیەکی تر هەیە کە حەماس خۆی هەواڵ و دەنگۆی گواستنەوەی گریمانکراوی بۆ عێراق وەك کارتی گوشار بەرامبەر قەتەر و وڵاتانی تر بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی زۆر نەخرێتە ژێر گوشارەوە؛ هەروەها دەیەوێت وێنەیەکی وا دروست بکات کە ئەگەر قەتەریش نەبێت، ئەوە جێگرەوەی هەیە و بنکەی سەرەکیی خۆی بۆ عێراق دەگوازێتەوە[5].

دەشێت پێشهاتی یەکەم و سێیەم لەوی دیکە ڕێتیچووتر بن و هەواڵی کردنەوەی ئۆفیسە بچووکەکەی حەماس لە بەغدا کرابێتە بۆمبێکی دووکەڵینی گەورە بۆ دروستکردنی وێنایەك کە حەماس جێگرەوەی قەتەری هەیە، ئەگەرنا هاتن بۆ عێراق بەو ئاسانییە نییە؛ چونکە پاراستنی ئاسایشی حەماس و بڕیاری ئەمنی و سیاسی لە عێراق ئاڵۆز و فرەجەمسەرە و زۆر هاندەر نییە بۆ ئەوەی هەنگاوی لەو شێوەیە بەپەلە بهاوێژرێت. لەم بەینەیشدا ژمارەیەك بەرپرسی ئەمنی و سیاسیی عێراق کە هەڵگری سیفەتی فەرمین لە لێدوانی جیاجیادا، بۆ میدیایەکی قەتەری زانیارییەکانی ڕۆژنامە ئیماراتییەکەیان ڕەت کردەوە و بە ناڕاست دایانە قەڵەم، بەبێ ئەوەی زۆر بچنە ناو وردەکارییەوە[6]. دوای ئەوەیش، لەسەر ئاستی جیاجیا بەرپرسە عێراقییەکان- لەنێویشیاندا وەزیری دەرەوە- جەختیان لەوە کردەوە ئاگاداری بڕیاری گواستنەوەی حەماس نین بۆ عێراق، بەبێ ئەوەی بچنە وردەکاریی ئەوەی ئاخۆ بڕیاری کردنەوەی ئۆفیسەکە ڕاستە یان نا. لای خۆیشییەوە بزووتنەوەکە لە ڕێگەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە (عیزەت ڕەشقە) تەنیا ڕەتی کردەوە بنکە و بارەگاکانی لە قەتەرەوە بۆ عێراق بگوازێتەوە[7].

**زەمینە و پاڵنەری گواستنەوەی گریمانکراوی حەماس بۆ عێراق**

ناکرێت باس لە گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق بکرێت، بەدەر لە کاریگەریی ئێران و هاوکێشە هەرێمایەتییەکەی ناوچەکە؛ ئەمەیش لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە: یەکەمیان پەیوەندیی بەهێزی حەماس و ئێرانە کە لەپاش هێرشی ئۆکتۆبەری 2023وە لە هەموو کات زیاتر پتەوتر بووە. دووەمیشیان هەژموونی زۆری ئێرانە بەسەر بڕیاری ئەمنیی عێراق و مەحاڵبوونی سەرگرتنی وەها هەنگاوێکە دوور لە کاریگەریی و ڕەزامەندیی ئەو باڵە چەکدار و پێکهاتە سەربازییانەی کە ئەجێندای "بەرەی موقاوەمە"ی ئێرانی جێبەجێ دەکەن. لە دەرەوەی ئەمەیش بە شێوەیەکی گشتی چەند فاکتەر و پاڵنەرێکی تری ئەم هەنگاوە بەردەستن، کە دەشێت بەم جۆرە بخرێنە ڕوو[8]:

– لێکەوتەکانی جەنگی غەززە کە نەخشەی سیاسی و هاوپەیمانێتیی ناوچەکەی گۆڕیوە، لەم نەخشەیەیشدا عێراقی گرووپە چەکدارەکان بەتەواوەتی هاوپەیمانی حەماس و فەڵەستینە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا. ئەمەیش کۆدەنگیی سیاسی و فەرمیی لەسەر نییە و حکوومەت لە هەوڵدایە لە پێگەیەکی مامناوەندی کێبرکێ و ململانێکەدا بوەستێت.

– بێزاربوونی قەتەر لە بارگرانییەکانی میوانداریکردنی باڵی سیاسیی حەماس، بەتایبەت کە بەشە سیاسییەکەی کاریگەریی لەسەر بەشە سەربازییە مەیدانییەکەی کەمە لە غەززە و کەرتی ڕۆژاوا؛ ئەمەیش وای کردووە زۆر جار نێوانگرییەکانی قەتەر کێشەی بۆ دروست ببێت یان لە ئەمریکاوە بخرێتە ژێر هەڵمەت و ڕەخنە و، بە داڵدەدانی تیرۆر تۆمەتبار بکرێت و داوای سزادانی بکرێت.

– هەوڵی ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتیی حەماس و کۆکردنەوەی پارچە جیاجیاکانی لە ڕێگەی بەغداوە وەك پایتەختێکی عەرەبی.

– هەوڵی ئێران بۆ قۆرخکردنی مەسەلەی فەڵەستین لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی ڕەهای حەماسەوە؛ لەم هەوڵەیشدا ئێران لە بەردەم ڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامی، پشتیوانیکردنی فەڵەستین بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و ئیحراجکردنی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو بەکار دەهێنێت.

– گونجاویی بەغدا وەك پێگەیەکی مامناوەند لە جەنگی بەوەکالەتدا؛ چونکە گواستنەوەی حەماس بۆ بەغدا، ڕاستەوخۆ دەیکاتە بزووتنەوەیەکی ئێرانیی پەتی. بەمەیش هاوسۆزیی جیهانی سوننە لەدەست دەدات و دەچێتە خانەی باڵە ئێرانییەکانەوە.

**لێکەوتەکانی گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق**

یەکەم سەرنج لەسەر هاتنی گریمانکراوی حەماس بۆ عێراق، دەشێت تێوەگلانی عێراق بێت لە قەیرانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی؛ بەو پێیەی حەماس لە لیستی هێزە بێزراوەکانی ئەمریکادایە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم چەند لێکەوتەیە چاوەڕوانکراوە:

– دەشێت هاتنی حەماس بۆ بەغدا، عێراق بخاتە جەمسەری دژەڕۆژاوا و لە هەمان کاتیشدا بیکاتە ئامانجی گوشار و گەمارۆ و سزای دارایی ئەمریکی و دامەزراوە ئەوروپییەکان. ئەمەیش کاریگەریی لەسەر بەهای دراوەکەی و ئابوورییەکەی دەبێت. لەمەیشدا سەرجەم پێکهاتە و بەشەکانی عێراق باجەکەی دەدەن- بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

– ئەگەری زاڵ ئەوەیە هەبوونی حەماس لە عێراق، دووچاری هێرشی سەربازی و ئاسمانیی فڕۆکەکانی ئیسرائیلیشی بکاتەوە لەسەر شێوازی باشووری لوبنان کە ئێستا بەهۆی پشتیوانی لە جەنگی غەززە بووەتە گۆڕەپانێکی کراوەی جەنگی ڕۆژانە[9].ی لەو کاتەشدا پەرچەکرداری گرووپە شیعییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییە ڕۆژاواییەکان چاوەڕوانکراوە؛ لەمەیشدا هیچ گەرەنتییەك نییە کوردستان بەدەر بێت.

– بەپێی هەندێك لێکدانەوە، ئەگەر عێراق داڵدەی حەماس بدات، کێشە بۆ هاوسەنگیی عەرەبی و ئیسلامییش دروست دەکات و لەگەڵ کەنداو و میسر و سعوودیاش دووچاری کێشەی دەکاتەوە، چونکە ئەو وڵات و لایەنانەیش پەیوەندیدارن بە دۆسیەکە و، بڕیاری تاکلایەنە لەم بوارە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانەیش هەیە؛ بەتایبەت ئەگەر بێت و میوانداریيەکەیان لەلایەن ئەو گرووپانەوە بێت کە نەیاری وڵاتانی عەرەبین[10]. گرژییەکانی ئەم دواییەی گرووپەکان و وڵاتانی ئوردن و کوێتیش نموونەیەکی بەرچاون.

– لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کۆدەنگی لەسەر میوانداریکردنی حەماس نییە. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە کورد و سوننە دژی ئەو هەنگاوە بن؛ بەو پێیەی دەچێتە خانەی بەهێزکردنی کارتی شیعەی سیاسی و چەکدارەوە، هەروەها دەبێتە هۆی تووڕەکردنی ئەمریکا و قووڵکردنەوەی ناکۆکی لەگەڵی. جگە لەوەیش بارگرانیی سزای دارایی بۆ وڵاتەکە دروست دەکات کە تێیدا هەموو لا دەبنە قوربانی.

– ئەگەر حەماس هاتە عێراق، ئەوە لەژێر چەتری گرووپە چەکدارەکاندا دەبێت. ئەمەیش لەسەر حیسابی حکوومەت و تێوەگلانە لە جەنگی میحوەرەکان، بەتایبەت کە هەندێك لەوانە بەئاشکرا نایشارنەوە کە سینگ

بۆ بەندوباوە ئەمریکییەکان دەردەپەڕێنن و میوانداریی چالاکییەکانی بزووتنەوە فەڵەستینییەکە دەکەن[11].

– مەترسییەکی تری نیشتەجێکردنی بزووتنەوەی حەماس لە عێراق، ئەگەری زیادبوونی چالاکییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئێران و وڵاتانی دیکەیە؛ بە جۆرێك عێراق دەکاتە گۆڕەپانی سیخوڕیی وڵاتانی پەیوەندیدار[12].

– دەشێت تێوەگلانی گرووپە شیعەکان لە پەنادانی حەماس، سوودی سیاسی و دیپلۆماسیی بۆ هەرێم هەبێت؛ بەو پێیەی بەشە نزیکەکە دەبێت لە وڵاتانی ڕۆژاوا. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەیش هەیە بکرێتە ئامانجی هەڵمەتی سیاسی و میدیایی و تەنانەت سەربازییش، بە پاساوی ئەوەی پشتیوانیی کێشەی فەڵەستین ناکات، ئەگەر پێشوازی لە هاتنی حەماس بۆ عێراق نەکات.

**حەماس و ئێران**

ئەگەرچی بزووتنەوەی حەماس بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٨٧ وەك بزووتنەوەیەکی "بەرگریکار"ی فەڵەستینی لە هەناوی کۆمەڵی "ئیخوان موسلیمین"ەوە ڕاگەیەنراوە، بەڵام بەهۆی چالاکییەکانییەوە دژی ئیسرائیل لە ڕاپەڕینی فەڵەستینییەکاندا لە ساڵی ١٩٩٠ بانگهێشتی تاران کراوە و، لە ساڵی 1991 ئۆفیسی لە ئێران کردۆتەوە. بەهۆی گوشاری ڕۆژاوا و ئەمریکاش بۆ سەر ئێران، چ بەهۆی دۆسیەی ئەتۆمی یان پرسەکانی ترەوە، ئێران لە ڕێگەی حەماسەوە وا پیشان دەدات کە کلیلی هەندێک قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستەوەیە و، بەبێ تارانیش ئەو قەیرانانە چارەسەر ناکرێن، لەوانەیش پرسی ئاڵۆسکاوی فەڵەستین. ئەمەیش جیا لەوەی هێز بە ئێران دەبەخشێت، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیش لەسەر خاکی ئێران کەم دەکاتەوە و کێشەکانی هەناردەی دەرەوە دەکات[13].

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی وا دەکات ئێران دەستبەرداری حەماس نەبێت و هەوڵی پەنادانی لە عێراق بدات، گرنگیی پەیوەندی و وابەستەیی حەماسە وەك بزووتنەوەیەکی سوننە لەگەڵ کۆماری ویلایەتی فەقیهی ئێرانیدا. ئەمەیش پاڵپشتییەکی جۆرایەتییە بۆ ئێران کە لە کێبرکێیەکی کراوەی شەرعییەت و مەزهەبیدایە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی؛ بەهۆی ئەوەیشی میحوەری کاریگەری عەرەبی (کەنداو _ میسر) بەرژەوەندییەکانیان زیاتر لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدایە، ئێران دەرفەتی زیاتری هەیە حەماس بکاتە یەکێك لە ئامرازەکانی خۆی، بەو پێیەی دەرفەت و پشتیوانیی تری نییە. هەر بەم هۆیەیشەوە لە ئێستادا حەماسیش ئەندامێکە لەو بەرەیەی کە عێراقی گرووپە چەکدارەکان و حزبوڵڵای لوبنان و کۆمەڵی ئەنسارولڵای حووسی لەخۆ دەگرێت و پێکڕا پێیان دەوترێت "بەرەی موقاوەمە"؛ لەنێو ئەم بەرەیەیشدا بەتەنیا حەماس هێزێکی سوننەیە.

هەر بەم هۆیەیشەوەیە بەرپرسانی ئەمریکی و ئیسرائیل مەزەندەی ئەوە دەکەن، ئێران ساڵانە لانی کەم ٧٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ حەماس دابین بکات. پێشتریش ئیسماعیل هەنییە سەرکردە لە بزووتنەوەی حەماس لە ساڵی ٢٠٢٢ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرە باسی لەوە کردبوو کە، بزووتنەوەکەی ساڵانە ٧٠ ملیۆن دۆلار لە ئێران وەردەگرێت. دوا بە دوای هێرشی حەماسیش بۆ سەر ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، خەزێنەی ئەمریکا محەمەد نەسروڵڵا، کادری حەماسی نیشتەجێی قەتەری خستە لیستی سزاکانییەوە. ناوبراو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێران هەیە و دەستی هەبووە لە گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار بۆ حەماس؛ جگە لەمەیش خەمڵاندنە ئەمریکییەکان باس لەوە دەکەن بەهۆی پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ حەماس و

بنیاتنانی توانا سەربازییەکانی، حەماس توانیویەتی هێرشەکانی سەر ئیسرائیل لە 7ی ئۆکتۆبەری 2023 ئەنجام بدات[14].

**کۆبەند**

گواستنەوەی بنکە سەرەکییەکانی حەماس لە قەتەرەوە بۆ عێراق، یەکێکە لە ئەگەرە کراوە و بژاردە ڕێتێچووەکانی قۆناغی ئایندە و، هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا بڕیارێکی ئاسان و بێکێشە نییە و تا ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی دەنگۆ و شەڕی میدیایی هێزە کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەم بزووتنەوە فەڵەستینییە لە ئێستادا لە ڕێگەی ئۆفیسێکی پەیوەندی و میدیاییەوە بەکردەیی هاتووەتە ناو بەغدای پایتەختەوە؛ هاتنەکەیشی بۆ عێراق دەرهاوێشتە و لێکەوتەی پەیوەندیی بەهێزی بزووتنەوەکەیە بە ئێرانەوە کە بنکەی سەرەکیی "میحوەری موقاوەمە"یە. هاتنی حەماس بۆ عێراق بێ لێکەوتە نابێت و هەندێك لەوانەیش دەشێت کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت، چ وەك بەشێك لە عێراق، چ وەك هەرێمێك کە بەرژەوەندیی زۆری لەگەڵ نەیارانی "بەرەی موقاوەمە"دا هەیە.


[1] https://bit.ly/3W1kJpd

[2] https://bit.ly/4eYnK2h

[3] https://bit.ly/4cXIWUm

[4] https://bit.ly/3Y3QbWq

[5] https://bit.ly/3Y3QbWq

[6] https://bit.ly/4bFptXu

[7] https://bit.ly/3S5jlRm

[8] https://bit.ly/4eUhPvf

[9] https://bit.ly/4eUhPvf

[10] https://bit.ly/4eZHbaY

[11] https://bit.ly/4d06bgk

[12] https://bit.ly/3XWFGnV

[13] https://bit.ly/3LHhqyV

[14] https://bit.ly/4cGS2oO

# سيناريو حرب إسرائيل-حزب الله وتداعياتها الجيوسياسية على أمن إقليم كوردستان-العراق

**د.پرويز رحيم قادر/** دكتوراه الفلسفة في العلوم السياسية – دراسات الأمن القومي / أستاذ جامعي

**ترجمه إلى العربية** موفق عادل عمر

بعد هجمات حماس على إسرائيل في السابع من أكتوبر لعام 2023، كان اغلب المحللين السياسيين وخبراء المنطقة من جهة وسياسي الفواعل الإقليمية من جهة أخرى يعتقدون بان المعادلة الجيوسياسية ستطرأ عليها تغييرات. ضمن هذا السياق، فان إقليم كوردستان كفاعل من غير الدول ضمن إطار دولة العراق، يُعتقد بان يضطر ان يكون له دور في هذه التغييرات، ويتأثر بهذه المعدلات، وفي كلتا الحالتين تتعرض امن إقليم كوردستان بأبعاده السياسية والعسكرية والاقتصادية وحتى البيئية الى مخاطر. حتى التقارب الإيراني من إقليم كوردستان وتطبيع العلاقات الثنائية واستقبال رئيس الإقليم في إيران، يمكن ان يفسر ضمن هذا الإطار. بمعنى اخر، جميع الأطراف في المنطقة الإقليمية وفوق الإقليمية، عدا انهم يعدون أنفسهم لهذه التغييرات، يعملون في الوقت ذاته لأجل المحافظة على أمنهم ومواقعهم ويهدفون الارتقاء إلى مستويات أعلى بحيث يعتبر هذا في مصلحتهم لتحديد الوضع والسيطرة عليه.

في هذه المقالة نحاول باختصار الإشارة إلى اهم العوامل المؤثرة على المعادلات المحتملة والتي سيكون لها تأثير مباشر أو غير مباشر على أمن إقليم كوردستان.

- **تصاعد حدة توترات الحرب والانخراط المباشر لحرب الله اللبناني فيها**

منذ بداية حرب غزة، تقريبا قبل ثمانية أشهر، تصاعدت وتيرة الصراعات بين إسرائيل وحزب الله اللبناني، بحيث قرر الجيش الإسرائيلي الآن شن هجوم محتمل على لبنان. بعد ذلك بتاريخ 19-6-2024 هدد حزب الله اللبناني الذي يُدعم من قبل الجمهورية الإسلامية، بشن هجمات على إسرائيل وقبرص. من جهة اخرى تحاول أمريكا حاليا خفض حدة التوترات. الجدير بالذكر ان آخر حرب بين إسرائيل وحزب الله جرت في شهر تموز من عام 2006. حيث قُتل خلالها حوالي ألف وأربعمائة شخص خلال 34 يوما وكان 1200 منهم من لبنان وأغلبهم كانوا أشخاصا مدنيين.

على الرغم أنه بعد السابع من أكتوبر من عام 2023، قضية شن الهجمات والرد بين حزب الله وإسرائيل كان واردا، فانه حسب تصريحات المسؤولين الإسرائيليين، فقد قُتل 15 عسكريا و11 شخصا مدنيا في شمال إسرائيل، إلا أن الطرفين بصورة عقلانية منع من حدوث حرب شاملة وعامة بينهما. لأن من إحدى أخطر السيناريوهات الحالية، هو تصاعد حدة الحرب القائمة بين إسرائيل-حماس وتحولها الى حرب بين

إسرائيل-حزب الله، لأن من جهة حرب إسرائيل-حماس وصلت إلى طريق مسدود، حتى أن الجيش الإسرائيلي أعلن أنه لا يمكن القضاء على حماس بصورة نهائية، ومن جهة أخرى وعلى الصعيد المحلي الإسرائيلي على مستوى الرأي العام والحكومي وحتى على الصعيدين الدولي والإقليمي، تأتي عن طريق ضغوطات نحو انهاء تلك الحرب. برغم أنه حتى ألان إنهاء حرب غزة وتكاليفها المالية وضغوطاتها الاقتصادية[1]، و التأكد من توفير الأسلحة والعتاد من قبل الحكومة والجيش الإسرائيلي، موقع حزب الله من إيران واختلاف قدرات حزب الله عن حماس من نواحي الأسلحة والتدريب، معارضة أمريكا و إدارة بايدن، تفادي الجمهورية الإسلامية من انخراط حزب الله في الحرب، مخاوف خروج الحرب عن السيطرة و تحولها الى حرب إقليمية، يعتبر من أكبر المعوقات أمام تصاعد حدة الحرب، لكن هذه الحالة الهشة وغير المستقرة  وأي تفسير خاطئ أو تجاوز للخطوط الحمراء الذي رسمه الفاعلون يمكن أن يشعل هذه الحرب.

عدا هذه الأمور، المستقبل السياسي لناتنياهو واحتمالية المسالة معه، مواجهة التهديدات النووية الإيرانية، ومنع هذه الدولة من الرد في الحدود الإسرائيلية، وعود الحكومة والجيش الإسرائيلي لاطمئنان المواطن الإسرائيلي حول عدم سماحهم بتكرار أحداث السابع من أكتوبر، جعل المحافظة على أمن المناطق الحدودية الشمالية الإسرائيلية و التأكد منها، من ضمن أولويات الأمن-العسكري للجيش والساسة الإسرائيليين. كل هذه الأمور تحدث أثناء إعلان حزب الله عدم رغبته في الانسحاب إلى خلف حدود الذي تم الاتفاق عليه سنة 2006 حسب القرار رقم 1701 لمجلس الأمن. بالإضافة إلى ذلك فإن قضية السلاح النووي الإيراني يعتبر خطرا مباشرا على إسرائيل والتي لم يتم حلها حتى الان. عدا هذا فإن الهجمات والتهديدات التي تأتي من المجموعات المسلحة والميليشيات الموجودة في العراق ضد إسرائيل ما زالت مستمرة.

حسب تصريحات المسؤولين الإسرائيليين، أنه في حال عدم التوصل إلى هدنة وقف إطلاق النار في غزة وعدم التوصل إلى اتفاق مع حزب الله حسب الشروط المفروضة من قبل إسرائيل، سيكون شن الهجوم الواسع أمرا حتميا. حسب المعلومات والبيانات الواردة من مركز أبحاث وتربية الما (Alma Research and Education Center) خلال الأربعة الأشهر الماضية زاد عدد الهجمات الذي شنه حزب الله اللبناني بالطائرات المسيرة على إسرائيل أثني عشر ضعفاً. حسب التقارير المنشورة أنه في شهر أيار 85 طائرة مسيرة وفي شهر نيسان 42 طائرة مسيرة وفي شهر أذار 24 طائرة مسيرة وفي شهر شباط 7 طائرات مسيرة اخترقت الأجواء الإسرائيلية في عام 2024.  حسب بيانات هذا المعهد، "نفذت حزب الله منذ 8 تشرين الأول 2023 وحتى 31 أيار 2024 حوالي ألف و954 هجوما بالطائرات المسيرة على الحدود الشمالية لإسرائيل، و نسبة 46% من هذه الهجمات استهدفت البنى التحتية و المناطق المدنية". من المتوقع أن تسمح وتساعد الجمهورية الإسلامية الإيرانية من شن المزيد من الهجمات على إسرائيل. وفي نفس الوقت مع زيادة حدة التوترات وهجمات حزب الله، يستمر حماس أيضا بشن الهجمات على إسرائيل في غزة.

في الوقت نفسه، في حال نشوب أي اشتباكات أو حرب بين إسرائيل وحزب الله اللبناني، سيكون له تأثير أمني على إقليم كوردستان، لأن لإقليم كوردستان حدود مع إيران، وأن الجمهورية الإسلامية في حال انخراط حزب الله اللبناني في الحرب مع إسرائيل، لن يكون بدون موقف، بسبب كون حزب الله اللبناني من أهم القوات الوكيلة لإيران له حدود محاذية مع إسرائيل ويعتبر بمثابة أخر قلعة دفاع إيرانية في الخارج،

ولن يكون مبالغا إذا ما قلنا أنه في حال ضعف حزب الله، ستتراجع إيران بصورة كاملة من الشرق الأوسط وستؤدي سياسة الردع (deterrence policy) الى انهيارها بالكامل.

الهجمات الصاروخية والبالستية والهجوم بالطائرات المسيرة من قبل إيران على إسرائيل، والرد المحدود الإسرائيلي، أثبتت أن القدرات الصاروخية والطائرات المسيرة لإيران لا يمكن مقارنتها مع قدرات إسرائيل، وإن هذه القوات الوكيلة وخصوصا حزب الله اللبناني يعتبر أكبر رأسمال لإيران في الخارج لأجل حماية أمنها، بالإضافة إلى ذلك تُدرك إيران هذه الحقيقة أنه مع القضاء على حزب الله أو على الأقل إضعافه، ستتشجع إسرائيل وأمريكا لشن الهجمات على القواعد والمؤسسات النووية الإيرانية. من منظور أخر، الذي يمنع شن الهجمات على هذه المؤسسات، هي ليست القوات الدفاعية الإيرانية، لكنه بسبب وجود القوات الوكيلة والقدرات الإيرانية في الحرب اللا متوازي او حرب (الاشتباك) غير المتكافئة (asymmetric warfare). ضمن هذا السياق حاولت إيران التقرب من إقليم كوردستان ولهذا السبب استخدمت سياسة "العصا والجزرة"، من خلال شن هجوم صاروخي مباشر والهجمات التي شنت من قبل الميليشيات، أو عبر الطرق الدبلوماسية ودعوة ومن ثم الاستقبال الحافل للسيد نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان في إيران، ومحاولة إنهاء التوترات والخلافات القائمة مع إقليم كوردستان بصورة مباشرة وحتى من خلال الضغط على بغداد لأجل تقليل الضغوطات على إقليم كوردستان من النواحي القانونية، الاقتصادية، المالية، السياسية والأمنية .... إلخ بشكل غير مباشر. لكن من المحتمل أن يتغير هذا الوضع بسرعة في حال اندلاع حرب إقليمية وذلك بدءا بمشاركة حزب الله اللبناني. لهذا السبب استخدمت الجمهورية الإسلامية السياستين معا "العصا والجزرة" (carrot and stick) بهدف الإعداد والتحضير لهذه الحرب.

- **التوترات الإيرانية-الامريكية من جهة والقضية الإيرانية النووية من جهة أخرى**

الحقيقة، أن أكبر مشكلة التى تواجهها أمريكا أمام إيران بحيث أنها تعتبر تهديدا في الوقت نفسه لإسرائيل، هي القضية النووية الإيرانية. برغم أن إيران وإدارة بايدن عقدا عدة جولات من اللقاءات والمفاوضات السرية في أمريكا حول قضايا الشرق الأوسط وقضية العقوبات والحصار ورفع الحضر عن الأموال المجمدة الإيرانية في المصارف العراقية وكوريا الشمالية، وأيضا هجمات الميليشيات على الأمريكيين وحتى حرب إسرائيل وحماس مع هجمات الحوثيين في البحر الأحمر، لكن بالتأكيد من أهم هذه القضايا هي قضية الأسلحة النووية و تطورات تخصيب اليورانيوم بحيث يجعله ان يتجاوز نسبة 60% من قبل إيران، لكن مقتل إبراهيم رئيسي وأمير عبداللهيان أوقفت المفاوضات أو على الأقل ابطأت تلك المفاوضات و اللقاءات. لأن الإيرانيون من جهة بانتظار قدوم رئيس الجمهورية الجديد إلى السلطة، ومن جهة أخرى يراقب الأمريكيون التغييرات والأوضاع ليعلموا هل أن رئيس الجمهورية معتدل أم من المتشددين، وكيف سيكون السياسة التي يتبعه رئيس الجمهورية المقبل، وهل يمنح المرشد الأعلى الإسلامي صلاحيات واسعة حول المفاوضات واللقاءات وهل سيقرر إبرام اتفاق جديد حول المواضيع العالقة أم لا؟ لأن الأمريكيين حسب الخبرة التي يمتلكونها حول المفاوضات والتعامل مع الإيرانيين، بالإضافة إلى التغييرات الداخلية، يؤمنون أنه إذا وصل إلى السلطة اسما متطرفا ومتشددا، هذا يعني رفع حدة التوترات مع أمريكا و تبني سياسة خارجية هجومية ضد أمريكا، وبالعكس إذا استطاع اسم إصلاحي ومعتدل أن يصبح رئيسا للجمهورية، فإن هذا يعني أنه إشارة و رسالة واضحة من قبل المرشد الأعلى في إيران، إلى الأمريكيين لأجل الوصول الى اتفاق وتخفيض حدة التوترات مع أمريكا، وذلك برغم كون هذه

الخطوات مؤقتة و تقنية. لأنه بالنسبة للأميركيين من المهم ألا تكون هناك صراعات وتوترات جديدة مع إيران في المنطقة قبل الانتخابات الرئاسية المقبلة، والإيرانيين أيضا ينتظرون قدوم الرئيس الجديد إلى البيت الأبيض سواء أكان جمهوريا أو ديمقراطيا. لهذ السبب ينتظر الطرفان التغييرات الداخلية في الدولة المقابلة، ويريدون فقط بعد هذه التغييرات البدء بمفاوضات جدية او إيجاد الحلول للمشاكل العالقة.

ضمن هذا السياق أية توترات في المنطقة سيؤثر على هذه المفوضات والعكس صحيح، عند وصول المفاوضات إلى طريق مسدود في هذه الحالة تستخدم القوات الوكيلة لتقوية موقف إيران في المفاوضات والحصول على بعض الامتيازات من قبل الجانب الأمريكي، وفي الوقت نفسه تحاول هذه القوات تصعيد الموقف. في هذه الأثناء، يتعرض إقليم كردستان، باعتباره جهة فاعلة معروفة أو قريبة من الولايات المتحدة في المنطقة الرمادية (Gray Zone) لهجوم من قبل هذه الميليشيات. من منظور آخر، عدا أن هذه التوترات ستؤثر على أمن إقليم كوردستان، في الوقت ذاته فإن قضية السلاح النووي الإيراني لها علاقة غير مباشرة بأمن أو اللا أمن في إقليم كوردستان، لأنه عدا هجمات ومخاطر الميليشيات، مخاوف إيران من تعرض مراكزها ومؤسساتها النووية إلى الهجمات من قبل إسرائيل وأمريكا، تجعلها تضغط باستمرار على إقليم كوردستان، وذلك بطريقة مباشرة أو غير مباشرة من قبل القوى السياسية في بغداد والحكومة الاتحادية، لأجل اخضاع إقليم كوردستان ومنعه من أن يكون جزءا من هذه المعادلة بسبب وجود حدود محاذية معها.

بالإضافة إلى ذلك عند طرح موضوع انسحاب القوات الأمريكية من العراق للمناقشة والتداول، يتعرض إقليم كردستان للضغوط مجددا. ولهذه الضغوط بُعدين او اتجاهان، الأولى هي من قبل الميليشيات والشيعة في بغداد والأخرى من قبل إيران بطريقة مباشرة، وهذا برغم إن إقليم كوردستان ليس لديه القدرة، ولا يمتلك صلاحية اتخاذ قرار إخراج هذه القوات العسكرية، ومن بُعد آخر ترى إقليم كوردستان أن انسحاب الأمريكيين من العراق، خطورة على بقائه واستمراريته وبصورة عامة على أمنه الوجودي.

- **انتخاب رئيس الجمهورية في إيران وتبعاتها الخارجية**

الانتخابات الرئاسية الرابعة عشرة في إيران، رغم أن صلاحيات الرئيس ووزير الخارجية محدودة ويُنفذ ضمن إطار الوثائق والسياسات العليا والمصدقة من قبل المرشد الأعلى للجمهورية الإسلامية، إلا أنه يعتبر بمثابة رسالة مرسلة الى الأمريكيين والدول الاخرى، يعني أنه عند وصول رئيس أكثر اعتدلا أو أكثر تشددا، يعتبر هذا الأمر بمثابة قرار وتوجه المرشد الأعلى للجمهورية الإسلامية حول التغييرات، على الرغم كون هذه التغييرات محدودة على المستوى الخارجي حسب قراءة وفهم التهديدات والمخاطر أو تجاوز الأوضاع الاقتصادية غير المستقرة داخليا، وإخلال العقوبات وحتى الاتفاق حول القضايا الخارجية، ومن ناحية أخرى نرى حاجة النظام إلى اكتساب الشرعية الداخلية، بسبب الأزمة الأساسية المستمرة بين السلطات والمواطنين. أما الآن فإنه عدا فهم و استيعاب صناع القرار بالإضافة إلى الدول المجاورة لهرم السلطة وكيفية صياغة السياسة الداخلية والخارجية ضمن إطار الجمهورية الإسلامية، لكن مع وصول فريق جديد إلى السلطة التنفيذية، يُفسر كإشارة الى تعديل السياسة الخارجية للجمهورية الإسلامية الإيرانية وتقليل الضغوطات، ويُفهم كنوع من التوافق على المستوى الدولي، وكذلك الحال بالنسبة للجمهورية الإسلامية الإيرانية برغم أنها تفهم الساسة في أمريكا ودور المؤسسات الأخرى مثل السلطات التشريعية والرقابية، إلا أنها مع ذلك بانتظار قدوم رئيس جديد إلى السلطة.

وصول شخصية متشددة أو أكثر اعتدلا يعتبر موضوعا مهما لإقليم كوردستان أيضا، لأن هذا الأمر لا يعني أن رئيس الجمهورية أو وزير الخارجية باستطاعته تغيير السياسة المتبعة من قبل إيران تجاه إقليم كوردستان، لكنها يُرى كإشارة او رسالة مرسلة من قبل المرشد الأعلى في الجمهورية الإسلامية الإيرانية لغرض تقليص حدة التوترات وتعزيز العلاقات. ومن منظور آخر، يمكن قراءة وصول شخص أكثر اعتدالاً إلى السلطة على أنه سياسة آية الله خامنئي في تحقيق التوازن بين **ميدان (القوة الصلبة) والدبلوماسية (القوة الناعمة)** للتغلب على الأوضاع الداخلية والمعادلات الدولية والإقليمية. وفي الوقت ذاته من المحتمل أن يكون ذلك فرصة لتعزيز العلاقات التجارية وتقليص إيران من ضغوطاتها على إقليم كوردستان وذلك بهدف تقليص الضغوطات الموجودة على نفسها. وربما يعود ذلك إلى حاجة إيران السياسية والاقتصادية والأمنية إلى عدم التفاوض مع الأميركيين من موقف ضعيف، والاستعداد للحضور بشكل مؤثر ضمن المعادلات المتوقعة في العراق والمنطقة بعد حرب 7 أكتوبر بين حماس وإسرائيل وحتى الحرب الافتراضية بين حزب الله وإسرائيل. لأنه يجب أن يأخذ الأوضاع السياسية و الاقتصادية و الداخلية الإيرانية بنظر الاعتبار، و الذي يُعتبر وضعا غير طبيعيا، وحتى انه بحسب تحذيرات خبراء إيرانيين محليين إن الأوضاع في مختلف المجالات وخاصة الاقتصادية و السياسية والاجتماعية، على وشك الانهيار والانفجار.

- **الأوضاع السياسية في العراق والتوازن بين القوى الداخلية والخارجية**

على الرغم من وجود صراعات حادة ومعقدة وغير متوازنة في العراق، وخاصة بين الشيعة والسُنة وإقليم كوردستان وبغداد وذلك قبل هجوم حماس على إسرائيل، لكن هجمات 7 من أكتوبر لعام 2023، عقّد الأمور كثيرا ونقل الصراعات إلى مستوى أخر. من منظور آخر، بعد حرب حماس–إسرائيل، المعادلات في المنطقة وخاصة في العراق تقع بصورة مباشرة تحت تأثير هذه الحرب وحتى انه بطريقة غير مباشرة وبرغم محاولات المبذولة من قبل الكابينة الوزارية للسوداني، فإن أغلبية القوى الشيعية والميليشيات وحتى السُنة على مستوى الرأي العام، أصبحوا جزءا من هذه الحرب، بحيث نرى هذا من خلال هجمات الميليشيات على الأمريكيين بهدف الضغط على أمريكا لإيقاف الحرب، وكذلك من ناحية هجمات الميليشيات بصورة مباشرة على إسرائيل.

في هذه الأثناء، تعرّض الأمريكيون في إقليم كوردستان إلى هجمات عديدة وحتى إن إقليم كوردستان استُهدف بطريقة مباشرة بصواريخ الحرس الثوري الإيراني في وقت متأخر من ليلة الاثنين المصادف 15 كانون الأول من عام 2024، بحجة وجود قواعد للموساد الإسرائيلي. في الحقيقة تحاول الجمهورية الإسلامية الإيرانية عدم الانخراط بطريقة مباشرة في هذه الحرب، لهذا السبب القوات الوكيلة لها، اخذت هذه المهمة على عاتقها وانتقل نيران الحرب إلى إقليم كوردستان. لأن في حال زيادة نفوذ الجمهورية الإسلامية في العراق، فإنه عدا الفوائد الاقتصادية لها، فهو من نواحي سياسة الدفاع والأمن ضمن ما تسمى بجبهة المقاومة وتقليل الضغوط على حماس والضغط على أمريكا، خاصة إبعاد حزب الله عن الحرب ومنعه من المشاركة فيها تعتبر أمرا مهما بالنسبة لإيران، بالإضافة إلى السيطرة على الوضع لكي لا يكون سببا للحرب وجر الجمهورية الإسلامية إليها، لأن إيران بدأت تشعر بالقلق بسبب احتمال وصول "دونالد ترمب" إلى السلطة، لأنه في حال استمرار الحرب وفوز "ترمب" في الانتخابات الرئاسية فإن لدى طهران مخاوف قيام "ترمب" بشن ضربات عسكرية مباشرة على حزب الله وإيران. لهذا السبب أصبح كل من العراق وإقليم كوردستان من أسخن المناطق في الشرق الأوسط.

من جهة أخرى، قضية الانتخابات المبكرة وكيفية عودة الصدر إلى العملية السياسية ومشاركته في الانتخابات ومستقبل الحكومة ومكوناتها، كيفية تنظيم العلاقات بين قوات الإطار التنسيقي، بالإضافة إلى العلاقة بين الكورد والشيعة، ومن جهة أخرى بين السُنة والشيعة، تقع جميع هذه القضايا تحت تأثير المعادلات الإقليمية. من الممكن أن تتغير هذه المعادلة مع وصول "ترمب" إلى السلطة في أمريكا ومستقبل حرب حماس-إسرائيل من جهة واحتمالية نشوب الحرب او رفع حدة التصعيد بين إسرائيل - حزب الله، لأنه إذا أرادت إيران إشغال إسرائيل أو ممارسة الضغط على أمريكا لكي تمنع إسرائيل من شن الهجمات على جنوب لبنان وقوات حزب الله والانسحاب حتى نهر الليطاني في جنوب لبنان والخط الأزرق، تقوم إيران بإدارة صراعاتها عبر العراق وميليشياتها التابعة لها ولهذا السبب يصبح إقليم كوردستان جزءا من هذه الاشتباكات. عدا هذا، من الناحية السياسية فإن الحكومة المقبلة في بغداد ودور الشيعة يعتبران خطا أحمرا لإيران، وستقع إقليم كوردستان من جديد تحت ضغط طهران والقوى الشيعية في بغداد، هذا عدا القضايا العالقة بين أربيل وبغداد حول الرواتب والميزانية والمادة 140 والمحكمة الاتحادية العليا وصلاحيات وسلطات إقليم كوردستان وقضية النفط والغاز...الخ. جميع هذه القضايا تقع تحت تأثير الصراع الأمريكي-الإيراني، الإسرائيلي- الإيراني، التركي- الإيراني، الدول العربية-إيران، الأمريكي-الروسي، الصيني-الأمريكي.

**الخاتمة**

يظهر أن تطبيع علاقات إيران مع الدول المجاورة وحتى مع إقليم كوردستان، بالإضافة إلى اللقاءات السرية والمستمرة بين إيران والأمريكيين، هو بمثابة تحضير وإعداد للتغييرات في المعادلات الجيوسياسية في المنطقة بعد حرب حماس-إسرائيل. إنه حتى إذا فشلت إيران في مساعيها لإفشال محاولات التطبيع بين إسرائيل والسعودية، لكن إيران قلقة الآن ولديها مخاوف حيال إبرام اتفاقية استراتيجية للدفاع-الأمن بين السعودية وأمريكا وتغير مسار المعادلات ضد مصالح إيران.

من جهة أخرى، الإيرانيون والأمريكيون ينتظرون نتائج الانتخابات الرئاسية في بلدانهم، لهذا السبب نرى أنه في هذه الفترة يحاولون التخفيف من حدة التوترات. إن الذي سيغير هذه المعادلة الهشة، هو هجوم إسرائيل على حزب الله ورفض حزب الله الانسحاب من حدود جنوب لبنان. بالإضافة الى هذا، إيران تضغط على الشيعة لأجل إنهاء مفاوضات انسحاب القوات الأمريكية من العراق بصورة سريعة، وهذا الأمر بحد ذاته أدى إلى ظهور خلافات بين الأطراف الموجودة داخل البيت الشيعي. إذا حدث هذا الأمر، ستبدأ جولة جديدة من التوترات والاشتباكات في المنطقة وخاصة في العراق، وفي هذه الأثناء سيتعرض إقليم كوردستان بسبب مشاركة الميليشيات في العراق، إلى مخاطر أمنية، إذا لم يتوصل إيران وأمريكا إلى اتفاقية حول السيطرة على التوترات، هذا عدا العمليات العسكرية التركية في إقليم كوردستان وغرب كوردستان (رۆژاوا)، والذي يعتبر بعدا آخرا للمخاطر التي سيشكلها على إقليم كوردستان.

النقطة اللافتة للنظر هي أن قضية السلاح النووي الإيراني مرتبط ومتعلق بالقضايا الأخرى في المنطقة، خاصة مستقبل ومصير حزب الله اللبناني، بمعنى أن إيران إذا حست بأنها تفقد تأثيرات حزب الله كورقة ضغط مؤثر، ستتجه نحو امتلاك السلاح النووي، وإذا ما اتجهت إيران باتجاه امتلاك السلاح النووي، فإن إسرائيل ستشن هجمات على المراكز والمؤسسات النووية الإيرانية أو سيُحاول هدمها من الداخل، ويظهر مواقف الدول تجاه المظاهرات والاحتجاجات الداخلية الإيرانية، إنه حتى الآن ولأسباب مختلفة، لم تكن

هذه المظاهرات والاحتجاجات خطة أو أجندة أية دولة غربية. لأنه يوجد الفرصة لثلاث دول أوروبية حتى 18 أكتوبر من عام 2025، تفعيل آلية كبح الزناد أو (snapback) وإعادة فرض الحصار وجميع العقوبات المفروضة ضمن إطار قرار مجلس الأمن المرقم (2231)[2]. في جميع السيناريوهات والاحتمالات، إيران لا تريد وجود فاعل حليف للدول الأوروبية وأمريكا، والذي سيشكل تهديدا على أمن إيران، لأن هذه الحالة ستجعل موقع وموقف إيران قويا في المفاوضات، وإنه في حال التوترات والاشتباكات مع إسرائيل، إيران لن تحس بمخاوف أمنية نابعة من إقليم كوردستان. هذه المعادلة معادلة صحيحة للوضع والمعادلة الهشة الموجودة الآن وتعمل بصورة صحيحة، لكن في حال تغير المعادلات الجيوسياسية، إذا لم تمتلك إقليم كوردستان اية وسيلة أو آلية ضغط أمام جميع هذه التغييرات، سيكون ضعيفا وتتعرض أمنه إلى المخاطر. لهذا السبب، فإنه ضمن سياق منظور الواقعية ومنطق معادلة القوة، إذا قام إقليم كوردستان بتطبيع علاقاته مع إيران من الناحية الأمنية فقط، ونفذ جميع متطلبات وشروط إيران، في هذه الحالة مع انتهاء هذه المعادلة ستتغير المعادلة ضد مصالح الفواعل الصغيرة، ويصبح ضعيفا أكثر، ومع ذلك، إذا كانت العلاقات متعددة الأبعاد (خاصة الاقتصادية والسياسية) وغير أمنية بشكل عام، فإن التحول في ميزان القوى لن يؤدي إلى العودة إلى النقطة الأولى والانهيار على حساب الجهات الفاعلة الأصغر والأضعف. ولذلك فمن المنطقي القول إن الضغوط أكبر من الآن على القوى السياسية في شرق كوردستان عدا الأضرار القومية الأمنية الكبيرة في المدى البعيد واحتمالية ردود الأفعال في الجهة الأخرى من الحدود وفقدان وعدم بقاء البعد الاستراتيجي، فهو يُعرض أمن إقليم كوردستان وسياسة الردع (deterrence policy) التي ينتهجها للخطر، ومن ثم تحييد عوامل قوة إقليم كوردستان في مواجهة إيران.

[1] التكلفة الاقتصادية المباشرة لحرب غزة خلال 6 أشهر الأولى للحرب، وصلت إلى حوالي ستين مليار دولار وأدى إلى انخفاض الإنتاج المحلي الإسرائيلي بنسبة 22%.

[2] بموجب الفقرتين 36 و 37 من JCPOA كل طرف من أطراف اتفاقية عام 2015 لهم حق الاعتراض لدى المفوضية المشتركة، وللمفوضية 15 يوماً لأجل حل المشكلة، المشاكل التي لم تُحلّ يُرسل إلى وزراء الخارجية، وزراء الخارجية أمامهم 15 يوماً آخر لأجل حل المشاكل المرسلة إليهم، ثم بعد ذلك أمام المفوضية 5 أيام لحل تلك المشاكل. إذا لم تٌحل تلك المشاكل خلال هذه العملية المتكونة من 35 يوما، والجهة المقدمة للشكوى لم يقتنع ولم يوافق على الخطوات المنجزة بهذا الأمر، من حقه تحويل ذلك الموضوع بحجة إخلاله للاتفاقية إلى مجلس الأمن، وعلى مجلس الأمن خلال 30 يوماً التصويت لأجل إقرار برنامج لاستمرار إيقاف العقوبات – وهذا القرار يمكن أن يستخدم ضده حق النقض "الفيتو" (عدا ألمانيا والذي هو ليس عضوا دائما في مجلس الأمن). وبهذا يُعاد فرض العقوبات كما كان مفروضا في السابق.

أتاح الملحق الأول من JCPOAآلية فريدة للوكالة لأجل الوصول إلى المناطق المشبوهة خلال 24 يوما عبر المفوضية المشتركة وحسب هذه الآلية، يؤدي عدم تعاون إيران، إلى تفعيل آلية حل الخلافات وإعادة فرض عقوبات الأمم المتحدة. أُشِير إلى هذين الشرطين في JCPOA ويسميان بآلية كبح الزناد (Trigger Mechanism) أو إعادة فرض العقوبات (Snapback). من منظور آخر، عملية سناب باك تبدأ إذا "إحدى الدول المشاركة في JCPOA - كالذي عُرّف في UNSCR 2231 - سيُبلغ مجلس الأمن للأمم

المتحدة بوجود المشكلة “إذا لم ينفذ، فإنها يعتبر إخلالاً ل□ JCPOA . سيقوم مجلس الأمن بالمصادقة على القرار خلال 30 يوما اعتبارا من تاريخ تقديم الشكوى، ومن ثم يُعاد تنفيذ جميع الفقرات التالية: 1835 (2008)□ 1803 (2008)□ 1747 (2007) □ 1737 (2007) □ 1696 (2006) □UNSCR (2010) 1929 والذي انتهى بقرار UNSCR 2231. هذه العملية تسمى بـ”سناب باك” لأنه سيُعيد فرض جميع العقوبات المفروضة على إيران.

---

# پاڵنەر و لێکەوتەکانی جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

**موەفەق عادل عومەر،** دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

تورکیا لە هەشتاکانەوە ڕووبەڕووی چەکدارانی پەکەکە (پارتی کریکارانی کوردستان) بۆتەوە، چەندان ساڵە بوودجەی زەبەلاح بۆ بابەتی تیرۆر و نەهێشتنی پەکەکە دابین کراوە و تا ئێستایش بەتەواوەتی نەتوانراوە “کۆتایی بەم مەترسییە بهێنرێت”؛ بۆیە ناوە بە ناوە هەواڵەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناوەوە و دەرەوەی سنووری تورکیا لەلایەن سوپای تورکیاوە دەبینین. بێ گومان هەر جووڵەیەکی سەربازیی تورکی لەسەر خاکی وڵاتانی دراوسێی تورکیا، چەندان کێشە و گرفتی بەدوای خۆیدا هێناوەتەوە؛ گرنگترینیان بەزاندنی سەروەریی ئەم وڵاتانەیە؛ جگە لەمە سوپای تورکیا ژمارەیەکی زۆری بنکەی سەربازیی لەسەر خاکی هەر یەك لە عێراق و سووریا جێگیر کردووە. لەم چوارچێوەیەدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جموجۆڵێکی فراوان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق (هەرێمی کوردستان) دەستی پێ کردووە و کاردانەوە و مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنایەوە. لەم بابەتە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی هۆکار و لێکەوتەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییانە بخەینە ڕوو کە بەردەوام لەلایەن سوپای تورکیاوە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

**بۆچی لەم کاتەدا تورکیا جموجۆڵە سەربازییەکان و ژمارەی هێزەکانی لە سنووری عێراق و لە قووڵایی هەرێمی کوردستان زیاد کردووە؟**

سەرەتا با ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەنقەرە لە هەر دەرفەتێکدا کاری بۆ ئەوە کردووە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی “پەکەکە” و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق، زەق بکات و بیخاتە ڕوو و پەیامی ئەوە بنێرێ کە بەڕاستی تورکیا بەهۆی چالاکی و جموجۆڵەکانی چەکدارانی “پەکەکە” ناڕازی و

نیگەرانە. بۆیە ئەگەر شرۆڤەیەکی گشتی بۆ سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" بۆ عێراق بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بابەتی سەرەکیی دانوستانەکان ڕەهەندەکانی ئاسایش بووە. تورکیا، بەتایبەت لەسەردەمی ئاك پارتی (حزبی داد و گەشەپێدان) هەوڵی داوە لە چوارچێوەی سێ بابەتدا کێشەی چەکدارانی "پەکەکە" چارەسەر بکات: یەکەمیان، لایەنی سیاسییە. زۆر جار دەبیستین کە بەرپرسە باڵاکانی تورکیا لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سیاسییەوە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن سنوورێك بۆ چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکە دابنێن بەڵام گرفتە هەرە گەورەکە لەوەدایە کە عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ بڕیاری خۆی لەم بارەوە بدات. سەرەڕای سستیی دانوستاندن و هەوڵە سیاسییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام ئەنقەرە هیچ کاتێك نەیویستووە دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دابخات. دووەمیان لایەنی ئابووری و ئاوە. ئەنقەرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کارتی ئاو و ئابووریی بەرامبەر بە عێراق بەکار هێناوە بە مەبەستی گوشارخستنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی لانی کەم چاوپۆشی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا بکات بۆ گۆشەگیرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بابەتی سێیەمیش بریتییە لە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوپای تورکیا دخزێتە قووڵایی زیاتر لە خاکی عێراق.

تورکیا ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ڕووبەڕووی گرفت و کێشەی سیاسی و ئابووری و دارایی زۆر بۆتەوە بەهۆی ئەو سیاسەت و ستراتیژییەی کە تا ئێستا ئاك پارتی و ئەردۆغان پەیڕەویان کردووە، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و داراییەوە تورکیا گەیشتۆتە لێواری داڕمانی ئابووری. جگە لەمە، بوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری بیانی لەم وڵاتەدا، بەتایبەت پەنابەرە سوورییەکان، ناڕەزایەتییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە؛ تەنانەت بۆ یەکەم جار لە چەند شارێکی تورکیا دەست کراوە بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە دژی پەنابەرە بیانییەکان. هەروەها لە ڕووی سیاسییەوە سەرەڕای ئەوەی سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغان، چەندان جار جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیا ئەنجام نادرێت، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا، ئاك پارتیی دەسەڵاتداری، کردووە بە حزبی دووەم و "جەهەپە"یش بۆتە حزبی یەکەم.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو وەکوو هۆکارەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییەی کە تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە:

**یەکەم:** ئەردۆغان بۆ سەرقاڵکردنی ڕای گشتی لە تورکیا، هەوڵ دەدات ژینگەیەکی وا دروست بکات، تیایدا وا وێنا بکرێت کە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە؛ وا دەردەخات یەکێك لەم مەترسییانەیش مەترسیی تیرۆرە و بانگەشەی ئەوە دەکرێت ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. سەرچاوەی ئەم مەترسییەیش چەکدارانی "پەکەکە" و هێزە نزیکەکانیەتی لە عێراق و سووریا. بۆیە گۆڕینی بابەتی ڕۆژەڤی تورکیا بەم بابەتەوە کەمێکیش بێت، سەرنجەکان بۆ سەر قەیران و کێشە سەرەکییەکانی دیکەی ناوخۆی تورکیا ـ تا ڕاددەیەکیش بێت ـ کەمتر دەکات.

با ئەوە لەبیر نەکەین ئەردۆغان لە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی 2015 کە تیایدا ئاك پارتی نەیتوانی ئەو زۆرینەیە بەدەست بهێنێت، لە ڕێگەیەوە بتوانێ بەتەنیا کابینەی حکوومی پێك بهێنێت، ڕاستەوخۆ دەستی بە هەڵمەتێکی فراوانی کرد لە دژی چەکدارانی "پەکەکە" و بە شێوەیەکی

فەرمییش کۆتاییی بە پرۆسەی ئاشتی هێنا لە تورکیا و، کەشوهەوایەکی ئاوای دروست کرد چەکدارانی "پەکەکە" مەترسین و دەبێت حکوومەتێکی سەقامگیر هەبێت تا بتوانێ ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە ببێتەوە. ئەم هەوڵەی ئەردۆغان بۆ ئەو کاتە سەری گرت و توانیی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2015 سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بتوانێ بەتەنیا کابینەی حکوومی پێك بهێنێت.

بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ئەم جارەیش ئەردۆغان هەوڵ دەدات هەمان سیناریۆی دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ساڵی 2015 دووبارە بکاتەوە، بەڵام لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: **ئایا لە کەشوهەوای ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیی ئێستا، ئەردۆغان لە جێبەجێکردنی ئەم پلان و ستراتیژییەی، سەرکەوتوو دەبێت؟**

**دووەم:** سەرەڕای ئەوەی ئاك پارتی لەسەرەتای گەیشتنی بە دەسەڵات تا دوای ساڵی 2015یش هیچ کاتێك هەوڵ و ستراتیژییەتێکی ڕوون و ئاشکرای نەبووە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، تەنانەت هەوڵەکانی ئاك پارتی بۆ پرۆسەی ئاشتی، تەنیا بۆ ئەوە بووە دەنگی دەنگدەری کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکات و تا ڕاددەیەکیش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو توانیی ببێتە تاکە حزبی سیاسی و بتوانێ لەسەرانسەری تورکیا دەنگ بهێنێت. بۆیە ئاك پارتییش (ئەردۆغان) پلان و ستراتیژییەتێکی ڕاستەقینە و ڕوونی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا. لەبەر ئەمە، دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییانە لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکەی ئەردۆغان دێت، کە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە تورکیا و دەرەوەی خاکی تورکیا. لە لایەکی دیکە ئاك پارتی و مەهەپە (حزبی نەژادپەرستی تورکیا) هاوپەیمانن؛ هاوپەیمانییەکی لەم جۆرەیش ڕێگە بە نزیکبوونەوە و ئاساییکردنی پەیوەندییەکان نادات لەگەڵ کورد و بەتایبەتی "پەکەکە".

**سێیەم:** یەکێك لە شانازییەکانی بەرپرسانی تورکیا بریتییە لەوەی کە ئێستا چەکدارانی "پەکەکە" زیاتر چالاکییەکانیان لە دەرەوەی خاکی تورکیا بەڕێوە دەبەن و ئەنجامی دەدەن. لەم چوارچێوەیەدا یەکێك لە پلانە ستراتیژییەکانی وەزارەتی بەرگری و سوپای تورکیا، کارکردنە بۆ لەناوبردنی چەکدارانی "پەکەکە"؛ ئەگەر ئەمەیش نەکرا، ئەوە لانی کەم دەبێ چەکدارانی "پەکەکە" لە سنوور و خاکی تورکیا دوور بخرێنەوە. هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین تورکیا زنجیرە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە خاکی هەرێمی کوردستان دەست پێ کردووە بە مەبەستی دوورخستنەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە سنوور و خاکی تورکیا. جگە لەمە تورکیا بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەوە نادات قەندیل بە شەنگالەوە ببەسترێتەوە؛ هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات قەندیلی دووەم لە شەنگال دروست نەبێت، سەرەڕای ئەوەی "پەکەکە" و هێزە نزیکەکانی لێی، چەندان هەنگاوی جددییان بڕیوە لە شەنگال.

**چوارەم:** تورکیا لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە"، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی ئەنجام داوە. پێشتر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لەسەر بنەمای "هێرش بەرە و بکشێوە" بوو. واتا تەنیا ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بوو و دوای ئۆپەراسیۆنەکە ڕاستەوخۆ دەکشایەوە و لەو شوێنە جێگیر نەدەبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی زنجیرە ئۆپەراسیۆنەکانی "چڕنووك" لە مانگی مایسی ساڵی 2019 کە تا ئێستا درێژەی هەیە، دوای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، لەم شوێنانە ناکشێتەوە کە هێرشی دەکاتە سەر، ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی سەربازییەوە لەوێ جێگیر دەبێت. ئەمە ڕەهەندی سەرەکیی گۆڕانکارییەکەیە.

ڕەهەندێکی دیکەی بریتییە لە شێوازی سزادان؛ واتا هێرشکردنە سەر هەندێك خاڵ و ئامانجی دیاریکراو و دەستکردن بە کوشتنی بەرپرسە گرنگەکانی "پەکەکە" و بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی ڕفاندن و لەناوبردنی چەکدارانی "پەکەکە" و هاوکارانی. بۆیە دەکرێ دوایین جموجوڵە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە خاکی عێراق لەم چوارچێوەیەدا شرۆڤەی بۆ بکرێت.

**- ئایا تورکیا دەتوانێ لە ڕێگەی ئەم جموجوڵە سەربازییانەوە کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت؟**

پێش ئەوەی ئاك پارتی لە ساڵی 2002 لە ئەنقەرە بگاتە دەسەڵات، ئامانجی ئەوەی هەبووە بەتەواوەتی "پەکەکە" لەناو بەرێت. بەڵام ئەزموون و واقعی سەرگۆڕەپان پێچەوانەی ئەوەن کە ئەنقەرە بتوانێ بەئاسانی کۆتایی بە بوونی "پەکەکە" بهێنێت، چونکە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە "پەکەکە" تەنیا هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار نییە لە ناوخۆی تورکیا؛ ئۆپۆزیسیۆن پەلیکێشاوەتەوە وڵاتانی دراوسێی تورکیا و جگە لەمەیش، بەتایبەت لە سووریا، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێت. بۆیە لە هاوکێشە هەرێمییەکانیشدا "پەکەکە" بەهۆی ئەو پاڵپشتییە هەرێمی و تا ڕاددەیەکیش نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی، توانیویەتی ببێتە هێزێکی چەکداری نەخوازراوی کاریگەری ناوچەکە.

**بۆیە پێ ناچێت تورکیا بتوانێ بەتەواوەتی کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" وەکوو پێکدادانێکی دوو هێزی نیزامی نییە بەڵکوو "پەکەکە" لە چەند ئاراستە و ڕووەوە هێرشەکانی خۆی ئەنجام دەدات؛ هەم لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاکی عێراق (هەرێمی کوردستان) و هەمیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاکی سووریا؛ جگە لەمەیش ئێستا ڕێژەکەی کەمیش بێت جاروبار هەندێك چالاکی لەناو خاکی تورکیاش ئەنجام دەدات. کۆتاییهێنان بە هێزێکی چەکدار و پاڵپشتیکراو و مەشقپێکراوی وەکوو "پەکەکە" کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە جموجوڵ و کاری زیاتر هەیە. واتا لە گۆڕەپان زۆر سەختە کۆتایی بە لایەنێك بهێنرێت چیا و خاکی وڵاتانی دراوسێی بەکار بهێنێت.

**دووەم:** هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکە جارێ ڕێگە بەوە نادات "پەکەکە" کۆتایی پێی بێت، چونکە لە لایەك ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی چەکدارانی "پەکەکە" دەکات؛ ئەمەیش نیگەرانییەکی قووڵی بەرپرسانی تورکیای لێ کەوتۆتەوە. لەم چوارچێوەیەدا وەزیری بەرگریی تورکیا "یەشار جووڵەر" لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی لەگەڵ کەناڵی سی ئێن ئێنی تورکی ڕای گەیاند **"لەگەڵ هاوڕێ ئێرانییەکانمان قسە دەکەین و پێیان دەڵێین: "سەیری کەن، ئەوە لەم خاڵەوە چەکدارانی پەکەکە هاتنە نێو خاکی ئێران و ئێمە دەزانین کە هاتوونەتە کام شوێن." شوێنەکەیان بۆ دەستنیشان دەکەین و دەیاندەینێ، چونکە لە ڕێگەی درۆنەوە چاودێرییان دەکەین. هاوڕێ ئێرانییەکانمان وەڵامان دەدەنەوە و دەڵێن: "ئێمە تەماشای ئەو شوێنەمان کرد هیچ کەسی لێ نییە!" ئەمە هەڵوێستێکی جوان نییە. بێ گومان نیگەرانین.**

لە لایەکی دیکە تورکیا نیگەرانە بەهۆی هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا لەم بارەیەوە. "یەشار جووڵەر" لە هەمان چاوپێکەوتندا ڕای گەیاند: **"لە ڕاستیدا لەم بابەتەدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان ڕێك نەکەوتووین. هاوپەیمانانمان پێمان دەڵێن، ئێمە لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش یارمەتی پێشکەشی ئەو چەکدارانە دەکەین کە لە ناوچەکەدا هەن، ئێمەیش پێمان ڕاگەیاندووە ئەو گرووپە چەکدارانەی کە ئێوە ئاماژەی پێی دەکەن، ئەوە خودی پەکەکەیە. ئێمەیش داوای ئەوەمان لە هاوڕێیانمان**

**کرد کە ئەگەر ئێوە پاڵپشتییان دەکەن بەئاشکرا ڕاگەیەنن کە پاڵپشتییان دەکەن، بەڵام کە ئێوە ڕادەگەیەنن و پێمان دەڵێن ئێمە پاڵپشتییان لێ ناکەین، ئەمە گاڵتەکردنە بە عەقڵمان!"** بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی کۆتاییپێنەهێنان بە "پەکەکە" ئەم خاڵە بێت.

**سێیەم:** ڕەنگە ئەم خاڵە هەندێك سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام واقعە و ڕاستییەکی تاڵە کە  تورکیا چەندان ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە، خودی ئەو حکوومەت و دەسەڵاتە سیاسی و سەربازی و ئەمنییە لەگەڵ ئەوەدا نەبن بەتەواوەتی کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنرێت؛ چونکە هەم لە ڕووی دابینکردنی بوودجە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەمیش بەکارهێنانی کارتی مەترسیی بوونی "پەکەکە" بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و لایەنە سەربازی و ئەمنییەکانەوە، ئەم بابەتە بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێنراوە.

ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سیاسیی تورکیا بکەین لە کۆتاییی هەشتاکانەوە تا ئێستا، دەبینین هەمیشە فاکتەری بوونی "پەکەکە" لەلایەن سوپا و لایەنە ئەمنییەکان و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانەوە بەکار هاتووە، بۆیە پێ ناچێت تا ئێستا دەسەڵاتێکی سیاسی دەرکەوتبێت و کاری جددیی کردبێت بۆ کۆتاییهێنان بە "پەکەکە". واتا بە وشەیەکی دیکە، بوونی "پەکەکە" هەم لە ڕووی ماددییەوە و هەمیش لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە لەلایەن دامەزراوە و لایەنی سیاسیی جیاوازەوە بەکار هێنراوە.

**چوارەم:** بۆ کۆتاییهێنان بە "پەکەکە" ، ئەنقەرە پێویستی بە هەماهەنگیی ڕاستەقینەی وڵاتانی دراوسێ و لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەیە؛ بۆ نموونە خودی حکوومەتی عێراق گەر بیەوێت گوشار بخاتە سەر "پەکەکە"، ئەوە بەبێ ڕەزامەندیی هەرێمی کوردستان (بە پارتی و یەکێتییەوە) ناتوانێت ئەم کارە بەتەنیا ئەنجام بدات. بە لەبەرچاوگرتنی هاوکێشە سیاسی، سەربازی، ئەمنی و ئابوورییەکانی ناوچەکە، دەتوانین بڵێین ئەنقەرە ناتوانێت بەتەنیا کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت ئەگەر وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و وڵاتانی ڕۆژاوا یارمەتیی نەدەن. پێشکەشکردنی ئەم یارمەتییەیش بۆ قۆناغی ئێستا زەحمەتە، چونکە تێڕوانینی لایەنەکان بۆ "پەکەکە" جیاوازییەکی زۆری لەبارەوە هەیە.

**ئایا تورکیا لەبارەی جموجۆڵە سەربازییەکانییەوە، لەگەڵ عێراق و ئێران ڕێک کەوتووە و گڵۆپی سەوزی لێیان وەرگرتووە؟**

بەرپرسانی تورکیا بەردەوام لەسەردانەکانیان بۆ تاران و بەغدا جەخت لەسەر بابەتی چەکدارانی "پەکەکە" دەکەنەوە، بەتایبەت لەگەڵ بەغدا. ئەنقەرە زۆر بەڕاشکاوانە داوا لە عێراق دەکات کە ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا بپارێزێت و ڕێگە بە ئەنجامدانی چالاکیی سەربازی بۆ سەر خاکی تورکیا نەدرێت. ئەم داواکارییەی تورکیا بۆتە ستراتیژییەتێکی بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی 28ی مایسی ساڵی 2023، "هاکان فیدان" کرایە وەزیری دەرەوە و "ئیبراهیم کالن"یش کرایە سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا. پاش ئەم هەنگاوە جووڵەیەکی دیپلۆماسیی چڕ لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا و هەولێر دەستی پێی کرد. ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم هاتوچۆ دیپلۆماسییە، بریتی بوو لە پەیوەندییە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرە. دەرەنجامی سەرەتاییی ئەم جموجۆڵە دیپلۆماسییەی ئەنقەرە بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراقی لە 14ی ئازاری ساڵی 2024 بەدەرکەوت، کە بڕیارەکە "پەکەکە" بە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو ناوزەد دەکات.

بێ گومان ئەمە ئامانجی کۆتایی تورکیا نییە، چونکە ئەنقەرە دەیەوێت عێراق وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی خراپ نەبوو بۆ ئەنقەرە؛ ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی عێراقی بێ گومان بەبێ ئامادەکاری و ڕێککەوتنی پێشوەختەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ئەنقەرە ڕانەگەیەنراوە بەڵکوو پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر ئەنجام دراوە.

بۆ وەڵامی پرسیاری **ئایا تورکیا لەگەڵ عێراق و ئێران ڕێك کەوتووە و گڵۆپی سەوزی لێیان وەرگرتووە؟** دەکرێ لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە:

**یەکەم:** هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ئەم جموجۆڵەی تورکیا لەخۆڕا نەهاتووە و تاکلایانە نییە. پێشتر چەندان کۆبوونەوەی لەبارەوە ئەنجام دراوە؛ سەرەتا لە 19ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2023 لە ئەنقەرە لووتکەیەکی ئەمنی ڕێك خرا بە بەشداریی دوو شاندی ئاستبەرزی عێراق و تورکیا، کە وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان، سەرۆکایەتیی شاندنی تورکیی دەکرد و وەزیری دەرەوەی عێراق و جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق، فوئاد حوسێن، سەرۆکایەتیی شاندی عێراقیی دەکرد. بەرپرسە باڵا ئەمنی و سەربازییەکانی هەردوو وڵات بەشدارییان لە شاندەکان کرد. لە خاڵی دووەمی ڕاگەیەنراوی هاوبەشی هەردوو شاندەکە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەماهەنگی لە بواری ئەمنی و کێشەی ئاو و گرفتە هەرێمییەکان، گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە هەردوو لا دانوستانیان لەبارەوە کردووە. ئەم کۆبوونەوەیە وەکوو بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و لووتکەی هاوشێوەی دیکە لە نێوان هەردوو لا.

لە 14ی ئازاری ساڵی 2024، شاندێکی ئەمنی و دیپلۆماسی و سەربازیی باڵای تورکیا گەیشتە بەغدا کە پێك هاتبوو لە: وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان و وەزیری بەرگریی تورکیا، یەشار جووڵەر و سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا، ئیبراهیم کالن و، شاندەکەی عێراقیش بە سەرۆکایەتیی وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکوەزیران، فوئاد حوسێن بوو و بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و هەواڵگریی عێراق و نوێنەری هەرێمی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو. گرنگترین هەنگاو لەم لووتکە ئەمنییەی لایەنەکان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی "پەکەکە"، خاڵی پێنجەمی ڕاگەیەنراوی هاوبەشی هەردوو لا بوو کە دوای کۆبوونەوەکان بڵاو کرایەوە. لەم خاڵەدا هەردوو لا گەیشتنە ئەوەی کە "پەکەکە" مەترسییەکی ئەمنیی ئاشکرایە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا و، بوونی "پەکەکە" لەسەر خاکی عێراق پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستووری عێراقە و، هەروەها هەردوو لا ڕاوێژیان کردووە دەربارەی ئەو ڕێکخراو و گرووپانەی، کە لەسەر خاکی عێراقەوە تورکیا دەکەنە ئامانج.

دوای ئەم دوو لووتکە ئەمنییە گرنگە، دوای 12 ساڵ سەرۆککۆماری تورکیا "ئەردۆغان" بە سەردانێکی فەرمی لەگەڵ شاندێکی فراوان- کە پێك هاتبوون لە بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و بازرگانی- لە 22ی نیسانی ساڵی 2024 گەیشتە بەغدا. لەم سەردانەیش بە هەمان شێوە بابەتە سەرەکییەکەی ئەنقەرە لایەنی ئەمنی و بوونی چەکدارانی "پەکەکە" بوو لەسەر خاکی عێراق. ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژیی نێوان عێراق و تورکیا، گرنگترین ئەو بوارانە بوو کە هەردوو لا لەسەری ڕێك کەوتن.

لە ئەنجامی ئەم جموجۆڵ و هەوڵە دیپلۆماسییانە دەتوانین بڵێین کە تا ڕادەیەکی باش ژێرخانی هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە خاکی عێراق، دروست بووە.

**دووەم:** ئێران سەرەڕای ئەوەی نایەوێت بە هیچ شێوەیەك سوپای تورکیا لە خاکی عێراق جێگیر بێت و بەردەوام دژایەتیی ئەم خاڵەی کردووە، بەڵام پێ دەچێت تاران بەهۆی هەندێك دەسکەوت و بەرژەوەندی لە سووریا و قەفقاز، بەم هەنگاوەی تورکیا ڕازی بوویێت. جگە لەمە هەوڵێکی جددی هەیە لە نێوان ڕووسیا، تورکیا، ئێران و سووریا بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو پێك بهێنن و گرژییەکانی نێوان تورکیا و سووریا نەهێڵن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا وەزیرانی بەرگری و بەرپرسانی دەزگەکانی هەواڵگریی هەر چوار وڵات لە مۆسکۆ لە ڕێکەوتی 25ی نیسانی ساڵی 2023 کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵییان ئەنجام دا و، گرنگترین تەوەرەکانی کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکە بریتی بوو لە ئاساییکردنەوەی ئاسایشی سووریا، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا-سووریا، بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سووریا و زەمینەخۆشکردن بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوورییەکان بۆ خاکی خۆیان. پاش ئەم کۆبوونەوە چوارقۆڵییە، کۆبوونەوەیەکی دیکەی چوارقۆڵی لە مۆسکۆ بە بەشداریی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیا و ڕووسیا و سووریا لە ڕێکەوتی 10ی مایسی ساڵی 2023 ئەنجام درا و ئامانجی کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکەی مانگی مایس بریتی بوو لە هەنگاونان بەرەو قۆناغی دووەم لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و کارکردن بە شێوەیەکی کردەیی لەسەر زەمینی واقعدا. ئەم کۆبوونەوە چوارقۆڵییانە لەژێر چاودێریی ڕووسیا بەڕێوە چوو.

ئەردۆغان لە ڕێکەوتی 7ی تەممووزی 2024 لە دوایین لێدوانیدا ڕای گەیاند کە پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی "مەسعوود پزیشکیان" وەکوو سەرۆککۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەرەچەڵەك ئازەرییە، بەرەو باشی دەڕوات؛ هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە ناوچەکە تورکیا تاکە وڵاتە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران لە باشترین ئاستیەتی. سەرجەم ئەم هەنگاو و لێدوان و کۆبوونەوانە ئەوەمان پێی دەڵێ کە نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان تورکیا و ئێران، بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی بنەڕەتییش نەبێت، بۆ قۆناغی ئێستا لەوانەیە ئێران دەربارەی هێرش و جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق هەندێك نەرمی بنوێنێت، چونکە لە هەمان لێدوانەکەیدا ئەردۆغان وتی "چاوەڕێ بن لە هەر کات و ساتێکدا لەگەڵ پووتین بانگهێشتی بەشار ئەسەد بکەین بۆ تورکیا." دەکرێ ئەمەیش ببێتە هۆکارێکی دیکە کە وا لە ئێران بکات لە بابەتی جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر تورکیا نەرمی بنوێنێت.

**لێکەوتە و مەترسییەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

بوونی هێز وسوپای وڵاتێکی بێگانە لە هەر وڵاتێکدا مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەمە پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەروەریی وڵاتەکە؛ هەروەها مانەوەی ئەم هێزانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەوانەیە کێشە و گرفتی زۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت. دەکرێ مەترسی و لێکەوتەکانی بوونی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم چەند خاڵەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** سەرەتا بوونی ئەم هێزە کاریگەرییەکی نەرێنیی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان. بەڕاستی ئەگەر کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەبەرچاو بگرین کە لە ئەنجامیدا "دووئیدارەیی"یەکی دیفاکتۆ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئارا، هەرێمی کوردستانی زۆر لاواز کردووە؛

تەنانەت مەترسییەکی گەورەیشی بۆ سەر قەوارە دەستوورییەکەی دروست کردووە. جگە لەمە جێگیرکردنی سوپای تورکیاش بێتە سەر بە قووڵاییی 30 تا 40 کیلۆمەتر لە خاکی هەرێمی کوردستان، ئەوە هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی لاواز دەکات و کێشە و گرفتی ئەمنیی زیاتری بۆ دەخوڵقێنێت. ئەمە دەتوانین بڵێین مەترسیدارترین لێکەوتەی بوونی هیزی سەربازیی تورکییە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** بوونی هێزی سەربازیی تورکی لە عێراق لە ڕووی یاساییەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێك نەخراوە، بۆیە لە حاڵەتی بوونی هەر کێشەیەك لەگەڵ ئەم هێزە سەربازییانە، چوارچێوەیەکی یاسایی نییە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؛ چونکە کردنەوەی بنکەی سەربازیی بیانی لە هەر وڵاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی لایەنەکان بڕیاری لەبارەوە دەدرێت و کار و ئەرك و ماوەی مانەوەی هێزەکان و یاسا بەرکارەکان دەرهەقیان، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی کردنەوەی بنکەکان ڕێك دەخرێن. ئەمەی تورکیا دوورە لەمە و، هیچ چوارچێوە و بنەمایەکی یاسایی نییە.

**سێیەم:** لەوانەیە ئێستا پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە لە ئاستێکی باشدا بێت؛ بەڵام ئایا گەرەنتیی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکان بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟ ئەگەر پەیوەندییەکانی تێك بچێت ئەوکات هەڵوێستی هەولێر بەرامبەر ئەم هێزانە چۆن دەبێت؟ بێ گومان ئەمانە پرسیاری گرنگن کە دەبێت لە ئێستاوە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی گونجاو و لۆژیکی بۆیان؛ بەپێچەوانە داهاتوو لەم بارەیەوە هیچ ئومێدبەخش نابێت.

**چوارەم:** لەسەر ئاستی نیشتمانی، بوونی هەر هێزیکی بیانی لەسەر خاکی وڵاتەکەدا، نیگەرانی و بێزاریی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە؛ هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەمە. لەگەڵ هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی سوپای تورکیا، نیگەرانی و بیزارییەکی جددی لەنێو خەڵکدا سەر هەڵدەدا و ئەم پرسیارە دروست دەبێ کە: "ئایا بۆچی ئێمە باج و لێکەوتەی ئەو شەڕە بدەین کە تەرەف نین تێیدا؟"

**پێنجەم:** ئەو ناوچانەی کە شەڕ و پێکدادانی تێدا ڕوو دەدات، دانیشتووانی سیڤیلی لێیە و بەم هۆیەوە زیاتر لە 600 گوند لە ناوچە سنوورییەکاندا چۆڵ کراون و ناتوانرێ ئاوەدان بکرێنەوە. ئەمەیش زیانێکی ئابووری، جیۆسیاسی، کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵیی زۆری هەیە بۆ ناوچەکە؛ جگە لە زیانی گیانی کە بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان و هێرشە ئاسمانییەکانەوە، چەندان هاووڵاتی گیانیان لەدەست داوە.

**کۆبەند**

جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە خاکی عێراق، چالاکییەکی نوێی سوپای تورکیا نییە، بەڵکوو ئەوەی ئێستا ڕووی داوە گۆڕانکارییە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی "پەکەکە". جاران تەنیا هێرش دەکرا و دواتر هێزەکان بەبێ ئەوەی جێگیر بکرێن دەکشانەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا تەنیا بە هێرش و ئۆپەراسیۆنی سەربازی کۆتایی پێ نایە بەڵکوو هێزەکان لە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن جێگیر دەکرێن. دیارە ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژییەی سوپای تورکیا تا ڕادەیەکی بەرچاو گوشاری خستۆتە سەر چەکدارانی "پەکەکە"، بۆیە دەبینین "پەکەکە" لەم دواییەدا پەنای بردۆتە بەر سووتاندنی بازاڕ و گوند و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە گوشارێکی بێوێنە هەیە لەسەر چەکدارانی "پەکەکە" و بارودۆخیان وەکوو جاران نەماوە و ناتوانن ئازادانە جموجۆڵ بکەن.

له لایەکی دیکەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ڕێککەوتنێکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ کرابێت لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراق بە ڕەزامەندیی ئەمریکا بۆ جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی تورکیا. بێ گومان ئەم تابلۆیە سەرەڕای ئەوەی تیایدا "پەکەکە" لاواز دەبێت بەڵام بەشێکی گرنگ و ستراتیژیی خاکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسیی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن سوپای تورکیاوە. کشانەوەی ئەم سوپایەیش لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە ئاوا بەئاسانی نابێت؛ بۆیە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوو ناوچەکە زیاتر جموجوڵی سەربازی بەخۆیەوە ببینێت و، دواجار هەرێمی کوردستان باج و زیانی شەڕ و پێکدادانێك دەدات کە خۆی تیایدا تەرەف نییە و ململانێیەکە لەسەر خاکەکەی ئەنجام دەدرێت.

---

# پارسەنگی ئەگەری کردنەوەی بارەگای حەماس لە عێراق

**(خوێندنەوەیەکی ستراتیژییانە بۆ لێکەوتەکانی لەسەر بەغدا و هەولێر)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**فەڵەستینییەکان و حەماس؛ دوو کەیسی جودا لە عێراق**

دوای دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ جوولەکەکانی دونیا لە فەڵەستین لە ساڵی 1948، ئیدی فەڵەستینییەکان لەژێر زەبروزەنگدا دەستیان بە پرۆسەی کۆچ بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکەیان کرد. جوولەکەکان پرەنسیپی وڵاتێکی بێگەل (فەڵەستین) و گەلێکی بێوڵات (جوولەکەکان)یان جێبەجێ کرد. یەکێک لەو وڵاتانەی کە پەنایان بۆ برد، عێراق بوو. پرۆسەی کۆچکردن بەرەو وڵاتی عێراق هەر لە ساڵی 1948 – 2003 بەردەوام بوو. بەپێی داتاکانی کۆمیسیۆنی کاروباری پەنابەران: تا ساڵی 2003 نزیکەی 34 هەزار هاووڵاتیی فەڵەستینی لە عێراق هەبوون، بەڵام ئەو ژمارەیە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کەم بووەوە بۆ نزیکەی 13 هەزار؛ لەناویشیاندا پشکی هەرێمی کوردستان لەو ژمارەیە تەنیا 562 کەسە. هەرچەندە وڵاتی عێراق هەر لە مێژووی خۆیدا یەکێک نەبووە لەو وڵاتانەی کە پەسەندی ڕێککەوتننامەی جنێڤی ساڵی 1951 کردبێ کە تایبەتە بە پاراستنی پەنابەران و، هەرگیز فۆرمێکی یاسایی نەبەخشیوەتە فەڵەستینییەکان، بە ئێستایشەوە. هەر بۆیە ئەوان بێجگە لە پەنابەر هیچ سیفەتێکی دیکەیان نییە. پەنابەرانی فەڵەستینی هەموویان شوێنکەوتووی ئایینی ئیسلام نین، بەڵکوو هەندێ شوێنکەوتووی ئایینی مەسیحیشیان تێدایە؛ بەڵام ڕێژەیان زۆر کەم بوو و لەوانەیە ئێستا بەهۆی گوشاری ڕەوەتە شیعییەکانەوە دوای 2003 کەسیان لە عێراق نەمابێ.

**پەنابەرە فەڵەستینییەکان هیچ پەیوەندییەکی فەرمی یان شوێنکەوتەیی سیاسییان لەگەڵ حەماس نەبووە،**

**بەڵکوو نەک هەر ئەوەیش، هیچ ڕێکخراو یان حزبێکی سیاسی، بەفەرمی بارەگا و ڕێکخستنی لەناویاندا نەبووە؛ کە ئەو بارودۆخەی ئێرە لەوەی کە لە لوبنان هەیە جودایە. هیچ کاتێکیش نەمابیستووە لایەنێکی فەڵەستینی هەوڵی کردنەوەی بارەگای لە عێراق دابێ. کەواتە کەیسی پەنابەرانی فەڵەستینی لە کەیسی حەماس لە عێراق جودایە؛ بەڵام بە کردنەوەی بارەگای حەماس لە بەغدا، دەبنە یەک کەیس و هەمان ئەزموونی ئوردن دووبارە دەبێتەوە.**

بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری ئیسلامیی فەڵەستین کە ناسراوە بە حەماس، وەک کیانێکی سیاسیی چەکدار، دەگەڕێتەوە بۆ مانگی دێسەمبەری ساڵی 1987، بەڵام ناوەکەی لە مانگی یەنایەری ساڵی 1988 بەفەرمی ڕاگەیەنرا. بنەچەی حەماس دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی ئیخوان موسلمین (برایانی موسڵمان/ الاخوان المسلمون). ئەو کۆمەڵەیە هەر لە 25/11/1946 بارەگایەکی سەرەکییان لە فەڵەستین کردەوە، هەرچەندە پێشتر بارەگایەکیان لە قودس لە ساڵی 1945 کردبووەوە؛ واتە سێ ساڵ پێش دروستبوونی دەوڵەتی جوولەکە. ئەودەم لە ڕێگەی کەتائیبی شەهید قەسام کە باڵی چەکداری کۆمەڵەکە بوو لە فەڵەستین لە سەردەمی پێشەوای کۆمەڵەکە، حەسەن بەننا، دژی دروستبوونی دەوڵەتی جوولەکە شەڕیان دەکرد. ئێستایش حەماس باڵە چەکدارەکەی هەر بەو ناوەوە ناو ناوەتەوە.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆمەڵەی برایانی موسڵمان هەڵمەتی چەکدارانەیان لە دژی دەوڵەتی جوولەکە نەبووە؛ تەنیا دەستیان بە کاری خێرخوازییەوە گرتبوو تا ساڵی 1987. گرفتی حەماس لەگەڵ ئیسرائیل، سیاسی نییە، یان باوەڕ و ئایین نییە. وەک خۆیان باسی لێوە دەکەن: گرفتیان ململانێیە لەسەر بوون نەک لەسەر سنوور؛ فەڵەستینیش تەنیا لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە ڕزگار دەکرێ نەک شتێکی دی.

بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستین هەر لە ساڵی 2001 لەلایەن زیاتر لە 70 دەوڵەتی دونیا بە گرووپێکی تیرۆریست ناوزەد و پۆلێن کراوە، کە 62 دەوڵەتیان ڕۆژاوایین و لەناویاندا هەرسێ دەوڵەتەکەی خاوەن ڤیتۆی تێدایە کە بریتانیا و فەڕەنسا و ئەمریکایە. ئێستا ئەو بزووتنەوەیە لە جەنگێکی توندایە لەگەڵ ئیسرائیل و نۆ مانگی ڕەبەقیشی تێ پەڕاند. دوای ئەوەی ئیسرائیل ئامانجەکانی خۆی بەدی هێنا و پێشێلی چەندان ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی و مرۆییشی کرد و دووچاری بەرهەڵستکارییەکی توندیش بووەوە لەگەڵ حەماس، ئەو دوو لایەنە بەشەڕهاتووە خەریکە دەگەنە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتن و وەستاندنی جەنگ؛ چونکە ئیسرائیل پلانی شوێنێکی دیی هەیە، کە ئەویش حزبوڵڵای لوبنانە.

پێویستە ئەو زانیارییەیش بدەین کە لە عێراقیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دوو جاری دیکە ناوی حەماس لە کردەوەی چەکداری بەکار هاتووە؛ ئەوە بوو هەمان ناو لە ساڵی 2003 لەلایەن گرووپێکی سوننیی چەکدارەوە لە دژی سوپای ئەمریکا خۆیان ئاشکرا کرد و خۆیان بە باڵی چەکداری ئیخوان موسلیمین دەزانی، بەڵام هیچ کات کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین لە عێراق نە دانیپێدانان نە ئەو زانیارییەی پشتڕاست کردەوە و جیاوازییەکی زۆریشیان لە ڕووی پرۆگرام و پەیڕەوەوە لەگەڵ حزبی ئیسلامی هەبوو. کردەوەی چەکداریی ئەو گرووپە لە ناوچەکانی بەغدا و ئەنبار و سەڵاحەددین و دیالە و مووسڵ هەبوو، بەڵام پچڕپچڕ. دوایەمین چالاکییان لە مانگی دێسەمبەری 2017 بوو.

**هەر ئەو ناوە ئێستا لەلایەن هەندێ ڕەوتی شیعییەوە بەکار دەهێنرێ بە ناوی میحوەری بەرهەڵستکاری لە**

**عێراق دژی ئەمریکا و ئیسرائیل و لەلایەن ئێرانەوە ئاڕاستە و پشتیوانییان لێ دەکرێ. گرووپە عێراقییەکان ئەمانەن: ڕێکخراوی بەدر، کەتائیبی حزبوڵڵای عێراقی، عەسائیبی ئەهلی هەق، بزووتنەوەی نوجەبا ( لیوای چەکداری 112ی ناو حەشدی شەعبییە)، کەتائیبی سەییدوشوهەدا ( لیوای چەکداری 114ی ناو حەشدی شەعبییە). کەواتە میحوەری بەرهەڵستکار تەواو لەناو حکوومەتدا جێگەیان هەیە و کاریگەرن و خاوەنی ئەمانەن: وەزیر، بەرپرسی جۆراوجۆر، ئەندامی پەرلەمان، سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشد لەناو وەزارەتی بەرگری و هتد.**

ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە سەرکردەکانی حەماس بیر لەوە دەکەنەوە کە بەرەو بەغدا بگوێزرێنەوە و وڵاتی قەتەر جێ بهێڵن. یەکەم جار هەواڵەکە لەلایەن ڕۆژنامەی The National لە 24/6/2024 بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کرایەوە؛ ئەوان بە مانشێتێکی گەورە نووسیبوویان:

Hamas plans to leave Qatar for Iraq, as pressure from Doha and the US mounts on the group’s political leaders to show greater flexibility in talks for a Gaza .ceasefire

ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکانیش هەمان مانشێتیان بەو مانایە بە شێوەیەکی دی دووپات کردەوە، بۆ نموونە: Israel National News – Arutz Sheva

Report: Hamas planning to leave Qatar for Iraq

Hamas planning to leave Qatar due to US pressure; Iran to take responsibility for .Hamas leaders’ security

Tziki Brandwine

(Jun 24, 2024, 10:32 PM (GMT+3

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە هەواڵەکە بنەمایەکی دروستی هەیە، بەڵام تا هەنووکە لە واقعدا ئەکتیڤ نەبووە، هەرچەندە زیاتر لە سەرچاوەیەکی میدیایی و چەندان بەرپرس و ئەندام پەرلەمانی عێراق و چەند سەرکردەیەکی باڵای شیعە، بەتایبەت میحوەری بەرهەڵستکاری، ئەو دەنگۆیەیان پشتڕاست کردەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش شاندی حەماس بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئەلحافی لە ڕۆژی 27/10/2023 بە بانگهێشت لەلایەن ڕەوتە وەلائییەکانی شیعییەوە سەردانی عێراقیان کردووە، ئەویش بە مەبەستی کردنەوەی دوو نووسینگە بۆ حەماس لە بەغدا: بارەگای نوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسی و، نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی حەماس. شاندەکەیش هیچ کەسێکیان لە حکوومەتەکەی "سوودانی"ی نەبینیوە، بەڵام بە ئاگاداریی حکوومەتی عێراقی هاتوونەتە ناو وڵات، بەڵام ئەوانەی کە دیداریان لەگەڵدا کردوون ئەمانە بوون: ئەبو فەدەک، ئەمینداری پێشووی حزبوڵڵای عێراق، کە ئێستا سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبیی عێراقە، لەگەڵ سەرۆکی ڕەوتی عەسائیبی ئەهلی هەق. لەوەیش زیاتر سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە گوایە "ئیسماعیل هەنییە" لەو بارەیەوە لەگەڵ سوودانی گفتوگۆیان کردووە و تێگەیشتن لەو بارەیەوە کراوە و، هەندێ سەرچاوەیش دەڵێن کە گوایە حکوومەتی عێراقی ڕازییە.

**ئایا ئەو دەنگۆیانەی گواستنەوەی سەرکردەکانی حەماس بۆ بەغدا ڕاستن؟**

پێویستە دوو هەواڵ لە یەکدی جیا بکرێنەوە: هەواڵی گواستنەوەی سەرکردەکانی حەماس بۆ بەغدا، لەگەڵ هەواڵی کردنەوەی بارەگا بۆ حەماس لە بەغدا. دووەمیان دروستترە لە یەکەم؛ هەواڵی یەکەم لەلایەن هەردوو لایەنەوە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام بۆ هەواڵی دووەم، کۆمێنت و لێدوان لەسەری نییە. هەر بۆیە پێ دەچێ دووەم، هەواڵێکی دروست بێ و کاری لەسەر بکرێ.

**کەواتە تا ئەم ساتە ئەوەندەی کە ئاماژەکانی هەواڵەکە بۆ هاتنی حەماس بۆ بەغدا دروستن- ئەگەرچی لە ڕێگەی کردنەوەی بارەگایشەوە بێت- پێچەوانەکەی ئەوەندە دروست نییە.**

**دەکرێ لەو بارەیەوە بپرسین، ئەگەر ئەم هەواڵ و دەنگۆیانە ڕاست بێت، هۆکار و پاڵنەرەکانی چین؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین چەند ئاماژەیەک بدەین:

- لەسەروو هەموویانەوە ئەمریکا خۆیەتی، بۆ ئەوەی گوشار لەسەر حەماس دروست بکات تا بە ڕێککەوتنەکە ڕازی بێ؛ لەسەرووی هەمووو بەندەکانییەوە، ڕزگارکردنی بارمتەکانە.
- برەودان و فراوانکردنی میحوەری بەرهەڵستکاری لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل؛ کە لە ڕووی لۆژیستییەوە ڕەوتە شیعییەکانی سەر بە ئێران ئەرکی بەجێگەیاندنی ئەو بابەتەیان لە ئەستۆیە. ئەودەمیش میحوەری بەرهەڵستکاری تەنیا لە گرووپەکانی شیعەدا جەم نابێ، بەڵکوو سوننەیشی تێکەڵ دەبێ؛ بەڵام تەواو لە بەرژەوەندیی پرۆژەی "أم القری"ی ئێرانە.
- خودی ئێران کە زۆر پاڵپشتیی ئەو بابەتە دەکات، ئەویش لە پێناو پتەوکردنی بیرۆکەی بەرگری لە ئێران لە دوورەوە؛ بەوەی پشتێنەی بەرگریی نزیک بە قووڵاییی وڵات نەبێتەوە. تەنانەت سەرچاوەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو پرۆسەیە: گواستنەوەی سەرکردایەتی یان کردنەوەی بارەگا، کە هەردوو بیرۆکەکە لە بەرژەوەندیی ئێرانە، بە سپۆنسەر و پاراستنی ئاسایشیی خودی ئێران دەبێ؛ ئێرانیش لەو بارەیەوە دڵنیاییی داوەتە حەماس.

**هەڵوێستی لایەنە عێراقییەکان لەمەڕ بابەتەکە کۆدەنگ نییە**

لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق لەژێر دوو جۆر لە هەژموونداییە: هەڵوێستی نەرمە و بیرۆکەی کردنەوەی بارەگای لا پەسەندە؛ بەڵام گواستنەوەی سەرکردایەتی بابەتێکی گەلێک ئاڵۆزە. حکوومەتی عێراقی لە لایەک تەنراوە بە ڕەوتە وەلائییە چەکدارەکانی سەر بە ئێران و ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەوایەتیی حوکمی لەوانەوە وەرگرتووە؛ لە حکوومەتدان، لە پەرلەمانن، لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشدان؛ کەواتە سوودانی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ دژیان بوەستێ. لە لایەکی تریشەوە حکوومەت بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەژێر هەژمونی ئێراندایە و هەر لەلایەن ئەویشەوە ئاڕاستە دەکرێ؛ بیرۆکەکەیش لە بەرژەوەندیی ئێرانە. کەواتە هەڵوێستی حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە بابەتەکە ئەرێنییە.

هەرچی پەیوەندیی بە لایەنە شیعییەکانەوە هەیە، ئەوانیش دوو گرووپن: ئەوانەی کە لە بەرەی بەرهەڵستکاری دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا پۆلێن کراون، بزوێنەری بیرۆکەکەن و لایان پەسەندە. ئەوانی تر لەگەڵ پشتیوانیی حەماسن بەڵام نەک کردنەوەی بارەگا بۆیان لە عێراق، چونکە وا دەبینن کە قەیران و ناسەقامگیری لەگەڵ

خۆیدا دەهێنێ و عێراق دەکاتە بەشێک لەو جەنگەی کە ئێستا لە غەززە هەیە. سوننەکان گەرچی خۆیان بە پشتیوانی ڕاستەقینەی حەماس و گەلی فەڵەستین دەزانن، بەڵام بە چاوی گومانەوە دەڕواننە بابەتەکە، چونکە پێیان وایە هاتن و کردنەوەی بارەگا، لە بەرژەوەندیی سوننە و حەماس نییە، ئەوەندەی لە بەرژەوەندیی شیعە و ئێرانە.

**کورد لەو نێوەندەدا نیگەرانە، چونکە دڵنیایە لەوەی کە کردنەوەی بارەگای حەماس لە بەغدا، عێراق دەکاتە بەشێک لەو هاوکێشە گرژ و ناسەقامگیرەی کە لە نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدایە؛ ئەوەندەی خزمەت بە پرۆژەی ئێران دەکات، تەنانەت ئەوەندە لە بەرژەوەندیی حەماسیشدا نییە. بەڵام تا ئێستا هیچ لێدوانێک لە هیچ بەرپرسێکی هەرێمی کوردستانەوە لەو بارەیەوە ڕانەگەیەنراوە.**

کەواتە تەنیا ئەوانەی کە بەدوای بابەتەکەوەن، تەنیا گرووپە پرۆکسییە شیعییەکانی سەر بە ئێرانن.

**ئەگەر ئێران بەدوای بیرۆکەکەوە بێت، بەرژەوەندیی تێدا چییە؟**

هەمووو سەرەداوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئێران لەپشت بیرۆکەکەوە وەستاوە، چونکە مەبەستیەتی کە:

- لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانی ئیسلامیدا ئەوە بسەلمێنێ کە تەنیا خۆی هەڵگری دروشمی ڕاستەقینەی بەرهەڵستکارییە لە دژی دوژمنانی ئیسلام.
- ئێران مەبەستیەتی کە بەرەی بەرهەڵستکاری لە دژی ئسرائیل و ئەمریکا فراوانتر بکات بە هاتنەناوەوەی حەماس بۆ بەرەی بەرهەڵستکار؛ ئەو کاتە لەبەردەم ڕای گشتیی ئیسلامی تەنیا مۆرکی شیعەگەریی پێوە نامێنێ.
- هێڵی بەرگری لە قووڵاییی ئێران و سەر سنوورەکانی دوور دەخاتەوە و شەڕ و پێکدادانەکان دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل بە گرووپە پرۆکسییەکانی دەکات. ئەمەیش تا ئێستا لەلایەن حەماسەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە کە دەبنە بەشێک لەو میحوەرە، بەڵام ئیسماعیل هەنییە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تۆڕی میدیاییی ڕووداو لە 1/4/2022 بەم شێوەیە دوا:

ڕووداو: پێتان ناخۆش نییە ئێوەیش ناوتان بچێتە ناو ئەو "فەسائیلانەی" کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەکووو "پرۆکسی"ی ئێران شەڕ دەکەن؟ ئیسماعیل هەنییە: نەخێر ئێمە لە فەڵەستین، جەنگمان لە دژی داگیرکاریی زایۆنیزمی ئیسرائیلە و لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نەچووینەتە سەنگەرەوە لە دژی دەوڵەتێکی دیکە. لە هیچ میحوەرێکدا نین لە دژی میحوەرێکی دیکەی ناوچەکە.

- لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە دەتوانێ هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بکات و ئەمریکا ناچار بکات لەگەڵیدا ڕێک بکەوێ و سزاکانی لەسەر هەڵبگرێ و جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، کە هەر گەڕانەوەیەک بۆ ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە لە ڕووی سزاکانەوە لە بەرژەوەندیی ئێرانە و هەڵوێستی دەوڵەتانی ڕۆژاواییش سەبارەت بە چۆنێتیی مامەڵەیان لەگەڵ ئێران پەرت دەکات، ئەویش لە بەرژەوەندیی ئێرانە.
- ئێران لای ڕۆشنە کە ئەمڕۆ بێت یان سبەی، پێکدادان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل ڕوو دەدات؛ سەرەداوەکانی هاوکێشەکەیش تا دێ ڕوونتر بەدەردەکەون. ئەوەیش لای ئێران سەلمێنراوە کە

ئەمریکا لە پارسەنگی سزاکان لە دژی، بێهیوا بووە و خەریکن هەنگاوی تر دەنێن، ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە گرووپە پرۆکسییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ ئەویش لە دوو بەرەی سەرەکییەوە دەست پێ دەکات: لوبنان بە لێدانی حزبوڵڵا و، عێراق بە دوورخستنەوە و کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران بەسەرییەوە. ئەوەیش پێداچوونەوە و پلانی نوێی دەوێت بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق. ئێران وا دەبینێ کە ئەمریکا دەستی بە هەنگاوەکانی کردووە لە دژی.

- دەرکردنی کارتی گوشاری حەماس دەرهەق بە ئیسرائیل لە دەستی دەوڵەتانی کەنداو.

**پێ دەچێ ئێران خۆی بۆ جەنگ ئامادە بکات؟**

وەڵامەکە "بەڵێ"یە، بەڵام ئەو جەنگە نییە کە لەسەر ئاستی ئێران و ئەمریکا، یان ئیسرائیل و ئێران ڕوو دەدا، بەڵکوو جەنگەکە سنووردارە و ڕاستەوخۆ نییە لەگەڵ ئێران؛ لەپێشینەیان جەنگی حزبوڵڵا و ئیسرائیلە. ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا گڵۆپی سەوزیان بۆ جەنگێکی سنووردار بۆ ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵا هەڵکردووە و هەوڵی تەواویش دەدەن کە نەهێڵن ئێران یان گرووپە پرۆکسییەکانی سەر بە ئێران بخزێنە ناوی، تا ئەو جەنگە فراوانتر نەبێ و گرژییەکانی بەرەو ناوچەکانی تر هەڵنەکشێ. کەواتە ئەمریکا لەسەر دوو ئاست جەنگەکە بەڕێوە دەبات: لەسەر ئاستی لوبنان، لەسەر ئاستی عێراق. بەڵام لەم قۆناغەدا بە هیچ شێوەیەک بێجگە لە تەمێکردن دەست بۆ حووسییەکان نابەن. **هێنانی حەماسیش بۆ عێراق تەنیا بۆ مەبەستی فراوانکردن و تۆکمەکردنی بەرەی بەرهەڵستکارییە دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا. سەرچاوەکان ئەوەیش دووپات دەکەنەوە کە هەمان بیرۆکە بۆ کردنەوەی بارەگا بۆ حووسییەکان لە عێراق هەیە؛ بەمەیش عێراق تەواو تێوە دەگلێ.**

**بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا جەنگی سنووردار دژ بە حزبوڵڵا چی دەگەیەنێ؟**

کرۆکی جەنگەکە بۆ وەدەرنانی هێزەکانی حزبوڵڵایە لە باشوور و سەر سنوورەکانی ئیسرائیل تا دوای ڕووباری لیتانی لە باشووری لوبنان. ئەمەیش بیرۆکەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیلە هەر لە ساڵی 1948. ئیسرائیل ئامادەباشیی بۆ ئەو شەڕە کردووە و بە درێژاییی 10کم سنوورەکانی خۆی لەگەڵ لوبنان لە دانیشتووانی چۆڵ کردووە، کە ژمارەیان زیاترە لە 80 هەزار کەس. لە بەری ئیسرائیل 5 فیرقەی سەربازی لە حاڵەتی ئامادەباشیدان لە بەرانبەر 6 کەتیبەی هێزەکانی حزبوڵڵا. ئەو ڕووبەرەی کە ئیسرائیل دەیەوێ بە هێزەکانی حزبوڵڵای چۆڵ بکات تا ڕووباری لیتانی 30 کم بە قووڵاییی ناو لوبنان لە سنووری ئیسرائیلەوە و درێژیەکەیشی زیاترە لە 40 کم. کەواتە ئیسرائیل مەبەستیەتی زیاتر لە 1300 کم دووجا لە باشووری لوبنان لە چەکی هێزەکانی حزبوڵڵا داڕنێ، تا مەترسییەکانی ئاسایشی نەتەوەییی خۆی بەهێز بکات. لە شوێن چەکدارانی هێزەکانی حزبوڵڵا، سەربازی لوبنانی و فەڕەنسی لەو ناوچەیە جێگیر دەکرێن و لە بەری ئیسرائیلیش هێزی ئەمریکی.

ئەو پلانەیش لەلایەن ئەمریکاوە داڕێژراوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری 1701ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو مەبەستە. چەندان جار بۆ ئەو مەبەستە نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا، ئامۆس هوکشتاین، چۆتە لوبنان و

ئیسرائیل، بەڵام لەلایەن حزبوڵڵا ڕەت کراوەتەوە؛ ئێستایش هیچ ڕێگەچارەیەک نەماوە بێجگە لە جەنگ. بەڵام جەنگەکە ئەم ئامانجە دیاریکراوانەی هەیە و جەنگێکی کراوە نییە، کە بریتین لە: زانینی توانای حزبوڵڵا و لەناوبردنی، وەدەرنانی چەکدارانی حزبوڵڵا بۆ دوای سنووری ڕووباری لیتانی، بەکێشەکردنی حزبوڵڵا لەناو لوبنان بەوەی کە هۆکاری ناسەقامگیری و ئاشوب و وێرانکردنی وڵاتە (چونکە لەو جەنگەدا تەواوی ژێرخانی لوبنانیش دەکەوێتە بەر هێرش و مەترسی و بۆردوومان)، هاتنەناوەوەی هێزی نێودەوڵەتی، بەتایبەت فەرەنسی، دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی لوبنان کە یەکێک لە مەرجەکانی داماڵینی چەک دەبێت لە حزبوڵڵا؛ بەو هەنگاوەیش هەژموونی ئێران لە ناوچەکە بەرەو لاوازی دەچێت.

**هەرێمی کوردستان لە پەرچەکرداری ئەو جەنگە لەلایەن گرووپە وەلائییەکان دەکرێتە ئامانج، بەڵام وەک بەرەی جەنگ ئەگەر هاوسەنگی بپارێزێ، تێوە ناگلێ، چونکە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا لە هەوڵی ئەوەدا دەبن تەشەنە نەکات و بەر بە تێوەگلانی ئێران و گرووپە وەلائییەکانی دەگرن. بەڵام پێویستە هەرێم بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو بگرێ و لەگەڵ بەغداش لە پەیوەندیی باشدا بێ و بگاتە ڕێککەوتن، تا ئەزموونی پێشوو دووبارە نەبێتەوە.**

**لە لایەکی ترەوە دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین کە، ئایا ئەمریکا بەو بیرۆکەیە نیگەران نییە؟**

بەپێچەوانەوە ئەمریکا لەو بارەیەوە سوودمەندە، چونکە:

- گواستنەوەی سەرکردەکانی حەماس لە قەتەرەوە بۆ بەغدا، ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی گوشارەکانی دەرهەق بە حەماس؛ بەوەی ئەگەر بە مەرجەکانی ڕازی نەبێ، لە قەتەر دەردەکرێ.
- دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی حەماس لە قووڵاییی پشتیوانیی دەوڵەتانی سوننی؛ چونکە ئەوکات حەماس وەک گرووپێکی پرۆکسیی سەر بە ئێران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و هیچی تر و، لێدانیشی لە هەر شوێنێک بێت ئاسانتر دەبێت؛ بەتایبەت چۆن ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر گرووپێکی شیعی، هەر ئاوایش هێرش دەکاتە سەر بارەگاکانی حەماس لە عێراق.
- هەر نزیکبوونەوەیەکی زیاتری حەماس و بوون بە گرووپێکی پرۆکسی بۆ ئێران، حەماس دەخاتە بەرەی دژ بەو دەوڵەتانەی کە لە ململانێی ڕاستەقینەدان دژ بە هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، وەک: ئەمریکا، ئیسرائیل، تورکیا، دەوڵەتانی کەنداو و چەندان دەوڵەتی تری ئیسلامی.

**با پرسیارەکە نزیکتر بکەینەوە: ئایا ئەو گواستنەوەیە لە بەرژەوەندیی خودی حەماسە؟**

بێ گومان نەخێر، چونکە هەر هاتنێکی حەماس بۆ عێراق لە بەرژەوەندیی ئێران تەواو دەبێ و تا دێ زیاتر لە قووڵاییی جیهانی سوننە دوور دەکەوێتەوە و پشتیوانییەکانی کەم دەبنەوە؛ بگرە بەهۆی نزیکبوونەوەی لە ئێران دوژمنانیشی زێتر دەبن و ئەودەم لە ئێستا زیاتر گەمارۆی دەخرێتە سەر و جووڵە دیپلۆماسییەکانیشی نامێنن و کارئاسانییشی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە بۆ ناکرێ، چونکە وەک ڕەوتێکی وەلائیی سەر بە ئێران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و هیچی تر. ئەمە بێجگە لەوەی کە گوزەران لە غەززە دووچاری تراژیدیا دەبێ، چونکە بە گواستنەوەی سەرکردەکانیان لە قەتەرەوە بۆ بەغدا، تەواوی کۆمەکییەکانیان بە گوشاری ئەمریکا لەلایەن قەتەرەوە لێ دەبڕدرێ؛ ئەو دەوڵەتەی کە هەر لە ساڵی 2016

تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی غەززە لەلایەن ئەوەوە دابین دەکرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حەماس دووچاری گۆشەگیری دەکات. ئەوان لە قەتەر دەتوانن بەناڕاستەوخۆیی لەگەڵ دونیای ئیسلامی لە پەیوەندیدا بن، بەڵام بەهاتنیان بۆ عێراق ئەو شانسەیان کەمتر دەبێتەوە.

**ئەگەر بیرۆکەکە جێبەجێ کرا، ئایا لێکەوتەکانی لەسەر عێراق چی دەبن؟**

لە دوای حەماس، دەوڵەتی عێراقی ئەو لایەنەیە کە گەورەترین باج دەدات؛ هیچ سوودێکی دیپلۆماسی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و سەربازیی چنگ ناکەوێ، چونکە پارسەنگەکەی بەم شێوەیەیە:

- هەڵوێستی نیشتمانیی عێراقی بەرانبەر حەماس و پرسی فەڵەستین، پەرت دەکات. ئەو پەرتبوونەیش لە ئەرزی واقع کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەو ڕەوتە پرۆکسییانەی کە پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکەن.
- زۆربوونی چالاکیی هەواڵگریی دەوڵەتان لە عێراق و تیرۆر؛ بەتایبەت هەواڵگریی دەوڵەتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران و تورکیا. ئەمەیش پێکدادانی هەواڵگریی لێ دەکەوێتەوە و وڵات دووچاری ناسەقامگیری دەکات.
- کردنەوەی چەندان سەربازگەی ڕاهێنان بۆ حەماس لەلایەن ئێران و حکوومەتی عێراقەوە؛ ئەوەیش دەبێتە مایەی ئەوەی کە حەماس دەکاتە گرووپێکی پرۆکسیی ئێران و زۆر لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە و ئەجێندای ئێران بەسەر حەماسەوە هەژموون پەیدا دەکا. ئەو بەبارەگاکردنەیش حەماس وا لێ دەکات کە بەئاسانی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بەئامانج بگیرێ؛ ئەودەمیش پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی عێراقی لێ دەکەوێتەوە و هەمان ئەزموونی سووریا لێرە دووبارە دەبێتەوە و وڵات دەکاتە فەزایەکی کراوەی ململانێ و پێکدادان.
- ئەو پرۆسەیە زیاتر عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی گۆشەگیر دەکات؛ دووریش نییە عێراق بگێڕێتەوە بۆ ژێر بەندی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و ویسایەی نێودەوڵەتی.
- حەماس لەلایەن زیاتر لە 70 دەوڵەتی ڕۆژئاوایی، هەر لە ساڵی 2001وە، بزووتنەوەی حەماسیان وەک گرووپێکی تیرۆریستی ئەژمار کردووە، ئەو دەوڵەتانەیش کاریگەرن لەسەر ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری نێودەوڵەتی، بە سێ دەوڵەتە خاوەن ڤیتۆکەیشەوە. بوونی حەماس لە عێراق، "ئەو وڵاتە دەخاتە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانیی تیرۆر دەکات"، ئەوەیش عێراق دووچاری چەندان جۆر لە گەمارۆی ئابووری، سیاسی، دیبلۆماسی و سەربازیی دەکاتەوە.
- قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی؛ چونکە بەو هەنگاوە عێراق زیاتر دەچێتە ناو میحوەری بەرهەڵستکاریی دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل.
- شانسەکانی سوودانی لە پشتیوانیی ئەمریکا و ئەو لایەنانەی عێراقی کە لەگەڵ بیرۆکەکە نین کەم دەکاتەوە؛ چونکە ئەو هەنگاوەی حکوومەتی عێراقی وا لە سوودانی دەکات کە گەمەیەکی مەترسیدار بکات و بەفەرمی عێراق لە میحوەری بەرهەڵستکاری نزیکتر دەکاتەوە و عێراق دەبێتە گۆڕەپانی پاکتاوکردنی سیاسی.
- هەنگاوەکان بۆ لەقاڵبدانی حکوومەتی عێراقی و کەسایەتییە سیاسییەکانی لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە ئەکتیڤتر دەکرێن؛ بۆ نموونە ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن سیناتۆری ئەمریکی لە حزبی کۆماری، "مایک واڵتز"ەوە پێشکەش بە کۆنگرێس کراوە، کە تیایدا پۆلێنی سەرکردەکانی عێراق

دەکات کە تا چەند بوونەتە میکانیزمێک بۆ هەژموونی ئێرانی لە عێراق، ئەویش لەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکە؛ لەناویشیاندا دامەزراوەی دادوەری، بە سەرۆک و ئەندامەکانییەوە.

- تێوەگلاندنی کورد و سوننە لە ململانێیەک کە تێیدا براوە نین و سوودیان پێ ناگەیەنێ لە عێراق؛ چونکە نیشتەجێکردنیان زیاتر دەکەوێتە ناوچەکانی سوننەنشین و ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەت بارەگاکانی مەشق و ڕاهێنانی حەماس، تا لە کاتی هێرش و بۆردوومان زیاتر ناوچە سوننی و کوردییەکان دووچاری زەرەر ببن.

**هەرچی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە لەو بارەیەوە، دەکرێ بڵێین:**

- کاریگەرییە نەرێنییەکانی دژ بە هەرێم تەنیا لە دوو ڕووەوەیە: نیشتەجێکردنیان لە ناوچە جێناکۆکەکان و کردنەوەی بارەگای مەشق و ڕاهێنان بۆیان و نیشتەجێکردنیان لەو ناوچانە کە دواتر گرفتی گۆڕینی دیمۆگرافیای لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە ترس لەوە هەیە کە هەمان ئەزموونی موجاهیدینی خەلقی ئێران دژ بە کورد دووبارە ببێتەوە و لەلایەن ئێران و گرووپە پرۆکسییەکانییەوە ئاڕاستە بکرێن.
- گوتاری سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێ بەو ئاڕاستەیە بێت کە کردنەوەی بارەگا بۆ حەماس، زیاتر لەوەی ئێستا عێراق دەکاتە بەشێک لەو ململانێ توندەی کە لە ناوچەکە هەیە و پەیوەندییەکانی وڵات لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی دووچاری قەیران دەکات، بەڵام زەرەری بۆ ناو هەرێم بەدوور دەزانرێ. ئەگەر حکوومەتی عێراقیش سوورە لەسەر ئەوەی بارەگایان بۆ بکاتەوە، با بارەگاکە لە پایتەخت بێ و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسی-نیشتمانی بێت، نەک هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران.
- دەکرێ هەرێمی کوردستان لەو پرۆسەیە سوودمەند بێ، چونکە پارسەنگەکەی ناسەقامگیری و چوونەناو میحوەری بەرهەڵستکارییە لەلایەن عێراقەوە؛ ئەمەیش زیاتر کورد لە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا نزیکتر دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە لێرە گرنگە ئەوەیە کە هەرێم دەبێ لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا، هاوسەنگیی خۆی بپارێزێ.
- لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل، هەرێمی کوردستان پریشکی زۆری بەرناکەوێ، تەنیا پەرچەکردار نەبێ؛ بەڵام نابێ بخزێ و تێوە بگلێ؛ دەبێ بێلایەن و هاوسەنگی بپارێزێ، چونکە ئەو جەنگە ئاماژەی سەوزی لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە بۆ ئیسرائیل هەڵکراوە، ئەویش بەو مەرجەی کە جەنگەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە سنووردار بێ و هەڵکشان تێیدا ڕوو نەدات. بەڵام لە بەرانبەردا ئێران مەبەستی هەڵکشانی هەیە تا حزبوڵڵا لە شکست قوتار بکات.

# مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی

**قەرەنی قادری**

**ناسینی ماف، سەرەتای هەوڵدانە بۆ ژیان و ئازاد بیرکردنەوە، هەروەها دەستپێکیشە بۆ چڤاکێکی گەشەسەندوو. دەستەبەرکردنی مافەکان، گەشەی تاک و هەڵدانی کۆمەڵە. جڤاکێکی بەهێز، لە گرەوی تاکە بەهێز و وشیارەکانیدایە.**

ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان، هەروەها پاراستن و بەرگریکردنیان لەلایەن حکوومەتەوە، پلەی ئاسایشی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و تاک لە وڵاتدا بەرز و بەرزتر دەکاتەوە. هەردوو چەمکی "مافی مرۆڤ" و "مافی هاووڵاتی"یش، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مافی ژیان و ئازادییەکانەوە هەیە.

"مافی مرۆڤ" (Human rights)□ کۆمەڵە مافێکن کە ژیانی مرۆڤایەتی دەگرنەوە؛ ئەمەیش ڕەنگ، چین، نەتەوە، ئایین و، تەنانەت بیر و هزریش ناناسێت و پانتایی جیهانیشی داگیر کردووە. لە هزرە بنەڕەتییەکانی لیبراڵیزمدا، مافی ژیان و ئازادبوون، بە مافی سروشتی ئەژمار دەکرێن. حکوومەتەکان بەرپرسن لە دابینکردن و پاراستنی ئەو مافانە، هەروەها ئەرکی هاووڵاتیانیشە کە بەرگری لەو مافانە بکەن و پەرەیان پێ بدەن.

مافی دەربڕین و نووسین، خۆپیشاندان، خوێندن، مافی ژیان، مافی پۆشینی ئازادانەی جلوبەرگ و گەڵاڵەکردنی شێوازی ژیان، هەندێک لە مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤن. بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤیش لەسەر **ئەم چوار کۆڵەکەیە بنیات نراوە: □- "سەروەریی یاسا"** (بەرامبەریی مرۆڤەکان لە بەردەم یاسا)دا، □- **"سەروەریی عەقڵ و ئاوەز"** (نەک ئایدیۆلۆژییەکان)، □- **"مرۆڤتەوەری"** (مرۆڤ سەرچاوەی دەسەڵاتە) و □- **گرنگی و دەوری تاک**، کە لە دەنگی زۆرینەدا خۆی دەدۆزێتەوە، **بەڵام "مافی کەمینە"یش پارێزراو دەبێت.**

لەبەر ئەوە، مافی مرۆڤ ناوچەیی نییە و سنووربەزێنە، چونکە شتێک نییە بە ناوی مافی مرۆڤی ڕۆژاوایی، مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، مافی مرۆڤی ئیسلامی، یان مافی مرۆڤی مەسیحی. لە جیهانی ئەمڕۆدا، ژیان و ئازادیی مرۆڤەکان، تەنانەت دیموکراسییش، بەپێی پێوەری مافی مرۆڤ هەڵدەسەنگێندرێن. هەندێک لە توێژەرانی مافی مرۆڤ دەڵێن: **"بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ باس لە مافی مرۆڤ دەکات، نەک لە بەهاکان."**

مافی مرۆڤ گەرچی جیهانییە و سنوور ناناسێت، بەڵام دەکرێت و پێویستە لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییشدا ڕەچاو بکرێت و، **هەم هاووڵاتیان فێری مافەکانی مرۆڤ بن و هەمیش دامەزراوەکانی حکوومەت ڕابهێندرێن، کە بەرگری لەو مافانە بکەن.**

**"مافی هاووڵاتێتی" (Citizenship rights)**□ کۆمەڵە مافێکن کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیدا لێک دەدرێنەوە و، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەیش بە گوێرەی یاسا دەبنە خاوەنی مافی وەکوو: مافی ژیان، کارکردن، ڕادەربڕین، خوێندن، مافی ژنان، زمان، بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، گەشەی تاک و

گرووپ- کە لە چوارچێوەی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا جێگەیان دەبێتەوە. کۆمەڵناسان لەو بوارەدا، بەردەوام باس لە دەستووری گشتیی وڵاتان دەکەن. لە جیهانی سەردەمدا، ناکرێ باس لە دەستوورێکی گشتیی عەقڵانی و دیموکراتیک بکرێت، بەڵام باسی بنەماکانی مافی مرۆڤی تێدا نەکرێت. گەرچی وێکچوون لەو دوو چەمکە (**مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی**)دا گەلێک زۆرە، بەڵام بواری کاری مافی هاووڵاتی، دەوڵەتێکی دیاریکراو دەگرێتەوە.

دەستووری گشتیی وڵاتێک، گرێبەستێکە لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیی وڵاتێکی دیاریکراودا، کە بەپێی یاساکانی وڵات ڕێک دەخرێت. **مافی هاووڵاتێتی**، باسی سەرەکیی سیستەمی حوکمڕانییە و پەیوەندیی بە هاووڵاتیان و دەستووری گشتییەوە هەیە، بەڵام مافی مرۆڤ، ڕەهەندی جیهانیی هەیە و تەنانەت دەوری "**سەیوانەی یاساکان**" لە یەکە نەتەوەییەکانیشدا دەگێڕێت. کۆچبەران لە وڵاتانی پەنابەروەرگر، هەر لە سەرەتادا لە هەندێک مافی هاووڵاتێتی بێبەشن (ناتوانن لە دەنگدانەکاندا بەشداری بکەن)، بەڵام لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا ژیان بەسەر دەبەن.

شارەزابوونی هاووڵاتیان (تاک) بە ماف و ئەرکەکانیان، کە دەبێ ئەوانیش بەیاسایی بکرێن و یاسا پارێزگارییان لێ بکات، هەم کەسایەتیی تاک دەستەبەر دەکات، هەمیش بنەمای چڤاکێکی دیموکراتیک، ڕۆ دەنێت. ئەمە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی **حکوومەتی یاسا** و **سەروەریی یاسا**. بۆ گەیشتن بەمەیش، دەبێ حکوومەت و دامەزراوەکانی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، ڕۆڵی سەرەکی ببینن.

هاووڵاتیانی خاوەن مافی یاسایی، کە پەیڕەوی لە یاسایش دەکەن، بناغەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و عەقڵانین کە تێیدا کێشە و گرفتەکان بە ڕێگەیەکی هێمنانە چارەسەر دەکرێن، هەروەها مەودای نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتیش کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و، ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتیش بەهێزتر و بەرزتر دەبێتەوە.

**ئازادی** و **یاسا**، لە بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو واتای مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی. هاوسەنگی لە نێوان ئازادی و یاسادا، لە کارە هەرە گرنگەکانە و، **ئەوەیش ئەرکی حکوومەتەکانە کە هاوسەنگییەکی عەقڵانی لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا چێ بکەن.**

بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەپلانەوە لەو بوارەدا هەنگاو هەڵێنێت، پێویستە هەر لە سەرەتادا زانیاری سەبارەت بە مافی مرۆڤ و بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەرفراوان بڵاو بکاتەوە و کاری بۆ بکات، هەروەها کارمەندانی دامودەزگە حکوومییەکانیشی (لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بگرە تا دەگاتە کارمەندانی ئاسایی) ڕابهێنێت کە بەرگری لە مافی هاووڵاتیان و مافی مرۆڤ بکەن.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بە گشت لقەکانییەوە، کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی، هەروەها دامودەزگە هزرییەکان، دەتوانن ڕۆڵی گەلێک جددی لە ناسینی ماف لە هەرێمی کوردستاندا بگێڕن.

هاوسەنگی لە نێوان "یاسا" و "ئازادی"دا لە ئەرکە هەرە قورسەکانی حکوومەتە، چونکە "یاسا" بەبێ

“ئازادی”، چڤاک دەخنکێنێت و، “ئازادی”یش بەبێ “یاسا”، کۆمەڵ بەرەو هەڵدێر دەبات؛ بۆیە ئەم دووانە (یاسا و ئازادی) دووانەن و پێکەوە مانا دەدەن!

**سەرچاوەکان:**


/https://fa.amnesty.org

https://ir.voanews.com

https://www.sida.se


---

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و بەڵێنی گۆڕانکاریی گەورە لە بریتانیا:

**سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانیا و سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا کێیە؟**

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی پێنووس**

لە ڕێکەوتی ٤ی تەممووزی 2024، زیاتر لە 46 ملیۆن کەس لە ئینگلاند، سکۆتلاند، ویڵز و ئایرلاندی باکوور مافی دەنگدانیان هەبوو بۆ ئەوەی 650 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا بۆ پێنج ساڵی دیکە هەڵبژێرن. بۆ پێکهێنانی حکوومەت حزب و هاوپەیمانێتییەکان پێویستیان بە 326 کورسیی پەرلەمانی هەیە. هەرچەندە حزبی کار زۆر لەوە زیاتری هێناوە. حزبی پارێزگاران کە پێشتر بەهۆی قەیرانەکانی پەیوەست بە تێچووی ژیان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و زنجیرەیەک ئابرووچوون، جێگەی خۆیان لەناو دەنگدەرەکانیان لەدەست دابوو، تەنیا بەو هەوڵە ڕازی بوون کە تا دەتوانن قەبارەی زۆرینەی حزبی کرێکاران لە پەرلەمان کەم بکەنەوە.

- **ئەنجامی هەڵبژاردن و دەنگی حزبەکان**

ئەنجومەنی نوێنەرانی بریتانیا (House of Commons) لە ٦٥٠ ئەندام پێک دێت و هەر یەکەیان لەلایەن بازنەیەکی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرێن کە ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی یەکسانە. شانشینی یەکگرتوو، سیستەمی دەنگدانی “هەڵبژاردنی یەکەم” بەکار دەهێنێت؛ واتە هەر کاندیدێک زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، تەنانەت ئەگەر نەیتوانی زۆرینەی دەنگی ٥٠+١ دەنگ بەدەست بهێنێت، ڕاستەوخۆ لە بازنەی

هەڵبژاردنەکەیەوە دەبێتە ئەندامی پەرلەمان. هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تەنیا دەتوانێت یەک کورسی پەرلەمانی هەبێت. سیستەمی دەنگدان لە بریتانیا، جیاوازە لە سیستەمی نوێنەرایەتیی "ڕێژەیی" کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەکاری دەهێنن. لە فەڕەنسا ئەو بازنانەی هەڵبژاردن کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگ (٥٠+١) بە هیچ کام لە کاندیدەکان نەدەن، دەچن بۆ خولی دووەمی دەنگدان، کە ئەمساڵ خولی یەکەم لە ٣٠ی حوزەیران و خولی دووەم لە ٧ی تەمموز بەڕێوە دەچێت. لە سیستەمی دەنگدانی "ڕێژەیی" لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپادا، کورسییەکانی پەرلەمان بە ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەسەر هەر لایەنێکدا دابەش دەکرێن.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجومەنی نوێنەران کە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو هەڵدەبژێرێت و بەپێی داب و نەریتی، پاشا سەرۆکی گەورەترین حزب بۆ پێکهێنانی حکوومەت بانگهێشت دەکات. بەڵام پێش ئەوە، دەبێت سەرۆکوەزیرانی داهاتوو پشتیوانیی زۆرینەی نوێنەرانی هەبێت؛ ئەمەیش ئەگەر حزبەکەی زۆرینەی گشتیی بەدەست هێنابێت یان هاوپەیمانیی لەگەڵ حزبەکانی تر پێک هێنابێت. هەروەها زۆرینەی گشتی لە ڕووی تەکنیکییەوە پێویستی بە ٣٢٦ پەرلەمانتار هەیە (نیوەی کۆی کورسییەکان لەگەڵ یەک)، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە پەرلەمانتاران – لەنێویاندا سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، لەگەڵ ئەندامانی حزبی شین فن (*Sinn Fein*)ـ بەزۆری دەنگ نادەن. سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، بۆ پاراستنی بێلایەنیی خۆیان، خۆیان لە دەنگدان بەدوور دەگرن؛ ئەندامانی حزبی شین فن (*Sinn Fein*)ی ئێرلەندییش خۆیان لە وەرگرتنی کورسییەکانیان بەدوور دەگرن وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە دەسەڵاتی بریتانیا لە ئایرلاندی باکوور. ئەمەیش بەو مانایەیە کە زۆرینە بە کەمێک کەمتر لە ٥٠%ی کورسییەکان دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت.

**لایەنە سەرەکییە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان کامانە بوون؟**

١- حزبی کۆنسێرڤاتیف یان پارێزگاران (Conservative Party) بە سەرۆکایەتیی ڕیشی سوناک (Rishi Sunak) تەمەن 44 ساڵ، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا، کە بووە یەکەم سەرۆکوەزیرانی بریتانیا بەڕەچەڵەک ئاسیایی. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٣٦٥ کورسیی بەدەست هێنابوو.

٢- حزبی کرێکاران (Labour Party) بە سەرۆکایەتیی کیەر ستارمر (Keir Starmer)ی تەمەن ٦١ ساڵ، سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو و پیشە پارێزەر؛ ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٢٠٢ کورسیی بەدەست هێنابوو.

٣- حزبی "لیبراڵ دیموکرات" ( Liberal Party ) لەلایەن ئێد دەیڤی (Ed Davey) تەمەن 58 ساڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لە نێوان ساڵانی 2012 بۆ 2015 خولێک وەک وەزیری وزە و گۆڕانی کەشوهەوا لە حکوومەتی هاوپەیمانیی حزبی پارێزگاران و لیبراڵ دیموکراتەکاندا بووە. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ١١ کورسی بەدەست هێنابوو.

٤- حزبی "چاکسازیی بریتانیا" (Reform UK ) بە سەرۆکایەتیی نایجل فەراج (nigel farage)ی تەمەن ٦٠ ساڵ، لایەنگری بریگزیت. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا هیچ نوێنەرێکی نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەیش جێگری پێشووی حزبی پارێزگاران بە ناوی لی ئەندەرسۆن، دوای ئەوەی ئەمساڵ لە حزبی پارێزگاران دوور خرایەوە، پەیوەندیی بەم حزبەوە کرد و لە ڕاستیدا کورسییەکی بە ناوی ئەو حزبە تۆمار

کرد .

٥- حزبی نیشتمانیی سکۆتلاند ( Scottish National Party) لەلایەن جۆن سوینی (John Swinney) تەمەن ٦٠ ساڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە بەم دواییە لە مانگی ئایاردا وەک حەوتەمین وەزیری یەکەمی سکۆتلاند هەڵبژێردرا. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٤٨ کورسیی بەدەست هێناوە.

٦- حزبی سەوز (Green Party of England and Wales) کە خاتوو کارلا دێنیەر (Carla Denyer) و ئادریان ڕامسی (Adrian Ramsay) بەهاوبەشی سەرۆکایەتیی دەکەن. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ١ کورسیی بەدەست هێنابوو.



سەرۆکی حزبە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنی گشتیی بریتانیا

**بۆچی ڕیشی سوناک پێی باش بوو هەڵبژاردن لەم ڕێکەوتەدا ئەنجام بدرێت؟**

هەڵبژاردنی گشتی لە بریتانیا، دەبێت بە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ ئەنجام بدرێت. دوایین هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2019 ئەنجام درا؛ واتە ڕیشی سوناک تا مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەرفەتی هەبوو.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕازیبوونی ڕیشی سوناک بە هەڵبژاردنی پێشوەختە (لە نێوان هۆکارەکانی دیکەی وەک ئابووریدا) ئەوە بووبێت کە حکوومەتی پارێزگاران نەیانتوانی ڕێگری لە لێشاوی ژمارەیەکی پێوانەیی کۆچبەرانی نایاسایی لە کەناڵی ئینگلیزییەوە بکات. دوای 14 ساڵ لە دەسەڵاتی پارتی پارێزگاران، لەم هەڵبژاردنەدا پارتی کرێکاران بە سەرۆکایەتیی ستامەر توانیی سەرۆکایەتیی حکوومەت بگرێتە دەست. ئەنجامەکان دەریان خست کە پارتە چەپە ناوەڕاستەکەی ستامەر (کرێکاران) ٤١٢ کورسی بەدەست هێنا، هەرچەندە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧ کە تۆنی بلێر توانیی دوای ١٨ ساڵ کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی پارێزگاران بهێنێت، ژمارەی کورسییەکان کەمترە، چونکە بلێر ئەو کات توانیی ٤١٨ کورسی بباتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ڕێژەی بەشداری لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩دا دابەزیبوو بۆ ٦٧,٣%، کە لە ساڵی ٢٠١٧دا ٦٨,٨% بوو. هەروەها لە ساڵی 1997 ڕێژەی بەشداریکردن بە ڕێژەی 71.4% بوو، هەرچەندە هێشتا لە هەڵبژاردنی پێشووی ساڵی 1992 کەمتر بوو، کە ڕێژەی بەشداریکردن لەسەدا 77.7 بوو.

لەم هەڵبژاردنەدا حزبە سیاسییەکانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا توانییان کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (٦٥٠ کورسی) بەم شێوەیە دەستەبەر بکەن:

حزبی کار (ئۆپۆزیسیۆن): 412 کورسی (63%). بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 210 کورسیی زیاد کردووە. حزبی پارێزگاران (حوکمڕان): 121 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو ٢٤٩ کورسیی لەدەست داوە و ئەم ئەنجامە لاوازترین ئەدای هەڵبژاردن لە مێژووی ئەم حزبەدا لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات. لیبراڵ دیموکراتەکان: 71 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 63 کورسیی زیاد کردووە. حزبی نیشمانیی سکۆتلاند: 9 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 38 کورسیی لەدەست داوە. سەوزەکان: 4 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو سێ کورسیی زیاد کردووە. ئەوانی دیکە: 31 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 13 کورسییان زیاد کردووە.



## [کیەر ستارمر، سەرۆکوەزیرانی داهاتوی بریتانیا، کێیە؟]

کیەر ستارمر، پارێزەری تەمەن ٦١ ساڵ و سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانیا، سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیایە، دوای ئەوەی حزبەکەی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەی بەدەست هێنا و کۆتایی بە ١٤ ساڵ کۆنترۆڵی پارێزگاران هێنا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ستامەر پارێزەری مافی مرۆڤە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە لەندەن لەدایک بووە. کیەر ستامەر لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندیی بە باڵی گەنجانی ناوچەیی حزبی کرێکاران کرد. لە سەردەمێکدا سەرنووسەری گۆڤارێکی چەپی توندڕەو بووە بە ناوی ئەڵتەرناتیڤەکانی سۆسیالیستی. یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بوو کە چووە زانکۆ. لە زانکۆکانی لیدز و ئۆکسفۆرد یاسای خوێندووە و دواتر وەک پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەستی بە کارکردن کردووە. لەم ماوەی کارکردنەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە وڵاتانی کاریبی و کیشوەری ئەفریقا کاری کردووە. لە دۆسیەیەکی بەناوبانگی ساڵانی نەوەدەکاندا، بووە پارێزەری دوو چالاکوانی ژینگە کە لەلایەن زنجیرە چێشتخانەکانی ماکدۆناڵدزەوە بە تۆمەتی ناوزڕاندن سکاڵایان لەسەر تۆمار کرابوو.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا کیەر ستامەر وەک بەڕێوەبەری داواکاری گشتی و سەرۆکی دەزگەی داواکاری گشتیی شاهانە دەستنیشان کرا و، بووە بەرزترین داواکاری گشتی لە ئینگلتەرا و وێڵز. تا ساڵی ٢٠١٣ لەم پۆستەدا مایەوە و لە ساڵی ٢٠١٤ نازناوی سێر (Sir)ی پێ درا.



ستامەر لە ساڵی ٢٠١٤ نازناوی سیری وەرگرت

ستامەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا چەندان جار جەختی لەسەر بنەچەی خۆی کردووەتەوە وەک ئەندامێکی خێزانێکی چینی کرێکاری بریتانی؛ چەندان جار لە دیبەیتە تەلەڤزیۆنییەکان باسی لەوە کردووە کە باوکی ئامێرساز بووە و دایکی پەرستار بووە. ستامەر لە ساڵی ٢٠٠٧ هاوسەرگیریی لەگەڵ ڤیکتۆریا کردووە و خاوەنی دوو منداڵن. باوکی ڤیکتۆریا جووە و منداڵەکانی بە فێرکارییەکانی ئایینی جوولەکە پەروەردە کردووە. ڤیکتۆریا پێشتر پارێزەر بووە و ئێستا لە بەشی تەندروستیی پیشەیی لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی بریتانیا کار دەکات. خێزانی ستامەر لەگەڵ کچ و کوڕەکەیان لە باکووری ڕۆژاوای لەندەن لە خانوویەکدا دەژین کە بەهای یەک ملیۆن و ٧٥٠ هەزار پاوەندە.

ستامەر لە ساڵی ٢٠١٥ توانیی لە بازنەی هەڵبژاردنی کامدن لە باکووری لەندەن (Camden) ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و لە ساڵی ٢٠١٩دا جارێکی دیکە نزیکەی ٦٥%ی دەنگەکانی ئەم بازنەیەی بەدەست هێنایەوە. ستامەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا دوای شکستە زۆرەکانی حزبی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکاندا، کە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی جێرمی کۆربین وەک سەرۆکی ئەم حزبە، وەک سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردرا. لە کاتی هەڵبژاردنی ناوخۆی حزبەکاندا زیاتر لە ٥٦٪ی دەنگەکانی بۆ ئەم پۆستە بەدەست هێناوە؛ لە کاتێکدا دوو کاندیدی دیکەیش کێبڕکێیان لەسەر ئەم پۆستە دەکرد؛ لەنێویاندا لیزا ناندی کە وەزیری دەرەوەی حکوومەتی سێبەر بوو.

کیەر ستامەر بە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی چەپگەرایانە کە بەنیشتمانیکردنی کۆمپانیاکانی وزە و ئاو و خوێندنی بێبەرامبەر بۆ خوێندکارانی لەخۆ گرتبوو، سەرکردایەتیی حزبی کرێکارانی بەدەست هێنا. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جێرمی کۆربیندا حزبی کرێکاران دابەش بوو بەسەر دوو بەشی چەپ و میانڕەوەکان. بەڵام کیەر ستامەر وتی، دەیەوێت حزبەکە یەک بخات بەڵام دەیەوێت "ڕادیکالیزم"ی "کۆربین"یش بپارێزێت. هۆشداریشی دا لەوەی، نابێت "زۆر بەرەو ناوەڕاست بچین." لەو کاتەوە کیەر ستامەر جێرمی، کۆربینی لە حزبی کرێکاران دوور خستەوە (ئەندامێتیی هەڵپەسارد) بەهۆی گرژییەکان سەبارەت بە دژەجوولەکەگەرایی کە لە سەردەمی سەرکردایەتیی کۆربیندا سەریان هەڵدا.

لە ئێستادا کیەر ستامەر وازی لە پلانەکانی پێشووی هێناوە بۆ بەنیشتمانیکردنی کۆمپانیاکانی وزە و ئاو، بەڵام بەڵێنی داوە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا نزیکەی هەموو خزمەتگوزارییەکانی شەمەندەفەر لەژێر کۆمپانیایەکی نوێدا بە ناوی Great British Rail بەنیشتمانی بکات. هەروەها کیەر ستارمەر وازی لە بەڵێنەکەی پێشووی هێناوە کە کرێی خوێندنی خوێندکارانی کۆلێژ هەڵبوەشێنێتەوە و، دەڵێت حکوومەت توانای ئەوەی نییە. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤ بە "بی بی سی"ی ڕاگەیاندووە: "پێ دەچێت ئەو پابەندبوونە لا ببەین، چونکە خۆمان لە دۆخێکی داراییی جیاوازدا دەبینینەوە." بەڵام ستامەر دەڵێت حزبی کرێکاران، باجی زیادە لەسەر تێچووی قوتابخانە ئەهلییەکانی بریتانیا دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەندە ستامەر کەسێکی ڕووەکخۆرە و خۆی وەکوو کەسێکی سۆسیالیست وەسف دەکات، بەڵام زۆرێک لە چەپەکان بە ڕاستڕەوی تۆمەتباری دەکەن. لە هەڵمەتەکەیدا باسی لە "10 بەڵێن" کردووە، کە گرنگترینیان بریتین لە پێداچوونەوە بە فرۆشتنی چەک و سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر دەوڵەمەندەکاندا.

- **ستامەر و یەکێتیی ئەورووپا**

ستامەر لە پرسەکانی پەیوەست بە یەکێتیی ئەورووپادا چالاکانە ئامادە بووە و تەنانەت لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٠ وەک وتەبێژی کۆربین لەسەر پرسی "برێگزیت" کاری کردووە؛ واتە ئەو قۆناغەی کە کاردانەوە سیاسییەکان بەرامبەر بە ئەنجامی ڕیفراندۆمی یەکلاکەرەوەی برێگزیت (کە لە ساڵی ٢٠١٦دا ڕووی دا) هێشتا لە لوتکەدا بوون. ستامەر کە داکۆکیی لە مانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا دەکرد؛ تەنانەت گوشاری خستە سەر حکوومەتی ئەو کاتەی بریتانیا کە یان ستراتیژییەکی وردتر بۆ قۆناغی دوای دەرچوون بخاتە ڕوو، یان بیر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی دیکە لەسەر ئەو بابەتە بکاتەوە. هەرچەندە لەو پلانەی ئێستا پێشکەشی کردووە هیچ باسێک لە گەڕانەوە بۆ بازاڕی یەکپارچەی یەکێتیی ئەورووپا یان یەکێتیی گومرگی نەکراوە، بەڵام ناوبراو ڕای گەیاندووە کە حەز دەکات کێشەکانی ناو ڕێککەوتنی

“برێگزیت” چارەسەر بکات کە لە سەردەمی “بۆریس جۆنسۆن”دا خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

- **ڕەخنەگرانی ستامەر**

زۆر جار لەلایەن ڕەخنەگرانییەوە گاڵتە بە کیەر ستامەر دەکرێت کە کەسێکی وشک و بێڕۆحە. بەڵام ستامەر حەز دەکات خۆی وەک کەسێک نیشان بدات کە پابەندە بە یاسا و ڕێساکانەوە؛ تا ئەو ڕاددەیەی یەکێک لە هاوکارەکانی ناوی لێ نا “جەنابی ڕێسا”. تەنیا جارێک لەگەڵ یاسادا تووشی کێشە بووە. لە گەنجیدا بەهۆی فرۆشتنی ئایسکرێم بەبێ مۆڵەت لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. ئایسکرێمەکان دەستیان بەسەردا گیرا و هیچ ڕێوشوێنێکی دیکە نەگیرایە بەر. لە چاوپێکەوتنەکاندا زانیارییەکی کەم لەسەر کەسایەتیی خۆی دەدات، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە ڕۆحی کێبڕکێی هەیە. لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی وتی: ڕقم لە دۆڕاندنە. “هەندێک کەس دەڵێن بەشداریکردن گرنگە، بەڵام من لەو کەسانە نیم.”

ئێستا یەکێک لە گەورەترین ڕەخنەگرانی ستامەر، سەندیکاکان و چالاکوانانی ژینگەن، کە ڕەخنەیان لە پاشەکشەی ئەم دواییەی گرتووە لە بەڵێنەکەی بۆ دابینکردنی بوودجە بۆ وەبەرهێنانی سەوز بە بڕی ٣٥ ملیار یۆرۆ لە ساڵێکدا. بەڵام ستامەر دەڵێت پێویست بوو هاوسەنگی لە خەرجییەکاندا هەبێت. ئەمەیش پاش ئەوە هات کە حزبی کرێکاران لە بەڵێنەکەی، کە تا ساڵی ٢٠٢١ ساڵانە ٢٨ ملیار پاوەند (٣٥ ملیار دۆلار) بۆ پڕۆژەکانی وزەی سەوز خەرج بکات، پاشگەز بووەوە، بەڵام ستامەر دەڵێت پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانی وەک دروستکردنی وێستگەی بای دەریایی و پەرەپێدانی کارگەی پاتری بۆ ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان. کیەر ستارمەر لەم دواییانەدا بەڵێنی دا کە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی نوێ بە ناوی جی بی ئینێرجی، ٨ ملیار پاوەند وەبەرهێنان لە وزەی سەوزدا بکات. هەروەها گوتوویشیەتی کە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەتەواوی بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین لە بەرهەمهێنانی کارەبای بریتانیا کۆتایی پێ دێنێت. بەڵام زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە کە ئەم کارە ناکرێ.

هەروەها ستامەر لەناو حزبەکەیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە؛ چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باڵی چەپی حزبەکەی چاک بکاتەوە، بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی جێرمی کۆربین لەسەر تۆمەتی دژەجوولەکەبوون. لەم هەڵبژاردنەدا جێرمی کۆربینیش وەک کاندیدێکی سەربەخۆ لە کێبڕکێ لەگەڵ حزبی کرێکاران لە یەکێک لە بازنەکانی هەڵبژاردنی لەندەن کاندید کرا.

پێشبینی دەکرێت بەو زۆرینە بەهێزەی کە حزبی کرێکاران لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستی هێنا دوای دوو شکستی یەک لە دوای یەک لە سەردەمی سەرکردایەتیی جێرمی کۆربیندا، ستامەر بەئاسانی بتوانێت ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە؛ لەنێویاندا ڕەخنەکانی ڕەخنەگرێکی دێرین وەک کۆربین.




**هاتنی حزبی کرێکاران چ جیاوازییەک بۆ کۆچبەران دروست دەکات؟**

زۆر جار سیاسەتمەدارانی بریتانیا پرسی کۆچبەری بەکار دەهێنن وەک چەکێک لە دژی ڕکابەرەکانیان بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ خۆیان. حزبی پارێزگاران کە لەم ساڵانەدا بە بەڵێنی کەمکردنەوەی کۆچبەری، سیاسەتی دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا (برێگزیت)ی سەرکردایەتی دەکرد، نەیتوانی بەتەواوی ئامانجەکەی بەدی بهێنێت.

ڕێژەی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە ڕێژەی ١٠% دابەزیوە و گەیشتووەتە ٦٨٥ هەزار کەس بە بەراورد بە ساڵی پێشوو، بەڵام لە سەرووی تێکڕای مێژوویەوە ماوەتەوە. زۆربەی ئەم کۆچبەرانە بۆ کار یان خوێندن گەشتیان بۆ بریتانیا کردووە، بەڵام نزیکەی ٣٠ هەزار کۆچبەر و پەنابەری نایاسایی، ساڵی ڕابردوو بە کەشتی و لە ڕێگەی فەڕەنساوە لە ڕێگەی کەناڵی ئینگلیزەوە بەرەو بریتانیا ڕێگەیان گرتە بەر. سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا لە حزبی پارێزگاران، وەک دەیڤید کامیرۆن و تێریزا مەی، بەڵێنیان دابوو کە ژمارەی کۆچبەر بە ڕێژەی دەیان هەزار کەس کەم بکەنەوە، کە ئەم ئامانجە هەرگیز بەدی نەهات.

لە بەرامبەردا حزبی کرێکاران بەڵێنی داوە پلانە مشتومڕاوییەکەی پارێزگاران بۆ ڕاگواستنەوەی پەنابەران و کۆچبەرانی نایاسایی بۆ ڕواندا پێچەوانە بکاتەوە. بێ گومان بەهۆی نارەزایەتیی یاسایی و نیگەرانییە مرۆییەکان، تا ئێستا هیچ گەشتێک بۆ ڕواندا نەکراوە. هەرچەندە سوناک و ستامەر هەردووکیان وتوویانە کە دەیانەوێت ڕێژەی گشتیی کۆچ کەم بکەنەوە – لەنێویاندا کۆچی یاسایی – بەڵام ڕێبازی جیاوازیان هەبوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

دکتۆر بێن بریندڵ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ یۆرۆنیوز جیاوازییەکانی ڕێبازی حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگارانی بەرامبەر بە شەپۆلی کۆچبەران ڕوون کردەوە و وتی: حزبی پارێزگاران هەوڵ دەدەن دابینکردنی ڤیزە بە دانانی سنوورێکی ساڵانە بۆ ژمارەی ڤیزەی کار و خێزانی، کە ساڵانە دەتوانرێت پێیان

بدرێت، سنووردار بکەنەوە. لە بەرامبەردا، لە بری ئەوە حزبی کرێکاران زیاتر لەسەر سنووردارکردنی خواست لەسەر ڤیزە هەوڵی کەمکردنەوەی کۆچبەران دەدات. حزبی کرێکاران پلانی هەیە خاوەنکارەکان و ئەو کەرتانەی کە زۆر جار داوای ڤیزەی دامەزراندن دەکەن، پابەند بکات بە دابینکردنی بەرنامەی ڕاهێنان و لێهاتوویی بۆ ئەو کرێکارانەی کە ئێستا لە بریتانیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی کارامەیی لە وڵاتەکەدا؛ بەمەیش پشکی پێدانی ڤیزا وردە وردە کەم ببێتەوە.

## ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەردەم سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا

سەرۆکی حزبی کرێکاران لە کاتێکدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، کە بریتانیا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ئاڵنگاریی ترسناک بۆتەوە. بریتانیا ڕووبەڕووی بەرزترین ڕێژەی باج بۆتەوە لە دوای ماوەیەکی کەم لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە، قەبارەی قەرز نزیکەی یەکسانە بە بەرهەمی ساڵانەی ئابووری، ئاستی ژیان دابەزیوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتی، بەهۆی مانگرتنەکانەوە لە لێواری داڕماندایە. پێشتر ستامەر بەڵێنی داوە هەندێک لە پلانە گەورەکانی حزبی کرێکاران کەم بکاتەوە، وەک پابەندبوونەکانی خەرجکردنی سەوز؛ هەروەها جەختی لەسەر بەرزنەکردنەوەی باج بۆ چینی کرێکار کردەوە.

بەشێکی زۆری هۆکاری شکستی حزبی پارێزگاران بەهۆی زیانەکانی پاڵپشتی لەلایەن حزبی چاکسازیی پۆپۆلیستی ڕاستڕەوی بریتانیاوە بووە، کە نایجل فەراج، پاڵەوانی پێشووی برێگزیت، سەرکردایەتیی دەکات، کە سەرکردایەتیی هەڵمەتی سنووردارکردنی کۆچبەری کردووە. ستامەر بەڵێنی داوە دەستبەرداری سیاسەتە مشتومڕاوییەکەی حزبی پارێزگاران بێت بۆ ناردنی پەنابەران بۆ ڕواندا؛ بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە کۆچبەری هەمیشە پرسێکی سەرەکییە لە هەڵبژاردنەکانی بریتانیادا، ئەوا گوشارێکی زۆری لەسەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەوەی بە دەیان هەزار پەنابەر نەتوانن بە بەلەمی بچووک لە ڕێگەی کەناڵی ئینگلیزییەوە بچنە ناو وڵاتەکەیەوە.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز ڕۆژی هەینی ٤ی تەمموزی ٢٠٢٤ نووسیویەتی: ستامەر، سەرۆکوەزیرانی داهاتووی شانشینی یەکگرتوو، کە بەم نزیکانە دەچێتە خانووی ژمارە 10ی داونینگ ستریت لە لەندەن، ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگی گرنگی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە و چەند مانگی یەکەمیش لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، پڕن لە بڕیارە قورسەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ستامەر بەنیازە گرنگی بە گەشەی ئابووریی درێژخایەن بدات بۆ بریتانیا، بەڵام دەبێت مامەڵە لەگەڵ پرسە هەستیارەکانی وەک پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا، جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکات. ستامەر لە یەکەم وتاردا دوای سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکاندا جەختی لەوە کردووە کە ئامادەیە لەگەڵ هەر سەرکردەیەک کار بکات کە لە ئەمریکا دەسەڵات بگرێتە دەست و جەختی لەسەر گرنگیی پەیوەندیی دووقۆڵی لەگەڵ ئەو وڵاتە کردەوە.

دوای ئەوەی حەماس لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، کەیر ستامەر پشتگیریی لە ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیل لە غەززە و مافی بەرگریکردنی ئیسرائیل لە خۆی کرد. ئەم هەڵوێستە زۆرێک لە دەنگدەرانی لایەنگری فەڵەستینی تووڕە کرد و ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی دەیان پەرلەمانتاری حزبی کرێکاران بووەوە کە داوای ئاگربەستی دەستبەجێیان کرد. هەروەها لە شوباتی ٢٠٢٤ داوای

ئاگربەستێکی کرد کە "بەردەوام بێت" و وتی "ئەمە ئەوەیە کە پێویستە ئێستا ڕوو بدات". بەڵام لە ڕاپرسییەکی ڕای گشتیدا لە مانگی ئازاردا دەرکەوتووە کە لەسەدا ٥٢ی خەڵکی بریتانیا پێیان وایە مامەڵەکردنی ستامەر لەگەڵ ئەو پرسەدا خراپە. هەروەها کیەر ستارمەر پاڵپشتیی کرد لە بۆردومانکردنی بنکە حووسییەکانی یەمەن لەلایەن بریتانیاوە؛ ئەمەیش بەهۆی هێرشەکانی ئەو گرووپە بۆ سەر کەشتییەکانی پەیوەست بە ئیسرائیل. ستامەر هەروەها باسی لە ئەگەری "دانپێدانان" بە دەوڵەتی فەڵەستین کردەوە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کارە "لە کاتی گونجاو و لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی"دا ئەنجام بدرێت. حزبی کرێکاران پابەندە بە پشتیوانیکردن لە چارەسەری دوو-دەوڵەتی کە ببێتە هۆی دروستکردنی ئیسرائیلێکی ئەمن و سەقامگیر لەپاڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستین.

بە گوێرەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی دیکەی بریتانیا، بەهێزکردنی ئۆکراینایە. حکوومەتی ئێستای بریتانیا ڕای گەیاندووە کە پلانیان هەیە لەمساڵدا ٣ ملیار پاوند یارمەتیی سەربازی بۆ ئۆکراینا پێشکەش بکەن.

چین دەبێتە ئاڵنگارییەکی تر بۆ حکوومەتی نوێی بریتانیا. سەرەتای ئەمساڵ وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی ئێستای بریتانیا باڵیۆزی چینی بانگهێشت کرد و نیگەرانیی خۆی لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و ڕاپۆرتە سیخوڕییەکان دەربڕی. حزبی کرێکاران لەم پێوەندییەدا گوتوویەتی کە ڕوانگەیەکی درێژخایەن و ستراتیژی بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین دەگرنە بەر.

ڕۆیتەرز نووسیویەتی: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییە بەرفراوانانەی لە ناوخۆ و دەرەوەی بریتانیادا هەن، ستامەر دەبێت ستراتیژییەتی کاریگەر بۆ پێشکەوتن و بەهێزیی ئەم وڵاتە جێبەجێ بکات. پێویستە وەڵامی پێداویستییە ئابووری و ئەمنییەکان بداتەوە و پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە بگرێتە بەر. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە ستامەر هێشتا بڕیاری نەداوە کە ئایا پەیوەندی بە بازاڕی هاوبەشی یەکێتیی ئەورووپا یان یەکێتیی گومرگییەوە بکاتەوە یان نا، بەڵام هەوڵ دەدات یارمەتیی لابردنی بەربەستە بازرگانییەکان و زیادکردنی دەرفەتەکان بۆ بازرگانییە بچووکەکان بدات. هەروەها ستامەر پێویستە هەوڵ بدات پاکێجێکی پشتیوانی بۆ پیشەسازیی پۆڵا دابین بکات و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بریتانیا چارەسەر بکات.

سەرکەوتنی حزبی کرێکاران دەری خست کە بەپێچەوانەی فەڕەنسا کە حزبی ڕاستڕەوی توندڕەوی گردبوونەوەی نیشتمانی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا دەستکەوتی مێژوویی بەدەست هێنا، جەماوەری بریتانیا بەگشتی بە دوای حزبێکی چەپی ناوەند و میانڕەودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکان بهێنێتە ئاراوە.

سیاسەتی ڕێبەری حزبی کرێکاران لە زۆر بابەتی دەرەکیدا هاوشێوەی سیاسەتەکانی سوناکە. بۆ نموونە، ستامەر بەڵێنی داوە گۆڕانکاری لە وڵاتەکەیدا بهێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا پێشتر بەڵێنی دابوو بەردەوام بێت لە پشتیوانیی هەمەلایەنەی لەندەن بۆ ئۆکراینا لە جەنگی ڕووسیادا. بەڵام سەرۆکی حزبی کرێکاران و سەرۆکوەزیرانی شانشینی یەکگرتوو لە کاتێکدا هاتۆتە سەر کار کە سیاسەتمەدارە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەورووپا دەنگ و بەختێکی باشیان بەدەست هێناوە؛ هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوودا ناچار بێت لەگەڵ دۆناڵد ترامپ کار بکات.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی کەناڵی سی بی ئێس نیوز، خولی هەڵبژاردنەکانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا و ئەمریکا بۆ یەکەم جار لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە هاوکات بووە و گومانێکی زۆر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە کۆتاییی ئەمساڵدا هەیە. ستامەر زۆر باسی بایدن و گرنگیدانی بە ڕەخساندنی هەلی کار و وەبەرهێنان لە پیشەسازییە ناوخۆییەکان کردووە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسایەتییە باڵاکانی حزبی کرێکاران پێش هەڵبژاردنەکان لەگەڵ هاوتا دیموکراتەکانیان لە ئەمریکا کۆبوونەوەیان هەبووە. بۆیە پێشبینی دەکرێت ستامەر هاوپەیمانێکی نزیکی بایدن بێت، ئەگەر بایدن لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە کورسیی سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پێ دەچێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و بریتانیا کەمتر گەرموگوڕ و دۆستانە بێت. پەیوەندییەکانی نێوان ترامپ و بۆریس جۆنسۆنی پارێزگار دۆستانەتر بوو. ڕاستییەکەی، بوونی پەیوەندییەکی درێژخایەن لەگەڵ ئەمریکا بۆ بریتانیا زۆر گرنگە لە کاتێکدا بریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا چۆتە دەرەوە، ستامەریش ڕای گەیاندووە لەندەن لەگەڵ واشنتۆن کار دەکات بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا.

لە مانگی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا خشتەی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیی سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا چڕوپڕە. بە گوێرەی ئاژانسە هەواڵییەکان، ستامەر لەگەڵ سەرکردەکانی ئەورووپا و جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا کۆ دەبێتەوە. هەفتەی داهاتوو بەشداری لە کۆبوونەوەی ناتۆ دەکات لە واشنتۆن، پاشان لە ١٨ی تەمموززدا میوانداریی کۆبوونەوەی "کۆمەڵگەی سیاسیی ئەورووپی" دەکات لە بریتانیا؛ هەروەها ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا و ئۆلاف شولز، ڕاوێژکاری ئەڵمانیاش بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن.

هەروەها ستارمەر بەڵێنی داوە لە ئەگەری هاتنە سەردەسەڵاتی حزبی ڕاستڕەوی "گردبوونەوەی نیشتمانی" لە فەڕەنسا، کاریان لەگەڵدا بکات و ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات جێبەجێ دەکرێن.

**سەرچاوەکان:**


1-
https://parsi.euronews.com/my-europe/2024/07/05/who-is-keir-starmer-the-next-british-prime-minister

2-
https://ir.voanews.com/a/challenges-ahead-for-uk-s-next-prime-minister-keir-starmer/7686103.html

3-
https://parsi.euronews.com/2024/07/05/labor-party-came-to-power-with-the-promise-of-bringing-major-change-to-britain-what-did-s

4-
https://parsi.euronews.com/2024/07/03/immigration-to-britain-amid-possible-labors-surprise-victory-in-europes-most-unique-electi

5-
https://parsi.euronews.com/2024/07/04/labor-party-historic-victory-as-starmer-likely-to-become-next-uk-prime-minister

6- https://www.cbsnews.com/news/uk-election-2024-results-who-is-keir-starmer/

7-
https://www.independentpersian.com/node/405606/جهان/نخست%E2%80%8Cوزیر-جدید-بریتانیا-کیست-و-بر-سیاست-خارجی-چه-تاثیری-می%E2%80%8Cگذارد؟

8- https://www.bbc.com/persian/articles/c8vd91y0yr2o

---

# مارک ڕوتێ، سکرتێری گشتیی نوێی ناتۆ، کێیە و ڕووبەڕووی چ ئاڵنگارییەک دەبێتەوە؟

**نووسینی:** رادیو فردا

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

دوای ١٠ ساڵ لە سەرۆکایەتیی ناتۆ، یانس ستۆڵتنبێرگ گەیشتە کۆتاییی خولی خۆی و بە ڕەزامەندیی هەر ٣٢ ئەندامی ئەم هاوپەیمانییە سەربازییە، سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا، مارک ڕوتێ، وەک سکرتێری گشتیی نوێی ئەم هاوپەیمانییە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا دەست بە کارەکانی دەکات. بەڵام مارک ڕوتێ کێیە، پێشینەی چییە و ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە چین؟

مارک ڕوتێ، ٥٧ ساڵ لەمەوبەر لە شاری لاهای هۆڵەندا لەدایک بووە. سەرۆکایەتیی حزبی ناوەندی ڕاستی "ئازادی بۆ گەل و دیموکراسی"ی کردووە و لە ساڵی ٢٠١٠وە سەرۆکایەتیی چوار حکوومەتی جیاوازی لە هۆڵەندا کردووە. بەهۆی کەسایەتیی کاریزماتیک و تایبەتی خۆیەوە و، هەروەها زیانلێنەدانی ڕەخنەکانەوە، نازناوی "مارک تیفلۆن"ی پێ دراوە.

دوای ساڵانێک مانەوە لە سەرۆکایەتیی هۆڵەندا، ڕوتێ هاوینی ڕابردوو بەهۆی ناکۆکیی ناوخۆییەوە ڕای گەیاند لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا دەکشێتەوە. مارک ڕوتێ خاوەنی ژمارەی پێوانەییی درێژترین ماوەی سەرۆکوەزیرانە لە مێژووی هۆڵەندا، هەروەها لە ڕیزبەندی دووەمی درێژترین ماوەی سەرکردایەتییە

لە نێوان سەرکردەکانی ئێستای ئەوروپادا، لە دوای ڤیکتۆر ئۆربان سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، کاتێک زۆرێک لە مشتومڕەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی جێنشینی ستۆڵتنبێرگ بڵاو کرانەوە، جگە لە مارک ڕوتێ، باسی کلاوس یۆهانیس، سەرۆکی ڕۆمانیا، وەک کاندیدێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە هاتە گۆڕێ، بەڵام بەفەرمی لە قبووڵکردنی ئەو بەرپرسیارێتییە لە بەرژەوەندیی سیاسەتمەداری ڕووخۆشی هۆڵەندی پاشەکشەی کرد.

## ڕەخنەکان لە ڕوتێ

پێشتر وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەهۆی پاڵپشتیکردنی لە پرۆژەی بۆڕیی گواستنەوەی غازی نۆرد ستریم 2ی ڕووسیا لە دوای ساڵی 2014، ڕەخنەیان لە ڕوتێ گرت، بەڵام لە کۆتاییدا بەپێی ئەو ڕێککەوتنانەی کە کراوە، ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ڕوتێ.

یەکێک لەو ڕەخنانەی تر کە لە ڕوتێ دەگیرێت، پابەندنەبوونی هۆڵەندایە بە تەرخانکردنی لانی کەم لەسەدا دووی بەرهەمی ناوخۆیی گشتیی هۆڵەندا بۆ پیشەسازییە سەربازی و بەرگرییەکان. دوای 14 ساڵ لە بەردەوامیی ڕوتێ لە دەسەڵات لە هۆڵەندا، تا ئێستا پێنجەم گەورەترین ئابووریی ئەوروپا نەگەیشتووەتە ئەو ئامانجە؛ هەرچەندە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ناتۆ، هۆڵەندا ئەمساڵ دەگاتە ئەو ئامانجە (تەرخانکردنی ٢% لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتی بۆ کاروباری سەربازی).

لە ساڵانی ڕابردوودا وڵاتانی ئەندام ڕێک کەوتوون لەسەر گەیشتن بە ئامانجی تەرخانکردنی لانی کەم لەسەدا دووی بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی بۆ خەرجییە سەربازییەکان. ئەمە بابەتێکە کە ساڵانێکە لەلایەن سەرۆکە جیاوازەکانی ئەمریکاوە وروووژێنراوە.

## ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕوتێ

ڕوتێ لە کاتێکدا لە ناتۆ دەست بە کارەکانی دەکات کە ئاڵنگارییەکی سەرەکی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتییە لە جەنگیی ئۆکراینا. دوای دوو ساڵ و نیو لە داگیرکردنی ئۆکراینا لەلایەن ڕووسیاوە، ئەرکی ڕوتێ بۆ هێشتنەوەی پشتیوانیی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە کیێڤ بەیەکگرتوویی، ئاسان نابێت، بەتایبەت ئەگەر دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا بگەڕێتەوە کۆشکی سپی.

ترامپ پێشتر هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر وڵاتانی ئەورووپی پشکی خۆیان لە ناتۆ نەدەن، نەک هەر لە بەرامبەر ئەگەری لەشکرکێشیی ڕووسیا پاڵپشتیی ئەوروپا ناکات، بەڵکوو تەنانەت هانی پووتینیش دەدات ئەو کارە بکات (هێرش بکات). لە ئەنجامدا گومانی زۆر لە ئاییندەی ناتۆ هەیە، لە دۆخێکدا کە سەرۆکی ئەمریکا ترامپ بێت.

بەڵام ڕوتێ لێرەیشدا خاڵێکی بەهێزی هەیە و ئەویش هەبوونی پەیوەندیی تا ڕاددەیەک باشە لەگەڵ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، دۆناڵد ترامپ. بێ گومان ڕوتێ هیواخوازە واشنتۆن ئەم کارەی ڕووسیا نەک تەنیا بۆ "ئاسایشی بەکۆمەڵ"ی ئەندامانی ناتۆ بە مەترسی بزانێت، بەڵکوو واشنتۆن کردەوەکانی ڕووسیا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا خۆی وەک هەڕەشەیەک بزانێت. جێگەی ئاماژەیە کە جارێک ڕوتێ لە وتارەکەیدا گوشارەکانی ترامپی بۆ زیادکردنی پشکی خەرجییە سەربازییەکانی وڵاتانی ئەوروپا، بە ڕاست و

دروست ناو برد. ڕوتێ وتبووی: "ترامپ بەتەواوی ڕاستی دەکرد کە پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئێمە خەرجیی پێویست بۆ بواری سەربازی تەرخان ناکەین. کاتێک ترامپ سەرۆک بوو، ئابووریی ئەمریکا نزیکەی 50%ی ناتۆی پێک هێنابوو و نزیکەی 70-75%ی بوودجەی ناتۆی خەرج دەکرد. لە ئەنجامدا وڵاتانی دیکە تەنیا 25%یان خەرج کردووە. "ترامپ بەتەواوی ڕاستی دەکرد کە ناچاری کردین پابەند بین بوودجەی سەربازی بە ڕێژەی لەسەدا دوو بەرز بکەینەوە."

ڕوتێ لایەنگرێکی جددیی ئۆکراینایە، کە جەخت لەسەر پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووسیا دەکاتەوە؛ بەڵام پێویستە بزانرێت لە چەند مانگی داهاتوودا هەلومەرجی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتانی ئەندام بە چ شێوەیەک دەبێت و بە گۆڕانکاری لە سەرکردەکانی ئەم هاوپەیمانییە سەروو-ئەتلانتیکە چ ئاراستەیەکی نوێ دروست دەبێت.

زۆر کەس ڕوتێ بە کەسێک دەزانن کە توانای دانوستان و ڕازیکردن و مامەڵەکردنی لەگەڵ گرووپە جیاوازەکاندا هەیە بەهۆی ساڵانی دەسەڵاتدارێتی لە هۆڵەندا و کارکردن لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان و، لە ئەنجامدا بە کەسێکی گونجاوی دەزانن بۆ سەرکردایەتیی ناتۆ، بەتایبەت بۆ ئەمریکای سەردەمی ترامپ. لە لایەکی ترەوە، گرووپێکی دیکە ڕەشبینترن و پێیان وایە ئەگەر ترامپ بگەڕێتەوە کۆشکی سپی، ناتۆ چیتر هاوپەیمانیی سەربازیی پێشوو نابێت و ئەم هاوپەیمانییە سەروو-ئەتلانتیکە بەرەو لێکترازان دەڕوات، جا لەگەڵ ڕوتێ بێت یان بەبێ ئەو.

**سەرچاوە:**

https://www.radiofarda.com

---

# سەعید جەلیلی؛ "داوی تەسبیح"ی حزبوڵڵاییەکان یان تویکڵی "ناوکی ڕەق"ی حکوومەت؟

**نووسینی: ڕادیو فردا**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: پێنووس**

سەعید جەلیلی لە تەمەنی 59 ساڵیدا بۆ جاری سێیەم کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران بوو؛ ئێستایش بە کەمتر لە 38%ی دەنگەکان، لەپاڵ مەسعوود پزیشکیان بە 42%ی دەنگەکان، چووە خولی دووەمی هەڵبژاردن. جەلیلی لەم ساڵانەی دواییدا ڕوخساری جەماوەری "جبهە پایداری" بووە؛ کۆمەڵێک بناژۆخواز کە بە "حزبوڵڵای توندڕەو" ناو دەبردرێن.

**لە بەرەی جەنگەوە تا زانکۆی ئیمام سدیق**

سەعید جەلیلی لە کاتی خوێندنی ئامادەییدا بۆ بەشداریکردن لە جەنگی ئێران و عێراق، چووە بەرەی جەنگەوە. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ کە تەمەنی ٢١ ساڵ بوو، لە ئۆپەراسیۆنی کەربەلای پێنج برینداربوو و قاچی ڕاستی لەدەست دا. سەرەڕای چاوپێکەوتنە زۆرەکانی و وتارەکانی، کەمتر باسی ڕەوتی ژیانی خۆی لە مەشهەدەوە بۆ بوون بە کاندیدی سەرۆکایەتی کردووە.

جەلیلی کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە سیاسییەکان، تێزی دکتۆراکەی بە ناوی "دیپلۆماسییەتی پێغەمبەری ئیسلام" و کتێبێکیشی بە هەمان ناونیشان چاپ کردووە. جەلیلی لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٣ لە هەڵبژاردنی شەشەم و حەوتەمی پەرلەمانی ئێران کاندید کرا، بەڵام هەردوو جارەکە شکستی هێنا.

**هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسی لە سایەی ئەحمەدینەژادەوە**

دەکرێ بڵێین جەلیلی چوونە ناو سیاسەتی، قەرزاری مەحموود ئەحمەدینەژادە؛ لە فەرمانبەرێک لە وەزارەتی دەرەوە، پلەی بەرز کرایەوە بۆ پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی. دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧ ناکۆکیی نێوان عەلی لاریجانی و ئەحمەدینەژاد پەرەی سەند، سەرۆککۆماری ئەوکات بڕیاری دا لاریجانی لە پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی دوور بخاتەوە و جەلیلی لە شوێنی دابنرێت. لەو کاتەدا بەرپرسیارێتیی دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ئەستۆی وەزارەتی دەرەوە نەبوو، بەڵکوو لە ئەستۆی سکرتاریەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بوو. لە ئەنجامدا جەلیلی لەناکاو بەرپرسیارێتیی دۆسیەیەکی لەو شێوەیەی لە ئەستۆ گرت، بەبێ ئەوەی پێشینەیەکی دیپلۆماسیی بەرچاوی هەبێت.

لە ڕێکەوتی ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ بە یەکێک لە قۆناغە وەرچەرخانەکانی ژیانی سەعید جەلیلی دادەنرێت؛ کاتێک لاریجانی بردی بۆ ڕۆما بۆ ناساندنی وەک بەرپرسی نوێی دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران بە خاڤێر سۆلانا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا. تا ئەو کاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەردەمی ئیدارەی ئەحمەدینەژاددا سێ بڕیارنامەی دژ بە ئێران دەرکردبوو و دوای ئەوە جەلیلی بە سیاسەتە تایبەتەکانی خۆی درێژەی بەو گفتوگۆیانە دا.




**سەعید جەلیلی و کاترین ئاشتۆن (بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا لەو کاتەدا) لە کاتی دانوستانەکانی ئەستەنبووڵ، شوباتی ٢٠١٠**

**دانیشتن بەرامبەر سەرۆکی داهاتووی سی ئای ئەی (C.I.A)**

بە چوونی جەلیلی بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، دانوستانەکانی ئێران و ڕۆژاوا سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی دانوستانەکان بەبێ ئەنجام، دواجار ئەمریکا بۆ ئەو وتوویژانە زیاد دەکرێت. واشنتۆن بڕیار دەدات دیپلۆماتکارێکی بەئەزموون بە ناوی ویلیام بێرنز بەشداری لە دانوستانەکان بکات. بێرنز کە ئەمڕۆ سەرۆکی سی ئای ئەیە، لە کتێبەکەیدا یادەوەریی یەکەم دیداری لەگەڵ سەعید جەلیلی لە مانگی حوزەیرانی 2008دا بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"جەلیلی وتارێکی 45 خولەکیی سەبارەت بە مێژوو و کەلتووری ئێران پێشکەش کرد و تیایدا جەختی لەسەر ڕۆڵی بنیاتنەری ئێران لە ناوچەکەدا کردەوە. لە بەشێکی قسەکانیشیدا باسی لەوە کرد کە لە زانکۆی تاران بە شێوەی گرێبەست وانە دەڵێتەوە. هەر لەوێ بوو هەستم دەکرد بە هیچ شێوەیەک ئیرەیی بە خوێندکارەکانی نابەم."

بێرنز لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، دوای کۆتاییهاتنی دانوستانەکان، لە یاداشتێکی کورتدا کە ئاراستەی کۆندۆلیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو کاتەدا کردبوو، نووسیبووی: "گفتوگۆی پێنج کاتژمێر و نیو لەگەڵ ئێرانییەکان بەڕوونی ئەوەی بیر خستمەوە کە ڕەنگە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە بەشداریمان لە گفتوگۆکاندا نەکردووە، هیچمان لەدەست نەدابێت."

**بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش**

ئەم سیاسەتمەدارە توندڕەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣ بەرپرسی دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران بووە. لەو ساڵانەدا چەندان دانوستان لە جنێڤ، ڕۆما، ڤیەننا، بەغدا، ئەستەنبووڵ، ئەلماتی، مۆسکۆ و ناوچەکانی دیکەی جیهان لە نێوان شاندی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی سەعید جەلیلی و دانوستانکارانی ڕۆژاوا بەڕێوە چوو، بەڵام لە کۆتاییدا هیچیان هیچ دەستکەوتێکیان بەدەست نەهێنا، جگە لەوەی شاندی ئێران دەتوانێت خولی داهاتووی دانوستانەکان دیاری بکات.

جەلیلی لە وتارێکدا لە مانگی ئایاری ٢٠١٣ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا ئەمەی وت: "یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە کە، بۆچی هەمیشە گفتوگۆکان لە جنێڤ و ڤیەننا و نیویۆرک بەڕێوە دەچن؟ بۆچی لە بەغدا و ئەستەنبووڵ و ئەلماتی گفتوگۆمان کرد؟ بۆچی دەبێت سیستەمی سوڵتە (مەبەست ڕۆژاوا و ئەمریکایە) بڕیار بدات کە دانوستانەکان لە کوێ ئەنجام بدرێت؟ لۆژیکی دیالۆگ وا دەخوازێ کە شوێنەکەی لەلایەن لایەنەکانەوە ڕێککەوتنی لەسەر بێت. ئەوان گوتیان مادەم پێشتر گفتوگۆکان لە جنێڤ بووە، پێویستە گفتوگۆکان لەوێ بەردەوام بن، بەڵام منیش وەڵامم دایەوە کە کاتێک بەرپرسێکی وڵاتەکەمان بۆ دیالۆگێکی فرەلایەنی نێودەوڵەتی دێتە ئەوێ و سووتەمەنی بە فڕۆکەکەی نادەن، بۆچی و لەسەر بنەمای چ لۆژیکێك، دەبێ ڕازی بین بچینە ئەوێ و، بۆیە بڕیارمان دا بچینە ئەستەنبووڵ. بۆیە دەبێت لە دانوستانەکاندا ئەم توانا لاوەکییانەیش بەکار بهێنین.

لەو شەش ساڵەی کە جەلیلی بەرپرسی دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران بوو، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ بڕیارنامەی دژ بە ئێران دەرکرد کە دوا بڕیاریان بڕیارنامەی ١٩٢٩ لەژێر فەسڵی حەوتەمی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو؛ ئەو بەشەی کە ڕێگە بە ئەنجومەنی ئاسایش دەدات "کردەوەی سەربازی و مەدەنی بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی" ئەنجام بدات.

**کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار**

ساڵی ٢٠١٣، دوای شەش ساڵ مانەوە لە پۆستی سکرتاریەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، جەلیلی بڕیاری دا خۆی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کاندید بکات؛ کە تێیدا لەلایەن کاندیدەکانی دیکەوە بەهۆی ئەدای لە دانوستانە ئەتۆمییەکان ڕەخنەی لێ گیرا. یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنی ئەو ساڵە، ڕەخنەی عەلی ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری دەرەوە لە حکوومەتی خامنەیی و هاشمی ڕەفسەنجانی و کاندیدی دیکەی ئەو ساڵە بوو، کە لەبارەی دانوستانی ئەتۆمی وتی:

"سەیری کە ئاغای جەلیلی! دیپلۆماسی هۆڵی وتنەوەی وانەی فەلسەفە نییە کە بچیتە ئەوێ و بڵێیت لۆژیکی ئێمە بەهێز بوو و ئەوانیش مەحکووم بوون. ئەوەی خەڵک دەیبینن ئەوەیە کە ئێوە چەند ساڵێکە بەرپرسی دۆسیەی ئەتۆمین و یەک هەنگاوتان بۆ پێشەوە نەناوە و گەمارۆکان ڕۆژانە زیاتر دەبن و گوشار دێتە سەر خەڵك". بێ گومان جەلیلی لە وەڵامدا جەختی لەوە کردەوە کە "لۆژیکی" کۆماری ئیسلامی لە دیالۆگەکاندا باڵاترە و هەر بەم هۆیەیشەوە وڵاتانی ڕۆژاوا وەڵامێکیان نەبووە کە بیخەنە بەردەم ئێران.

جەلیلی لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵەدا سەرکەوتوو نەبوو و بە نزیکەی چوار ملیۆن دەنگ لە پلەی سێیەم کۆتایی بە ڕکابەرایەتییەکە هات. پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، ئەحمەد عەلەمولهودا، ئیمامی جەماعەتی

مەشهەد لە ٢٠١٣، قسەیەکی عەلی خامنەییی سەبارەت بە سەعید جەلیلی گێڕایەوە، کە بەپێی ئەو وتەیە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، چوار ملیۆن دەنگەکەی ئەم سیاسەتمەدارەی بەنرخ وەسف کردووە و بە جەلیلی گوتووە: "ئەم چوار ملیۆنە ئاماژەیە بۆ بوونی جەوهەرێک لەم کۆمەڵگەیەدا".

لە هەمان کاتدا هەوادارانی جەلیلی لێدوانی دیکەی خامنەییيان هێنایەوە، کە بێ گومان نە پشتڕاست کرایەوە و نە لەلایەن هیچ سەرچاوەیەکەوە ڕەت کرایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو کرایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە خامنەیی وتوویەتی کە جەلیلی دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە "داوی تەسبیح"ی ئەو چوار ملیۆن کەسە بێت تاکوو "ئەم حەشیمەتە گەشە بکەن و فراوان بن".

دوای ئەو هەڵبژاردنە، جەلیلی بوو بە یەکێک لە ڕەخنەگرانی جددیی حکوومەتی ڕۆحانی و دانوستانە ئەتۆمییەکان و دواتر ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی □□□□ (JCPOA □ بۆیە زۆر جار لە وتارەکانیدا ڕێککەوتنی ئەتۆمیی بە کارێکی هەڵە وەسف کرد و بە پەیماننامەیەک بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا ناوی برد.

جەلیلی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٧ خۆی کاندید نەکرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ یەکێک بوو لە کاندیدەکان و لە دیبەتەکانی هەڵبژاردنیشدا چەندان جار ڕەخنەی لە ئەدای حکوومەتەکەی ڕۆحانی گرت و باسی پلانەکانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دەکرد. بەڵام "داوی تەسبیح"ەکە دوای کۆتاییهاتنی دوایین دیبەیت، کاتێک بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە ئیبراهیم ڕەئیسی بڕیارە ببێتە سەرۆککۆمار، بە قازانجی ئەو کشایەوە.

**هەڵبژاردنی ٢٠٢٤**

پاش کۆچی دواییی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەعید جەلیلی جارێکی دیکە خۆی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی کاندید کردەوە. لێدوانەکانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ ئەوەی کە لە قۆناغەکانی پێشوودا گوتبووی. جەلیلی کە لەنێو هێزە ڕادیکاڵترەکانی نێو حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا خۆشەویستە، بە پشتبەستن بەو پشتیوانییانە کاندید کرا و سەرەڕای هەوڵی گرووپە بناژۆخوازە جۆراوجۆرەکان، ئامادە نەبوو لە گۆڕەپانەکە پاشەکشە بکات.

لەم نێوەندەدا بەشە جیاجیاکانی ئەو دەستە حکوومییەی کە "قالیباف"یان پێ باشتر بوو، هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی جەلیلی لە بەرژەوەندیی قالیباف بکشێتەوە، بەڵام جەلیلی کە تەنانەت ئامادە نەبوو پۆستێک لە حکوومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی قبووڵ بکات، سەرەڕای ڕاوێژی زۆر و تەنانەت مشتومڕە توند و شاراوە و ئاشکراکانی نێوان هەوادارەکانیان، تا کۆتایی لە گۆڕەپانەکەدا مایەوە.

ئەمە پێنجەمین جارە کە ئەم کەسایەتییە سیاسییە ڕادیکاڵە لە هەڵبژاردنێکدا لە کۆماری ئیسلامیدا کاندید دەکرێت و سێیەمین ئەزموونی ئەو کەسایەتییەیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا. لە دوو هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆکایەتی و دوو جاریش لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووورای ئیسلامیدا، جەلیلی هیچ سەرکەوتنێکی نەبوو و باشترین تۆماری ئەم کاندیدە جەماوەرییەی "بەرەی موقاوەمە" (بە فارسی: جبهه پایداری)، بەدەستهێنانی چوار ملیۆن دەنگ و بەدەستهێنانی پلەی سێیەم بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی 2013 .

ئێستا، ئەم کەسایەتییە توندڕەوە، لەپاڵ مەسعوود پزیشکیان، چۆتە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و، تەنیا هەنگاوێک لە بینای پاستوورەوە دوورە.

**سەرچاوە:**

https://www.radiofarda.com